# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٠٧ ■ هەینی، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٥

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا



پـێـچـەوانـەی ڕوانـگـەکـانـی سـەرۆکـی پژاک، حیزبی دێموکرات بەپێی نەریتی لەمێژینەی خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حیزبی سیاسیی مۆدێڕن لـەسـەر بنەمای خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە، بەردەوام و قوربانیدان لەپێناو گەل و بەها و بایەخە شۆڕشگێڕییەکان چێ دەبێ، نەک سیاسەتی سڕینەوە، چەواشەکاریی مێژوویی، خوێندنەوەی یەکلایەنە و لێدان لە شکۆ و بایەخە نەتەوەییەکان... (٢)



حـیـزبـی دێـمـوکـراتـی کـوردسـتـان لـەسـەر سێ بنەمای خەباتی نەتەوایەتی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دێموکراسیخوازی دامەزراوە و مێژوو شاهیدە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابـردوودا کە حیزبی دێموکرات بە قۆناغی جـۆراوجـۆردا تێپەڕیوە، پابەند بووە بەو سێ بنەمایە و لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە لەهەر قۆناغێکی خەباتدا بەپێی بارودۆخ و ئیمکانی تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی هەریەک لەو بنەمایانە کار بکات... (٣)

## کەلێنی ئۆپۆزیسیۆن و ئیرادەی خەڵک و شەقام

# ئۆپۆزیسیۆنی لاواز و بێستراتیژییە ئێرانی لاواز و ڕووخاوی ڕاگرتوە



## مستەفا هیجری: بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەستکەوتێکی سیاسی بۆ ئەم وڵاتە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیەتی



بەگوێرەی ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەکانی عێراق، ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەم وڵاتە زیاتر لە ٥٥٪ بووە و گوتەبێژی کۆمیسیۆنیش جەختی لەسەر شەفافییەت و ئازادانەبوونی هەڵبژاردنەکان کردۆتەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هاووڵاتییانی کورد بە ڕێژەی بەرچاو چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بەربژێری لایەن و ڕەوتە سیاسییەکانی خۆیان هەڵبژارد.

بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ئەم هەڵبژاردنە لە کەشێکی ئارام و بە چاودێریی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە دۆخی ئێستای ناوچەکە و لە بەستێنی گۆڕانکارییەکاندا، دەستکەوتێکی سیاسی بۆ ئەم وڵاتە و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی هەژمار دەکرێ و لە داهاتووشدا دەتوانێ یارمەتی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕێزگرتن لە بەهاکانی دێموکراسی و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان بکات. بە تایبەتییش هیوادارین لە چوارچێوەی دەستووری حکوومەتی فیدڕاڵی عێراق، هەوڵی زیاتر بۆ چەسپاندنی مافە دەستووری و ئیداری و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت.

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی**

## دوو بڕیاری دیکە لەدژی ئێران دران

بڕیارنامەیەکی نوێیاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومکە لەلایەن ئەمریکا و سێ وڵاتی ئورووپاییەوە ئامادە کرابوو، لە دژی کۆماری ئیسلامی پەسند کرا. لەو بڕیارنامەیەدا داوا لە ئێران کراوە دەسبەجێ پێملی هاوکارییەکانی لەگەڵ ئاژانس بێ و ڕێگە بدا پشکێنەرانی ئاژانس سەردانی بنکە ئەتومییەکانی ئەم وڵاتە بکەن. لەو بڕیارنامەیەدا داوا لە ئێران کراوە لەمەڕ چارەنووسی ٤٠٠ کیلۆ ئۆرانیۆمی سەتا ٦٠ پیتێندراو وەڵامدەر بێ و ڕێگە بدا چاوەدێری بخرێتە سەر بنکە ئەتومییە بۆمبارانکراوەکانی.

لە بڕیارنامەکەدا هاتوە کە ئێران پێبەندی دەروەستییە پادمانییەکانی لەسەر بنەمای بەڵێننامەی پەرەنەدان بە چەکە ئەتومییەکان نەبووە و لە ماوەی ٥ مانگی ڕابردوودا هەموو چالاکییەکی خۆی لە چاوی ئاژانس و چاودێران شاردۆتەوە. پێشتریش ڕافائێل گەڕووسی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانس ئێرانی وریا کردبۆوە بێتوو نەهێڵن پشکێنەرانی ئاژانس سەردانی بنکە ئەتومییەکانی فەردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان بکەن، هەڕەشە و مەترسیی شەڕێکی دیکەیان لەسەر خۆیان دروست کردوە

هاوکات کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی لەسەر پێشلکردنی ڕەها و ئاشکرا و سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران دەرکرد کە لەودا ٧٩ وڵات دژی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستیان گرت. لەو بڕیارنامەیەدا هاتوە کە ئێعدامەکان لە ئێران ئامرازی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی سیاسی و خنکاندنی نارەزایەتییەکانە. ئەو بڕیارنامەیە لە کاتێکدا دەرچووە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا ١٧٠٠ زیندانیی ئێعدام کردوە.

## کۆماری ئیسلامی بۆ نەڕووخاوە؟

لە کاتێکدا پڕۆژە ستراتیژییەکانی ئێران و گرینگترینی ئەوان، واتە بەناو "میحوەری مقاومەت" داڕماوە؛ لە کاتێکدا قەیرانە کەڵەکەبووەکان لە ئێران وەک بۆمبێکی تەقیتکراو لە ئانوساتی تەقینەوەدایە؛ لە کاتێکدا ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی تەریککەوتووتر لە هەموو کاتێکە و نارەزایەتییە گشتییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتیش بەردەم لە پەرەسەندندان؛ بەڵام ڕێژیم هەروا بەهێز دەنوێنێ.

ڕاستە هۆکارێکی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا پێکهاتەیەکی ئەمنییەتی و سەرکوتکەری بەهێزی فرەڕەهەندی دەستنەپارێزی بێبەزییە، بەڵام لاوازی لە ڕێکخستنی گشتیی خەڵک کە هۆکارەکەی بۆ لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن دەگەڕێتەوە هۆکارێکی دیکەی مانەوەی ڕێژیمە. ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش بەربڵاوە، وێژمان و ستراتیژی و ناوەندی سەرکردایەتیی هاوبەشی نیە. هەروەها کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی نانەوەی دووبەرەکی و هەروەها دەرخستنی ئۆپۆزیسیۆنی فەیک ڕێگەی لە دروستبوونی هەرچەشنە یەکگرتوویییەک لەنێو دژبەرانیدا گرتوە.

فاکتەری دەرەکییش سیاسەتی زلهێزەکانی کە لە لایەک ڕووخانی ئێران بە مەترسییەکی چاوەڕواننەکراو دەزانن، لە شەڕی نێوخۆیی و کۆچی میلیۆنیی خەڵکی ئەو وڵاتە نیگەرانن، بۆیە ستراتیژییەکان هەتا ئێستاش کۆنترۆڵکردنی ڕێژیم بووە، نەک گۆڕین و ڕووخاندنی. ئەوە جیا لەوەی لە خراپترین دۆخی گەمارۆکانیشدا ڕێژیم توانیویەتی لە فرۆشتنی نەوتەکەی بەردەوام بێ و ئابووریی ڕانتی-ئەمنییەتیی ڕێژیم ئەو دەرەتانەی بۆ خوڵقاندوە لە لایەنگرەکانی دابین و کۆک و پۆشتە بکا و دەرەقەتی تێچووی پڕۆژە ئەمنییەتییەکانی بێت.


دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆچی؟
عومەر باڵەکی
٣

پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران بەڕێوەیە؟
و: کەماڵ حەسەنپوور
٥

لیبڕاڵیزم و پرسی سەربەخۆیی لە ڕوانگەی «ئالێن بیوکانێن»ەوە
شاڕوخ حەسەنزادە
٧

گوتاری ئایدۆلۆژیک و شێوەی ڕوانینی بۆ چەمکەکان
دیلان هەردی
٨

خۆخۆریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی!
عەلی لەیلاخ
١٠

## ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات

# لەبارەی نێوەرۆکی قسە تازە ئاشکرابووەکانی سەرۆکی پژاک




**خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان!**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند فایلێکی دەنگیی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بڵاو بوونەتەوە کە بووەتە جێگای سەرسووڕمان و تووڕەیی سۆسیالمێدیای کوردی و هاوکات لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی ناچار بە کاردانەوە بەم قسانە کردوە.

ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک لەو قسانەیدا هێرشی بەربڵاو دەکاتە سەر حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکرات و ڕەمز و سیمبولەکانی ئەم حیزبە کە هاوکات بەشی هەرە گرنگ لە ڕەمز و بەها شۆڕشگێڕییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردیشن.

سەرۆکی پژاک لە قسەکانیدا نەک هەر لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیی خۆیانەوە سێرەی لە ڕەسەنایەتیی حیزبی دێموکرات و مێژووی خەباتە پڕشنگدارەکەی گرتوە، بەڵکوو دەریخستوە کە بنەما و فەلسەفەی وجوودیی خۆیان لەسەر دژایەتیی حیزبی دێموکرات و بەها و بایەخە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سڕینەوەی ئەوانیدی ڕۆ ناوە. بۆیەشە بەڕێزیان بە چەواشەکردنی مێژووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوختانکردن و هەروەها بەراوەژوو نیشاندنی ڕاستییەکانی ئەم مێژووە لە سنووری ڕەخنەگرتن تێدەپەڕێ و ئاو لە ئاشی دوژمنانی کورد دەکا. بڵاوبوونەوەی ئەم قسانەش لە کاتێکدایە کە حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانایی و هەوڵەکانی خۆیان بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تەرخان کردوە. ئەگەرچیش دەگوترێت ئەم قسانەی ئەمیر کەریمی هی ساڵانی پێشترن و لە هەلومەرجێکی تایبەتدا کراون، بەوحاڵەش سەرۆکی ئێستای پژاک و ڕاگەیەنەکانیان دەیانتوانی بە دانی ڕوونکردنەوە و دووریکردن لەم بۆچوونانەی پێشتر دەریانبڕیون، بیسەلمێنن کە ئێستا لاپەڕەیەکی نوێیان لە بیرکردنەوە و پێوەندیی خۆیان بەرانبەر حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵداوەتەوە و ئەم جۆرە ڕوانینە چەوتانەیان وەلاناوە.

دیارە پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات قەزاوەت لەسەر قسەکانی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک لەسەر مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات، هەشت دەیە تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانە و دیپلۆماسیی حیزب و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بە خەڵکی کوردستان دەسپێرێ. وەک چۆن دەنگ و ئەکتی سیاسیی خەڵک، وەڵامدانەوە بە بانگەوازەکانی حیزب بۆ مانگرتن و ئەو دروشمانەی لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا بەرز دەبنەوە؛ سەلمێنەری پێگەی مێژوویی و ڕاستەقینەی ئەم حیزبە لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵ وەک ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو شاڵاوی بەلێشاوی قسە چەوت و بێنێوەرۆکەکانی سەرۆکی پژاک بە پێویست دەزانێ:

یەکەم؛ ئەو قسانەی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک دەریدەخا کە ئەو لایەنە لەسەر بنەمای چەواشەکاری، چاندنی ڕق و کین و سڕینەوەی جیابیران، ئەندامان و لایەنگرەکانی پەروەردە دەکا و بەمجۆرە تۆوی دابڕان و شەقارکردن لە هەناوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەچێنێ

دووهەم؛ سەرۆکی پژاک لەبری ئەوەی بناغەی ئایدۆلۆژی و بەناو خەباتەکەی خۆی بە مەنتیقی سیاسی و مێژوویی هەڵشێلێ و لایەنگر و ئەندام بۆ ڕەوتەکەی کۆ بکاتەوە، سیستماتیک پەنا بۆ چەواشەکاریی مێژوویی و پەلاماردان و شکاندنی ڕەمز و سیمبولەکانی حیزبی دێموکرات دەبا کە هاوکات سیمبولی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکە کوردستانیشن. ئەم سیاسەتە لە بەردەوامیی هێرشگەلی بێپرەنسیپانە بۆ سەر مێژووی خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە بەتایبەت لە پێنج دەیەی ڕابردوودا ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی بوون و لەو پێناوەشدا بە هەزاران شەهیدیان داوە؛ قازانجەکەی هەر دەچێتەوە گیرفانی نەیارانی بزووتنەوەی ڕەوای کورد!

سێهەم؛ پێچەوانەی ڕوانگەکانی سەرۆکی پژاک، حیزبی دێموکرات بەپێی نەریتی لەمێژینەی خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حیزبی سیاسیی مۆدێرن لەسەر بنەمای خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە، بەردەوام و قوربانیدان لەپێناو گەل و بەها و بایەخە شۆڕشگێڕییەکان چێ دەبێ، نەک سیاسەتی سڕینەوە، چەواشەکاریی مێژوویی، خوێندنەوەی یەکلایەنە و لێدان لە شکۆ و بایەخە نەتەوەییەکان.

چوارەم؛ حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٨٠ ساڵ تەمەنی پڕ شانازیی خۆی لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕاستە بێ هەڵە و کەموکووڕی نەبووە بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین پێچەوانەی بۆچوونەکانی سەرۆکی پژاک هیچ کەس و حیزب و لایەنێکی سیاسی ناتوانێ خاڵێکی لاواز لە مێژووی ئەو حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە بدۆزێتەوە کە زیانی بە جووڵانەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان گەیاندبێ؛ ئەوەش دەریدەخا کە حیزبی دێموکرات چەندە خاوەنی سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسیی خۆیەتی.


پێنجەم؛ هەوڵدان بۆ خەوشدارکردنی مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات ئەویش لە ڕێگەی هێرش و چەواشەکاری مێژوویەکی تاڵە و نەیارانی حیزبی دێموکرات و زیاتر لە هەمووان کۆماری ئیسلامی تاقییان کردوەتەوە، بەڵام ئەمە بەری خۆر بە بێژینگ گرتن بووە و لەوە هیچ دەسکەوتێکیان پێ نەبڕاوە. حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕەیە لە بارودۆخێکدا کوردستان پتر لە هەر کاتێک پێویستیی بە یەکڕیزی و هاوخەباتییە، تێکدانی هاوپێوەندی و چەتخستنە نێو کاری هاوبەش نەک لە خزمەتی بەرەوپێشبردن و بەئاکامگەیاندنی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نیە؛ بەڵکوو پێچەوانە ڕێک بە دژی ئەم ئامانجە دەخوێندرێتەوە.

شەشەم؛ مێژووی بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد و خەسارناسیی ئەزموونی پێشووی هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش لە تەنیشت ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەتایبەت لە دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەدا پێویستیی ژیانەکیی بە هاوخەباتی و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکان و تەنانەت لەمەش زیاتر پێویستیی بە پێکهاتنی بەرە یا هاوپەیمانییەکی بەرین لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؛ ئەم ئامانجەش بەو نەفەسە بەدی نایە کە ئەمیر کەریمی، سەرۆکی پژاک قسەی پێ دەکا و لە سەری دەڕوا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سپاس لە ئەندامان و لایەنگرانی و هەموو ئەو خاوەن قەڵەم و هزرانەی لەو ماوەیەدا بە زمانێکی خاوێن و مەنتیقی سیاسییەوە داکۆکی و بەرگرییان لە ڕەوایی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکرات و مێژووی خەبات و سیمبول و بایەخە شۆڕشگێڕییەکانی ئەم حیزبە کردوە، داوا لە ڕێبەریی پژاک دەکا بەڕەسمی لەبارەی قسە و لیدوانەکانی ئەمیر کەریمی، سەرۆکی ئەم حیزبە ڕوونکردنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان بدا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی ئیداری**
**١٨ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ (٢٠٢٥/١١/٩)**

# ئازادیی ئەندێشە، قوربانیی هەمیشەیی دەسەڵاتەکانی تاران


هەردی سەلیمی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەپۆلی نوێی دەسبەسەرکردن و گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەتا دوایی کۆمەڵگەی ئێران، ئەم جار بەدیاریکراوی هێرشیان کردووەتە سەر چەندین ڕووناکبیر و نووسەر و توێژەر. "هێمن ڕەحیمی"، نووسەر و وەرگێڕ، "مەهسا ئەسەدوڵڵانژاد"، نووسەر و وەرگێڕ، "شیرین کەریمی"، نووسەر، "پەرویز سداقەت"، نووسەر و توێژەری بواری ئابووری، "محەممەدماڵجوو"، ئابووریزان، "ڕەسووڵ قەنبەری"، توێژەری بواری کۆمەڵایەتی، لەو کەسانەن کەوا هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە هێرشکردن بۆ سەر ماڵەکانیان وێڕای ئەوەی دەستیان بەسەر کەلوپەل و کتێب و موبایل و...دا گرتووە، خۆیشیان دەستبەسەر کردوون.

ئەمە یەکەم جار نییە لە مێژووی وڵاتی ئێراندا نووسەر و توێژەر و وەرگێڕ و بەگشتی توێژی ئاگابەخشی ئەو کۆمەڵگەیە بکەونە بەر پەلاماری داموودەزگا سەرکوتکەرەکان، هەر لە سەد ساڵی ڕابردوودا دەیان نموونە لەبەردەستە، کەسانی وەک: "میرزادەی عیشقی"، "فەڕڕوخیی یەزدی"، "خوسرەو گوڵسورخی"، "سەعید سوڵتانپوور" و... لەو کەسە دیارانەن کەوا بەبۆنەی هزر و پێنووسیانەوە لەلایەن دەسەڵاتە هاوچەرخەکانی ئێرانەوە بەفەرمی زیندانی کراون و گیانیان لێ ئەستێنراوە. ئەمە جگە لەوەیە کە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە زیندان کراون یاخود بە هەموو شێوەکان خراونەتە ژێر گوشار و هەوڵ دراوە زمان و پێنووسیان ببڕن. کۆماری ئیسلامی بەوەش ڕازی نەبووە وێڕای ئەوەی دەیان نووسەر و تەنانەت خوێنەری ڕۆژنامە دژبەرەکانی خۆی لە دەیەی شەستدا ئێعدام کردووە، لە دەیەی حەفتاشدا زنجیرە تیرۆرێکی وەڕێ خست و لە ئاکامی ئەو تیرۆرانەدا چەندین شاعیر و نووسەر و توێژەری بەتوانای وەک: "محەممەد موختاری"، "محەممەدجەعفەر پوویەندە"، "ئەحمەد میرعەلایی" و "حەمید حاجیزادە" و هتدی تیرۆر کرد.

دەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێران هەمیشە هەوڵیان داوە دەست بەسەر بواری زانیاری و ئاگایی کۆمەڵگەدا بگرن، ئەگەر سانسۆریان بۆ لواوە سانسۆریان کردووە، ئەگەر زیندانیکردنیان بۆ لواوە زیندانییان کردووە، ئەگەر پێیان وابووە بە کوشتن دەتوانن کێشەکەیان ببڕنەوە ئەوە دەستیان داوەتە کوشتن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە "کێشە"ی ئاگایی کۆمەڵگە لەسەر خۆیان لابەرن.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی ڕەوایی خۆی لەدەست داوە، لە وێژمانسازیدا تووشی شکست و بێمایەیی بووە، هێرشی کردووەتە سەر ئەو کەسانەی وا دەزانێ لەو هەژاریی وێژمانەی وا بەسەر دەسەڵاتەکەیدا زاڵ بووە ڕۆڵیان هەبووە، بۆیە هیچ هزرێکی ڕەخنەگرانە و زانیاریبەخش و وەئاگاهێنەر تەحەممول ناکات.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور بەبۆنەی دووی نۆڤامبرەوە "ڕۆژی جیهانیی کۆتاییهێنان بە پارێزبەندی لە بەرامبەر تاوانکاری بەدژی ڕۆژنامەنووسان" لیستەیەکی لە دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٥دا بڵاو کردەوە. بە وتەی ئەم ڕێکخراوە ئەو کەس یا دامەزراوانەی وا ناویان لەو لیستەدا هاتووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هێرش دەکەنە سەر ڕۆژنامەنووسیی سەربەخۆ و مافی دەسڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان لە خەڵک زەوت دەکەن و لە شێوازی وەک کوشتن، گرتن، ناوزڕاندن، بانگەشە، گوشاری ئابووری و ئەرتەشی سایبێری کەڵک وەردەگرن. لەم لیستەدا دوژمنانی ئازادیی چاپەمەنی بەسەر پێنج بواردا دابەش کراون کە بریتین لە سیاسەت، ئەمنیەت، ئابووری، یاسا و کۆمەڵگە؛ لە بەشی سیاسەتدا "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی وەک سیاسییەکی دوژمنی ئازادیی چاپەمەنی ناوی هاتووە.

هەرچەند ئەم ڕاستییە نابێتە هۆی ڕسوایی لەوە زیاتری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کەوا کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی سانسۆر و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی زانیاریی ڕاستەقینە دەدات و لە ڕاستیدا ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی دنیایە بۆ ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی دەروەست

دەبێ لەبیرمان بێ ئەم سەرکوتانە تەنیا لە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیاسیدا نابێ قەتیس بکرێن و دەبێ لەو ڕووەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە ئەمە نیشانەیەکە لە شکستی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئەندێشە و هزردا، ئەمە لە ڕیزی گەورەترین هێماکانی سەلمێنەری دۆڕانی ستراکتۆری ئیدئۆلۆژیکیی کۆماری ئیسلامییە، سەرکوت هەرگیز بە واتای ئێقتدار و دەسەڵاتداری نییە، بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە نیشانەی ترس و لاوازییە. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێ ڕەنگە لە کورتماوەدا کپکردنی ئەم دەنگە ناڕازی و ڕوونکەرەوانە بتوانێ کەشێکی ترس بڵاو بکاتەوە، بەڵام بێگومان لە درێژماوەدا ئەوە سەرکوتە شکست دەخوات و ئەوە سەرنێزەکانە دەشکێن و نامێنن، نەک پێنووس و هزر.

# دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆچی؟



عومەر باڵەکی

ماوەیەکە شەپۆلێکی نوێی هێرشی ناڕەوا و بێبنەما دەکرێتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێندێک گروپ و حیزب بە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەک حیزبی کلاسیک و کۆن و کورتبین و ڕاڕا و سەرلێشێواو، دەیانهەوێ ڕۆخسارێکی دزێو و دوور لە ڕاستی لە مێژوو و ئێستای حیزبی دێموکرات پێشانی کۆمەڵگەی کوردستان بدەن و، لەو هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی تێی کەوتوە؛ بەجێگای یەکگرتن ئاو لە ئاشی دوژمنی مافەکانی کورد دەکەن.

پێکهاتنی حیزب و حیزبایەتی یەکێک لە دیاردەکانی سەردەمی گەشەکردنی دونیای مۆدێرنە و، لە سەردەمی ئێستادا لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا حیزب کاریگەرترین کەرەستەیە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و بەڕێوەبردنی وڵات. لە وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکاندا حیزبەکان پێکەوە کێبەرکێ بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی خەڵک دەکەن، بۆ ئەوەی بگەنە لوتکەی دەسەڵات. بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕێگای پڕوپاگەندەی سەرشەقام و گرتنی سیمینار و کۆنفرانس و بڵاوکردنەوەیان لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی وەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تیڤی، هەوڵ دەدەن بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگە بخەنە بەر نەزەری هاووڵاتییانی خۆیان. ئەو حیزبانە لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدەن بە دەنگی خەڵک ڕەقیبەکانی خۆیان لە مەیدانی کێبەرکێ لە مەیدان بەدەر و تووشی شکەستیان بکەن، بۆ ئەوەی خۆیان بگەنە لوتکەی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات و بەرنامەکانی خۆیان بۆ ئاوەدانی و گەشەپێدانی کۆمەڵگە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێ کە هەموو ئەو کار و تێکۆشانە تەبلیغاتی و پڕوپاگەندە لە چوارچێوەی قانووندا دەچێتە پێش و هیچ حیزبێک بۆی نیە ئەو چوارچێوەیە ببەزێنێ و بە مەبەستی سەرکەوتنی خۆی بە هەڵبەستنی درۆ و بۆختان تۆمەتی بێبنەما لە حیزبەکانی دیکە بدا. چونکە ئەگەر شتی وا لەهەر حیزب و تەنانەت کەسانی خاوەنی کورسی دەسەڵات ڕوو بدا، لەسەر سکاڵای حیزبی تۆمەتلێدراو ئەو حیزبە یا کەسایەتییە تووشی لێپێچینەوەی دادگا دەبنەوە و بەپێی ڕادەی سەرپێچی لە قانوون سزا دەدرێن کە، دیارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیکدا ئەو سزادانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێ لەسەر پێگەی جەماوەری ئەو حیزبە کە بە بڕیاری دادگا سزا دراوە.

بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کام لە حیزبە کوردستانییەکان بەئاشکرا ناتوانن حزووریان لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبێ، هەتا لە مەیدانی کێبەرکێ حیزباتیدا دەنگی خەڵک بکرێ بە مەحەک و پێوانەی پێگەی جەماوەری،و یا لە دادگایەکی دادپەروەردا ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرانی شەهید و کادر و پێشمەرگە فیداکارەکانی ئەو حیزبە دەکرێتەوە، بە بەڵگەی مەحکەمەپەسەند و لە چوارچێوەی قانووندا لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە کام حیزب لە خەت و ڕێبازی گەل لای داوە و بۆتە داردەستی لایەنی جۆراوجۆر و پاسەوانی ئایدۆلۆژیای ناسەقامگیر.

دەگوترێ حیزبی دێموکرات، حیزبێکی کلاسیکە، بەو مانایە کۆن و بەڕۆژ نەبۆتەوە، بێ ئەوەی سەرنج بخرێتە سەر مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکرات و قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی ئەو حیزبە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە وەک حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو و سەردەمییانە پێی ناوەتە مەیدانی تێکۆشان. دیاردەکانی وەک دێموکراسی، جمهوری، بڕیاردان لە دیاریکردنی مافی چارەنووس، ئاشناکردنی ژنان بە مافەکانیان، بەربەرەکانی لەگەڵ نەخوێندەواری، دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ توێژی جیاوازی نێو کۆمەڵگە، دامەزراندنی ڕادیۆ و سینەما و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە لایەن شۆڕاکان و گەشەپێدان بە شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگای دروستکردنی هێما نەتەوایەتییەکانی کردۆتە سەر لوحەی کاری خۆی و لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا هەموو ئەو دیاردانە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە و بەپێی هەلومەرجی خەبات بۆ وەدیهاتنیان کاریان بۆ کراوە.

دەگوترێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێبازی حیزبەکەی پێشەوا لای داوە، بەداخەوە ئەوانەی وا دەڵێن بەتەواوی دیارە لە ڕووی ناخۆشەویستییان بۆ حیزبی دێموکراتە، دەنا بۆ جارێکیش بوایە بەرنامە و پێڕەوی حیزبیان دەخوێندەوە کە، بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی کە بەپێی بارودۆخی خەبات لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا تێیدا ڕووی داوە لەو سێ ئەسڵە (خەباتی نەتەوایەتی، خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جێگیرکردنی دێموکراسی) کە بنەمای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لای نەداوە و پێوە پابەندە و لە هەمان کاتدا لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ هەموو کۆنگرەکانی حیزب پێداگریی لەسەر ئەو سێ ئەسڵە کراوەتەوە.

دەگوترێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاڕایە و تەنانەت بوختانی ئەوەی لێ دەدرێ کە بۆتە هۆکاری تێکدانی ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ولە هەمان کاتدا خۆیان بە خاوەنی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دادەنێن. لەودا کە هەر حیزبە ئازادە سەبارەت بە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە و کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕووداو و باسانە بە قازانجی خۆی قسە بکا، بەڵام ئەو قسەکردن و تەبلیغە بە نرخی سڕینەوە و لێدان لە مێژوو و پێگەی جەماوەریی حیزبێکی دیکە زیانبارە و لە هیچ هەلومەرجێکدا بە قازانجی بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵگە نیە. ئەگەر لەو سەردەمەدا لە کوردستان ئیمکانی ئەوە نیە دەزگایەک هەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی ودروستی بابەتەکان، خۆ خەڵکی کوردستان هاوشان لەگەڵ حیزبەکان لە مەیدانی خەباتدان. بۆیە ئەو حیزب و کەسایەتییانە دەبێ لە بیریان بێ کە خەڵک و کۆمەڵگە قەزاوت لەسەر قسەکانی ئەوان دەکا و ڕاستی و دروستیی قسەکانیان هەڵدەسەنگێنی و حوکمی خۆیان لە سەردەدەن و ئەوە خەڵکە لە شوعار و کرداری خۆیاندا پێگە سەنگی حیزبەکان لەنێو کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن. لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەی بەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ومێژووەکەی قسە دەکەن بەداخەوە خۆ لە و ڕاستییە دەبوێرن کە حیزبی دێموکرات لە ئاست پێک هێنانی هیچ هاوپەیمانێک کە بەرژەوەندی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بپارێزی وبۆ وەدەست هێنانەوەی مافی گەلی کورد تێبکۆشی دەمار گرژ نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوەی ڕوانگەی تەکرەوانەی ئەو جۆرە کەسانە هەموو کات ئامادە بووە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێو ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گەورە و بچووکەوە و بە ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە وهیچ لایەکی بۆ هیچ لایەک وەلا نەناوە و هەوڵی داوە هاوپەیمانیەک پێک بێ کە زۆرینەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا بەشدار بن. ئەگەر ئەوە دەبێتە کورتبینی و سەرلێشێواوی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ تەنیا خۆدیتن و خۆبەزلزانی هێندێک لە بەرپرسانی ئەو حیزبانە.

لەو کاتەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوای شەهیدمان دامەزراوە، هەشتا ساڵ تێپەڕ دەبێ و لە ماوەی ئەو هەشتا ساڵەدا بەدەیان حیزب بە ئایدۆلۆژیا و دونیابینیی جیاواز لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستان سەریان هەڵداوە و تەنانەت لە قۆناغێک لە مێژوودا زوو بەخێرایی گەشەیان کردوە، بەڵام لە ماوەیەکی زەمەنیدا چونکە ڕەگ و ڕیشەیان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا نەبووە، لێک هەڵوەشاوەن و




**ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە، هەر لە سەرەتاوە وەک پێویستییەکی مێژوویی بۆ ئەوە پێکهات کە بتوانێ خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا سەرکەوتن درێژە بدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەکی باس کرا لەسەر سێ بنەمای خەباتی نەتەوایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دێموکراسیخوازی دامەزراوە و دەبینین و مێژوو شاهیدە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دێموکرات بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، پابەند بووە بەو سێ بنەمایە و لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە لەهەر قۆناغێکی خەباتدا بەپێی بارودۆخ و ئیمکانی تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی هەریەک لەو بنەمایانە کار بکا**

بوون بە بەشێک لە لاپەڕەکانی مێژوویی حیزبەکانی ئێران و کوردستان. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو ئەو کەند و کۆسپ و دژوارییەکانی سەر ڕێگای، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تەنیا یەک ڕۆژیش خەباتکارانی ئەو حیزبە ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنەداوە. لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوویی خەباتی گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبێکە لەسەر ئەو ڕێبازەی کە دامەزراوە ئەویش دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە، لای نەداوە و لەو ڕێگایەدا خەباتێکی خوێناوی و دژواری بە دژی دوو ڕێژیمی پاشایەتیی و کۆماری ئیسلامی ئێران کردوە و، خاوەنی هەزاران شەهیدی ئەو ڕێبازەیە و لەو دەگمەن حیزبانەیە کە ڕێبەرانی شانبەشانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی و خەڵکی کوردستان لە سەنگەری پێشەوەی خەباتدا بوون و هەن و شاهیدی بۆ ئەو قسەیە شەهید بوونی ٣٥ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبە کە لە مەیدانی خەبات و سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شەهید بوون کە لە نێویاندا سێ شەهیدی سەرکردە "پێشەوا، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی" دەبیندرێن.

ڕەمزی مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەیە کە، هەر لە سەرەتاوە وەک پێویستییەکی مێژوویی بۆ ئەوە پێکهات کە بتوانێ خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا سەرکەوتن درێژە بدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەکی باس کرا لەسەر سێ بنەمای خەباتی نەتەوایەتیی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دێموکراسیخوازی دامەزراوە و دەبینین و مێژوو شاهیدە کە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دێموکرات بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، پابەند بووە بەو سێ بنەمایە و لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە لەهەر قۆناغێکی خەباتدا بەپێی بارودۆخ و ئیمکانی تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی هەریەک لەو بنەمایانە کار بکا. هەربۆیە دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ماوەی هەشتا ساڵ خەباتدا وەفادار بەو ئامانجانە بووە کە، لە سەرەتاوە بۆی دروست بووە. بەڵام هێندێک لەو گرووپانەی بە ناڕەوا هێرش دەکەنە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ماوەی تەمەنی کەمی خۆیاندا بە چەندین جار بنەما فکری و ئایدۆلۆژی خۆیان گۆڕیوە و تەنانەت پشتیان لە مێژووی خۆیان کردوە و، لە حیزبێکی چەپی ئۆرتۆدۆکسەوە بازیان داوەتەوە سەر پرسی نەتەوەیی، ئەویش بەسەقەتی. چونکە لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا گیریان خواردوە، و بەوحاڵە هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان ئەوەیە لەو بوارەدا خۆیان بگەیەنە ئاستی حیزبی دێموکرات و یەکێک لەو ڕێگایانەی گرتوویانەتە بەر بۆ ئەوەی هاوتەرازی حیزبی دێموکرات بن ئەوەیە کە، لە ڕێگای پڕوپاگەندەو تۆمەتی بێبنەما بۆ حیزبی دێموکرات زیان بە پێگەی جەماوەری حیزب لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنن کە بەخاترجەمی لەو کارەدا سەرکەوتوو نابن، چونکە لە ساڵەکانی ٥٨-١٣٥٩ زیاتر لە دوو لەسەر سێی خاکی کوردستان ناوچەی ئازاد کرابوو و بەدەستی هێزی پێشمەرگەوە بوو، هێندێک هێز و لایەنی سیاسیی هەبوون کە بەهەموو توانایانەوە لەنێو خەڵکی کوردستان تەبلیغیان بەدژی حیزبی دێموکرات دەکرد کە، ئەوکات هەوڵی دەدا شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی تارانەوە بەسەر کوردستاندا نەسەپێ و بۆ ئەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانێ لە کەشێکی ئارام دا گەشە بە بواری ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیی خۆی بدا، بەڵام ئەو حیزبانە حیزبی دێموکراتیان بە سازشکار ناو دەبرد و هەموو شەقامەکانی کوردستانیان پڕ کرد بوو لە شوعاری سازشکار مەحکوومە. بەڵام کاتێک شەڕ لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا سەپا، بەشی شێر لە دیفاع و بەربەرەکانی لە بەرانبەر سپای کۆک و پۆشتەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەبەر هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت و خەڵکی کوردستان ئەوەیان بەچاوی خۆیان دەدی و تەنانەت لەگەڵ تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆری زەمەنی لە نەبوونی حزووری مەیدانی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی زۆری دامودەزگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لێکدابڕانی خەڵک و حیزبی دێموکرات تێدا سەرکەوتوو نەبوو و، خەڵکی کوردستان ئەو پەیوەندیی ڕۆحی و ڕەوانییەی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان نەپچڕاند و دەبینین لەسەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ژینادا شەقامەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان پڕ بوون لە دروشمی "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" و لە نەورۆزی خاکیپۆشان پێگەی جەماوەری حیزبی دێموکرات بەئاشکرا خۆی دەرخست و تەنانەت دامودەزگاکان و کەسانی ڕادە باڵایی نێودەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش نەیانتوانی خۆیان لە ئاستی پێگەی جەماوەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەڕ بکەن و دانی پێدانەنێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە هێز لە یەکگرتوویی دایە، بۆیە چ لەسەرەتای دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٣٢٤ بە کۆکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر یەک چەتر و چ لەسەردەمی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، واتە ساڵی ٥٧-١٣٥٨بە پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی تازە دامەزراو لە تاران و چ لەسەردەمی ئێستادا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناوەندیی هاوکاری و ناوەندی دیالۆگی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کاری بۆ ئەو یەکگرتووییە کردوە. بەڵام بەداخەوە لە هەر قۆناغێکدا بەهۆی ڕەقابەتی ناسالمی هێندێک لە حیزب و گروپەکان لەگەڵ حیزبی دێموکرات نەتوانراوە ئەو هاوپەیمانی و یەکگرتوویە پێک بێ، ئەویش تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو حیزب و گرووپانە لە خەیاڵی ئەوەدان بە هەڵبەستنی بۆختان و تۆمەتی بێبنەما پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکەن و، بەو کارە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن، واتە گەورەبوونی خۆیان لە شکانی حیزبی دێموکراتدا دەبینن کە مێژوو سەلماندوویەتی ئەوە تەنیا خەیاڵێکی خاوە و باشتر وایە بەجێگای یەکتر شکاندن هەوڵ بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێو ماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەین.

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥-١٩٩٠)

## (لە قۆناغی ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتەوە هەتا ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی)

– کوێستان نستانی
– د. هۆشمەند عەلی

ڕووخانی کۆماری کوردستان شوێنەواری قووڵی سایکۆلۆژی لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و، ئەم کاریگەرییەش بەڕوونی کاریگەریی لەسەر ژنانی کورد وەک چینێکی نێو کۆمەڵگەی کوردستان دانا، چونکە هەروەک لە پێشووتردا باسمان کردوە تا دوای ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات، ژنانیش هیچ چەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکیان بە شێوەی ئاشکرا نەبووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لە ساڵانی ١٩٤٩- ١٩٥٣ کاتێک چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبووژێتەوە و ڕێکخستنەکانی بەرفراوان دەبێ، بە بەشداریی چەند لاوێک وەک (غەنی بلووریان، عەزیز یوسفی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، عەبدوڵڵا ئەیوبییان و ڕەحیم سوڵتانی و... هتد) ئەم لاوانە لە ناوچەی سیتەک لە باشووری کوردستان گۆڤارێکیان بەناوی (ڕێگا) لەگەڵ چەند بەیاننامەیەک بڵاو دەکەنەوە و لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی نێوخۆیی بەنهێنی دەیگەیەننە نێوخۆی کوردستان و خەڵک بەرەو تێکۆشان هان دەدەن (باوەڕ، ٢٠٢٣، ٥٧؛ مەحموود و ئەوانی تر، ٢٠١٥، ٢٠٧ ).

بەم شێوەیە دوای ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥، لە کێوی قەڵاتە ڕەشی گوندی سەیدئاوای بابی گەورە لە ناوچەی پیرانشار بە بەشداریی پازدە تا بیست کەس، حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم کۆنفڕاسی خۆی پێک دێنێت. لەو کۆنفڕاسەدا هەندێک بڕیاری گرنگ سەبارەت بە کار و ئەرک و چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدرێت. لەو کۆنفڕانسەدا بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی کاری تەشکیلاتی بڕیار دەدرێ تا دەکرێت کارەکان بەشێوەی نهێنی لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بکرێت. (گادانی، ٢٠٠٨، ب ١، ١١١-١١٢).

لێرەدا دەکرێ بگوترێت، ژنانیش وەک ئەندام و لایەنگر بەشێک لەو چین و توێژانە بوون کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە و بۆ دەرخستنی زیاتری ڕۆڵی ژنان لەو ماوەیەدا و نموونەیەکی بەرچاوی ئەو قۆناغە مێژووییە (هێلین خانم) (١) بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، لە ژیانی نهێنیی خەباتی خۆیی لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملوو بە شێوازێک بووە، کە زۆرجار بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بە خۆشاردنەوە لەژێر چارشێوێکی ژنانەدا هەوڵی هێنان و بردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی داوە. ئەو هەر لە درێژەی بیرەوەرییەکانیدا وتویەتی:"کە لە نێوخۆی تاراندا بڵاوکراوەکانم دەگەیاندە کەسانێک کە ئەوانیش لە تاران بەنهێنی دەژیان و خەریکی کاری سیاسی بوون و بێجگە لەو ئەرکەش هەندێک جار پەیام و نامەم هێناوە و بردوە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کاری چاودێری و پاسەوانیشم ئەنجام داوە" (قاسملوو، ٢٠١٤، ١١٥، ١١٦).

بەگوێرەی زانیارییەکان و چاوپێکەوتنەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە، ژنان بە هێنان و بردنی نامە لە نێوان ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەدا، تەنانەت جاری وا هەبووە گواستنەوەی چەکیشی گرتۆتەوە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگە لە کاتی (بۆسەدانانەوە) لەنێو گوندەکان و هاتنی هێزەکانی ڕێژیم و چەندین هەواڵی دیکەی پەیوەندیدار بە پێشمەرگە، یەکێک لە ئەرکەکانی ژنان لە نێوخۆی وڵاتدا بووە کاریان کردوە (فتووحی، ٢٠١٣، ١٢). هەروەک عیسمەت نستانی(٢) دەڵێ:"بێگومان شاهیدی زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەم بووم و ژنان لە ناو کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا بەردەوام دژ بە ڕێژیمی شاهەنشاهی لە تێکۆشاندا بوون و خەباتیان بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام داوە، زۆرجار لە شەقامەکانی نێوشاردا بە دەنگی بەرز گوتوویانە (مرگ بر شاه) واتە مردن بۆ شاە و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان بۆ پشتیوانیکردن لە هاوسەر و باوک و براکانیان بەشدارییان لە شۆڕش کردوە و لە ڕووی دارایی و کاری ڕێکخستنەوە هاوکار بوون"(نستانی، کۆیە،٣٠/ ٦/ ٢٠٢٤).

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی لەسەر دەستی ژمارەیەک لاوی خاوەن هەست و ئازادیخوازی کورد ژیایەوە کە زۆربەیان خاوەن ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتیی کاری ڕێکخراوەیی و ڕاپەڕاندنی چالاکیی نهێنی و لە سەرەتادا جیا لە یەک و بە چەند ناوی جیاوازەوە کەوتنە چالاکی و هاندانی خەڵک دژی ڕێژیم (سەردەشتی، ٢٠١١، ٣٨٥).

لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦-١٩٧٨) لەگەڵ ئەوەی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی تا ڕادەیەک ژیاوەتەوە و لەگەڵ هاتنەپێشی چەند ڕووداوێکی سیاسیی چەکداری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە نموونەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٣و جووڵانەوەی چەکداریی (١٩٦٧-١٩٦٨)ی بەشێک لە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینن هیچ ئاماژەیەک و زانیارییەک بەردەست نیە، تا ئاماژە بە ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو ڕووداوانە بکات.

لە سەروبەندی سەرهەڵدان و خۆپێشاندان و ڕووداوەکانی نێوەڕاستی ساڵی ١٩٧٨و سەرەتای ١٩٧٩، لەو قۆناغەدا، کە یەکەم ڕاپەڕینی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٩٧٨/٦/١٥ لە شاری مەهاباد دەستی پێ کردوە، بەتایبەتی کاتێک لە مەڕاسیمی ناشتنی تەرمی عەزیز یووسفی، کە لە کەرنەڤاڵێکی نەتەوەییدا ناشترا و دروشمی نەتەوەیی لە چوارچێوەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وتراوەتەوە و، بەم شێوەیە دوای خۆپێشاندانەکانی شاری مەهاباد لە زۆربەی شارەکانی دیکە وەک ورمێ، بانە، سنە، نەغەدە، پاوە، سەردەشت، مەریوان و... هتد خۆپێشاندان سەریان هەڵداوە و، لەو خۆپێشاندانانە ژنانیش هاوشان لەگەڵ چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار ببوون لە خۆپێشاندانەکان و دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانییان وتۆتەوە (مەحموود، ٢٠١٢، ٤٧-٤٩).

بەم شێوەیە دوای ئەم قۆناغە و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی گەشانەوە و پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی بوو، چۆن زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست کوردەکانەوە بوو، بەڵام کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران و خومەینی بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی شەڕخوازانەی وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش دوای ئەوەی لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩خومەینی فەرمانی جیهادی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان ڕاگەیاند، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستان کەوتەوە دەست سپای ئێران و بەم شێوەیە شەڕ بە سەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا سەپاوە (مەحموود، ٢٠١٢، ٥٩-٦٠).

لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، حیزبی دێموکرات بە جۆرێک بۆ ماوەی سێ مانگ ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو بۆوە، لەم قۆناغەشدا حیزبی دێموکرات لە ڕووی کاری (سیاسیی و کۆمەڵایەتی) هەوڵی دا کارنامەی کاریی خۆی بە شێوەیەک دابڕێژێت کە ئەندامان و لایەنگرانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریکردن لە خۆپێشاندان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران و ورمێ لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بە دامەزراندنەوە و بەهێزکردنی ڕێکخراوە پیشەییەکان و هاندانی ژنان و کچان بۆ بەشداریکردن لە تێکۆشانی حیزبی و زۆربەی بۆنە و ئەرکە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێوەبردنی چەندین میتینگ و کۆبوونەوەی جەماوەری و بڵاوکردنەوەی تراکت هاوکار بن و کار بکەن (گادانی، ٢٠٠٨، ب ١، ٢٣٨-٢٤٠).

لەو چوارچێوەیەدا، ئەزموونی دووەمی هاتنی ژنان بۆ گۆڕەپانی گشتیی و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوی ژنان، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ١٩٧٩ و دوای شۆڕش، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک ژنانی خوێندەواریش بێنە گۆڕەپانەکە و بەشداریی خۆپێشاندان و کۆبوونەوەکان بکەن و بێگومان پاشخانی سیاسی بنەماڵە لەو کاتەدا کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر بەشداریی ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، تەنانەت بنەماڵەکان لە چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئازادییەکی زۆریان بە کچان و ژنانی نێو بنەماڵەکەیان بەخشیبوو و، ژنانی چالاکی کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بەو بنەماڵانە بوون کە پێشتر لە ڕووی فکرییەوە بە گوتاری ناسیۆنالیستی ئاشنا ببوون (محەممەدی و دیگران، ١٤٠٠، ٣٨٤، ٣٩١).

هەربۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێراندا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شارە جیاوازەکانی وەک (مەهاباد، شنۆ، سەردەشت) بە هاوکاریی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوەتەوە و ژمارەیەک لە ژنانی خوێندەواریش هاتوونە نێو ئەو ڕێکخراوەیە و ئەرکیان وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک و بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و... هتد) بووە و، هەر کەسێک ئەو کارانەشی بکردایە لە لایەن حیزبەوە سزا دەدرا، واتە ئەمەش بە هاوکاری و بەرنامەی حیزبی دێموکرات بووە، ئەم هەڵوێستەش لە لایەن ژنانەوە پێشوازیی باشی لێ کراوە (ستار، ٢٠١٩، ٨٧).

هەروەک عیسمەت نستانی دەڵێ: "دیارە بەهۆی کولتوور و داب و نەریتی سوونەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا ئەوکات کارکردن لەهەر یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاریان تێدا کردوە و بە تایبەت لە ناو حیزبێکدا بۆ ژن نامۆ بووە، هەربۆیە کەمتر ژنان دەهاتنە مەیدان، زۆرینەی ئەو کچان و ژنانەی دەهاتن زۆربەیان کەسێکیان لەنێو حیزبدا بوو یان یاخوود بنەماڵەکەیان لەنێو حیزبدا بوون، بۆیە ڕێژەیەکی کەم لە کچان دەهاتن و ڕێژەی کچان کەم بوو، ئەوکات منیش لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کچ و ژنانەی کارم لەگەڵ دەکردن وەک نەسرین و سۆهەیل حەداد کە باوکیان پێشمەرگە بوو. هەروەها (زیبا شیوەیی و مریەم ئیبراهیمزادە)ش دووی دیکە لەو کچانە بوون کە بەیەکەوە کارمان کردوە" نستانی، کۆیە، ٣٠/ ٦/ ٢٠٢٤).

هەر لەو بارەوە خەدیجە لاهیجانی(٣) وتوویەتی:"بەهۆی باوکم و برایەکمەوە ئاشنای کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم، باوکم وەک فەرماندەیەک لە دەستبەسەرداگرتنی ژاندەرمێریی پیرانشاردا بەشدار بووە، هەروەها سەرپەرشتیی زۆربەی خۆپێشاندانەکانی نێو شاری پیرانشار و ناوچەکانی دەوروبەری کردوە، تەنانەت بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی وەک بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک تراکت و نامە و بڵاوکراوەی حیزبی نێردرامە نێو شاری پیرانشار کە دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانم بەهۆی بینینم بەهۆی جاشێک لەگەڵ خاڵم گیرام و بۆ ماوەی ٣٥ ڕۆژ دەستبەسەر کرام و بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژیش لە ژووری تاکەکەسی دانرام، بەهۆی تەشکیلاتی نێوخۆیی و بنەماڵەکەم و بەتایبەت بنەماڵەی شێخ سەید تەهای گەزگەسک کە هاوکاری باشمان بوون بە زەمانەت ئازاد کرام، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ بەنهێنی لە پیرانشار هاتمە دەرێ و هاتمە نێو شۆڕش و دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی لوقمان مێهفەر کە باوکم و کەس و کاریشم دەیانناسی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا و هاتمە نێو شۆڕش و لەو کاتەوە بەردەوامم" (شەریفی، ١٣٨٨، ٥٩-٦٠).

یەکێکی دیکە لەو ژنانە خورشیدە ڕەسوڵی(٤) دەڵێ: "پەیوەندیی من بە حیزبی دێموکرات بەئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦. ئەوکات بۆ منێک وەک کچ زۆر زەحمەت بوو لە کۆمەڵگەیەکی سوننەتیدا، بەڵام پێش ئەوکاتە و لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نهێنی بوو، واتە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کارم کردوە کە، زیاتر لە کاتی بۆنە و یادەکانی حیزبی دێموکرات وەک ٢٥ی گەلاوێژ یان ڕۆژ و یادی دیکە ئێمە ئەرکمان بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمەکانی حیزبی بوو لەنێو گوندەکانی خۆمان و دەوروبەر و جارجار بۆ نێو شاریش، ئەوکات لەگەڵ چەند کچێکی دیکە کە هەر ئی گوندەکەی خۆمان بوون وەک (مریەم ڕەحمانی، ئایشە ڕەحمانی، عەزیمە عوسمانی و فەوزیە پوورئازەر) هاوکاریی یەکترمان دەکرد و ئەرکەکانمان بەڕێوە دەبردن. یان کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە بەنهێنی دەهاتنە گوندەکان لەهەر بارودۆخێکی نەخوازراو ئاگادارمان دەکردنەوە" (ڕەسووڵی، کۆیە، ٣٠/ ٦/ ٢٠٢٤)




هەروەها چەند ژنێکی دیکە کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماون و لەنێو حیزبی دێموکراتدا ماونەتەوە، لە میانەی گفتوگۆکانیاندا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا زیاتر ئەوە دەخەنە ڕوو، هەروەک خۆنچە فەیزوڵڵایی، خەڵکی بانە وتوویەتی: "لە ساڵی ١٩٧٨ وەک هاوسەری پێشمەرگەیەک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین جار بە بیانووی جیاواز پێداویستیی خواردن و جلوبەرگمان گەیاندۆتە پێشمەرگە و تەنانەت زۆرجار لە ئاواییەکاندا پێشمەرگەکانمان لە کاتی دانانەوەی بۆسە لە لایەن ڕێژیم ئاگادار کردونەتەوە (شەریفی، ٢٠١٢، ٢٩). هەروەها یەکێکی دیکە لەو ژنانە خاتوو "عالیە"یە، خەڵکی گوندی شرکانە لە ناوچەی کرماشان، وتوویەتی: "ڕاستە هاوسەری پێشمەرگەکان بەشێکیان ئەگەر چەکیشیان لە شان نەبووبێ، بەڵام سەختی و زەحمەتی زۆریان بینیوە و هاوکاری باش بوون لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەوە و گرنگە ئەوەش بگوترێت کە ژنانی بۆخۆیان پێشمەرگە بوون و چەکیان هەڵگرتوە و هاوسەردار بوون ئەرکیان زۆر قورستر بووە (شەریفی، ٢٠٠٩، ٤٤، ٤٥).

هەروەها گوڵێ ئیبراهیمی(٥) لەو بارەوە دەڵێ:"ئەوکات و ساڵانی دواتریش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک هاتم بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، هاتن بۆ ڕەگەزی مێ یان من وەک کچێک زۆر سەخت بوو، بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەوکات تەنانەت بنەماڵەی خۆمان دژی ئەوە بوون کچان بێنە نێو ڕیزەکانی حیزب و ببن بە پێشمەرگە، بەڵام لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەک کە هەبووە بەنیسبەت ژنان و کچان هەر لە ڕەوتی خەباتدا بەشدار بووم لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانم، چۆن پێش ئەوە بە شێوەی ئاشکرا بێمە نێو حیزبی دێموکرات، پێشتر وەک ئەندامی حیزبی لە نێوخۆ کارم کردوە، بۆ نموونە: کاتێک پێشمەرگە دەهاتنەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی پێداویستیی وەک جلوبەرگ یان خواردن و خۆراک یان ئاگادارکردنەوەیان لەهەر بارودۆخێکی نەخوازراو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکاریم دەکردن و لە کاتی بۆنەکان و یادەکانی پەیوەست بە حیزبەوە بەشدار دەبووم و تەنانەت کاری ڕێکخستنیشم دەکرد و هەروەها بە دەستی خۆم و شەخسەن چەکم لە گوندەکەی خۆمان ڕا بۆ نێوشاری پیرانشار بردوە و، هەروەها بەهۆی تێکەڵاوبوونم لەگەڵ پێشمەرگەکان و لە گەشتەکانیاندا دەهاتنە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەهاتنە گوندی (پردانان) و زۆرجار پێشمەرگە دەهاتن بۆ ماڵەکانی نێو گوند، کە یەکێک لەو ماڵانەش ماڵی ئێمە بووە لە ڕووی چەک و پێداویستیی جلوبەرگ هاوکاریان بووم" (ئیبراهیمی، کۆیە، ٢٠٢٤/٧/٤).

بەگوێرەی سەرچاوەکان، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣- ١٩٧٩ بەگشتیی نزیکەی (٢٩٦) ژن بوونە قوربانی، بۆیە بەشداریکردنی ژنان لە ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان و لە ڕابەرایەتیکردن و پشتیوانیکردن لە جووڵانەوەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نموونە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیاوازیی ڕەگەزی کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵ و هەوڵدانی ژنان لەو قۆناغەدا نەبووە (ستار، ٢٠١٩، ٨٥) هەروەها جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە یەکێک لە قۆناغی گرنگ و ڕووداوە مێژووییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دابنرێت، کە بووە هۆی گۆڕینی باری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیستەمی حوکمڕانی کردن لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران قۆناغێکی نوێ و گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد سەری هەڵدا (مەحموود، ٢٠١٢، ٢٨) کە لە دوای ئەو قۆناغە ژنان زیاتر لە پێشوو هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت لە بواری چەکدارییشەوە بەشدارییان کردوە.

***

کوردستان
ژمارە: ٩٠٧
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٥

# پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟

## (بەشی سێهەم و کۆتایی، ئێران وەک تورکیە و پاکستان)

فارین ئەفەرز–کەریم سەججادپوور
و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

### ئێران وەک پاکستان

بێتوو داهاتووی ئێران لە دەستی سوپای پاسداراندا بێت، ڕەنگبێ پاکستان زۆرترین وێکچوونی لەگەڵ دۆخێکی ئەوتۆ هەبێت. لە کاتی شۆڕشەوە، کۆماری ئیسلامی وردە وردە لە دەوڵەتی مەلایانەوە بۆ دەوڵەتێکی ئەمنییەتیی ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران گۆڕدراوە. سوپای پاسداران کە لە ١٩٧٩ بە مەبەستی "پاراستنی شۆڕش" لە بەرانبەر کودەتای بیانی، ناڕەزایەتیی نێوخۆ و، ئەگەری خیانەت لە لایەن ئەرتەشی شا لەدایک بوو، لە ماوەی جەنگی ئێران–عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی پێدرا. پاشان، ئەو بەرەو قۆرخکردنی بازرگانی، بەندەرەکان، بیناسازیی، قاچاخچییەتی و میدیا هەنگاوی نا و، بەو شێوە بوو بە حەزیا: بەشێک هێزێکی سەربازی، بەشێکی دیکە پێکهاتەیەکی زەبەلاحی ئابووری و بەشێکیش مەکینەیەکی سیاسی. ئەمڕۆ، سوپای پاسداران چاودێریی بەرنامەی ناوکیی ئێران دەکات، فەرماندەی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی لە سەرانسەری ناوچەیە و، بەشێکی بەرچاوی ئابووری لە قۆرخی ئەو دایە. دەسەڵاتە بەرفراوانەکەی وای کردوە ئەو پەندەی بۆ وەسفی پاکستان بەکار دێت، بە شێوەی پەرەئەستێن ئێرانیش بگرێتەوە: "وڵاتێک نیە خاوەنی سوپایەک، بەڵکوو سوپایەکە خاوەنی وڵاتێک".

نادڵنیاییەکانی خامنەیی دەسەڵاتەکەی بە سوپاوە بەستووەتەوە. داگیرکارییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان و عێراق، بیانووی دا بە سوپای پاسداران بودجەکەی پەرە پێ بدات و بەکرێگیراوەکانی لە دەرەوە تەیار بکات، لە کاتێکدا گەمارۆکان ئەو ڕێکخراوەیەیان بە بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی بەندەرەکان و کردنیانی بە شوێنی قاچاخچییەتی نایاسایی، دەوڵەمەند کرد. بەڵام سوپای پاسداران یەکەیەکی هاوچەشن نیە: ئەو پێک هاتووە لە کارتێلی ڕکابەری یەکتر کە ڕکابەرییەکانی، نێوان جیلەکان، دامەزراوەیی و بازرگانی، لەژێر دەسەڵاتی خامنەییدا سنووردار کراون. مردنەکەی وێدەچێت ببێتە هۆی ئاشکرابوونی ئەو ڕکەبەرییانە.

یەکێک لە سێناریۆکان کە لەویدا سوپای پاسداران لە هێزێکی مەزنەوە ببێتە فەرمانڕەوای ئاشکرا، دەتوانێت ئێزندان بە پشێوی بێت، بەر لەوەی وەک "ڕزگاریدەری وڵات" هەنگاو بنێت. ئەوە دەتوانێ هەمان شێوازی سوپای پاکستان بێت، کە ماوەیەکی دووروودرێژە بە پیشاندانی خۆی وەک پارێزەری یەکپارچەیی وڵات هەم بەرانبەر بە هیندوستان و هەروەها پارچەپارچەبوونی نێوخۆیی، ڕەوایی بە دەسەڵاتەکەی داوە. بۆ سوپای پاسداران، وەها ستراتێژییەک نە تەنیا وەلانانی مەلایان دەخوازێت، بەڵکوو گۆڕینی پرەنسیپەکانی ڕێکخەری خودی دەوڵەتیش لە ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانی. مەلاکان کەلک لە خودا وەردەگرن، سوپای پاسداران دەبێ کەلک لە وڵات وەرگرێت.

بەڵام دەسەڵاتی هەنووکەیی سوپای پاسداران نابێ بە هەڵە بە خۆشەویستیی جەماوەری لێک بدرێتەوە. فەرماندە پلەبەرزەکانی لە لایەن خامنەییەوە دەستچن کراون، بەردەوام دەگۆڕدرێن تا دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر بۆ بوون بە کەسایەتیی سەربەخۆ کۆ نەکەنەوە و، گرێدراوی سەرکوتی بەرفراوان، گەندەڵی و لێنەهاتووین. وەک سیمەک نەمازی، ئێرانییەکی شارۆمەندی ئەمریکا کە هەشت ساڵ لە لایەن ئەو ڕێکخراوەوە بە بارمتە گیرا، پێی گوتم، "ئەمڕۆ ئێران لە تاقمێک مافیای ڕکابەری یەکتر پێکهاتووە، کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران و دەست و پێوەندەکانیدان و، مەزنترین وەفاداریی ئەوان بۆ وڵات، ئایین یان ئایدیۆلۆژی نیە، بەڵکو دەوڵەمەند کردنی خۆیانە."

کوشتنی دەیان فەرماندەی پلەبەرزی سوپای پاسداران لە لایەن ئیسرائیلەوە، لە بنکە ژێرزەوییەکانیان و ژوورە خەوەکانیاندا، لەرزۆکیی ئەو تاقمە و لاوازییەکانی دامەزراوەیەکی ئاشکرا کرد کە وەفاداریی ئایدیۆلۆژیکی وەپێش لێهاتوویی دەدات. بەردەوامبوونی ڕێژیمێکی سوپای پاسداران، بێگومان جیلێکی نوێی ڕێبەران دەخوازێت کە لەوانەی لە لایەن خامنەییەوە پەروەردە کراون کەمتر ویشکەباوەڕ بن و لە جیات ئایدیۆلۆژیی مەلایان توانایی ڕاکێشانی جەماوەریان بە ناسیۆنالیزم هەبێت.

بێتوو سوپای پاسداران ببێتە فەرمانڕەوای ئێران، بەشێکی زۆری بەوە بەستراوەتەوە کە کام ڕێبەر سەر هەڵدەدات. فەرماندەیەک کە هاندەرەکەی ناڕەزایەتی بێت دەتوانێت خۆی وەک پوتینی ئێران جێ بخات، کەسێک کە ناسیۆنالیزم بە ئیسلامیزم بگۆڕێتەوە لە کاتێکدا کە درێژە بە بەربەرەکانی دژی ڕۆژاوا بدات. ئەفسەرێکی پراگماتیست ڕەنگبێ بیرهێنەرەوەی عەبدولفەتاح ئەلسیسیی ئێرانی بێت، لە کاتێکدا کە بەدوای هاوپەیمانیی لەگەڵ ڕۆژاوایە، دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە بپارێزێت، ئەو کارەی سەرۆک کۆماری میسر کردوویەتی. پرسی بەرنامەی ناوکی، پرسێکی سەرەکی دەبێت. ستراتێژیستەکانی سوپای پاسداران لە نووسراوەکانیاندا زۆر جار چارەنووسی سەددام حوسێن و موعەممەر قەزافی کە هەردووکیان بێ چەکی ناوکی ڕووخان، لەگەڵ هی ڕێژیمی کۆرەی باکوور بەراورد دەکەن کە چەکی ناوکیی هەیە و ماوەتەوە. ئێرانێکی ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران بەرەوڕووی هەمان سەرئێشە دەبێت: بۆ مانەوە وەدوای دروستکردنی بۆمبی ناوکی بکەوێت یان بە قازانجی دانپێدانان وازی لێ بێنێت.

وەکوو پاکستان، ئێرانێکی ئەوتۆ دەبێ زۆرتر بە ژەنراڵەکانیەوە، کەسانی ناسیۆنالیست کە حەزیان لە ورووژاندنی هەستی خەڵکەکەیانە و بەردەوام خەریکی سەرسم لێدان لە نێوان بەرەوڕووبوونەوە و سازش لەگەڵ ڕۆژاوان، پێناسە بکرێت تا مەلاکانی.

### ئێران وەک تورکیە

لە ڕووی ڕووبەر، ڕێژەی دانیشتووان، کولتوور و مێژوو، ئێران کەم ئامۆزای هەن وەک تورکیە بن، وڵاتێکی دیکەی گەلێک لەخۆبایی، ناعەرەب و موسڵمان کە مێژوویەکی دووروودرێژی بێمتمانەیی بە زلهێزەکانی هەیە. ئەزموونی تورکیەی ژێر دەسەڵاتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئەگەری بوون بە هاوتەریبی هەیە: هەڵبژاردنێک کە ببێتە هۆی گەیشتنی ڕێبەرێکی خاوەن پێگەی جەماوەریی بە دەسەڵات، لە سەرەتادا چاکسازیی بکات کە بە کەیفی شارۆمەندانی ئاساییە و، پاشان لادان بەرەو سەرەڕۆیی زۆرینە لەژێر دەمامکی زمانی دیموکراسیدا.

بۆ ئەوەی ئێران ڕێچکەیەکی ئەوتۆ بگرێتە بەر، پێویست بە ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی پێکهاتەییە. ناوەندە دەسەڵاتە بیزانتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ناویاندا ڕێبەری گەورە، شورای نیگابان و ئەنجومەنی پسپۆڕان دەبێ هەڵوەشێندرێن، سوپای پاسداران دەبێ تێکەڵی هێزی سەربازیی ئاسایی بکرێت و، ناوەندە بۆشە هەڵبژێردراوەکان دەبێ خاوەن دەسەڵات بکرێن. بێ ئەو پێشمەرجانە، سیاسەتی ڕکەبەریی و بەرپرسیاریی ڕاستەقینە ناتوانن ڕەگ داکوتن. بەڵام، ئێران لە سفرەوە دەست پێ ناکات. وەک زانستوانی کۆمەڵایەتی کیان تاجبەخش بەو ئاکامە گەیشتوە کە دروستکردنی هەزاران شورای شار و شارەوانی وەک دامەزراوەی "دوو ئامانجە بۆ خزمەت بە پەرگالێکی سەرەڕۆ دروست کراون، بەڵام لە ڕوانگەی پێکهاتەییەوە دەتوانن بۆ گواستنەوە بەرەو دیموکراسی کەلکیان لێ وەرگیرێت، بێتوو دەرفەتیان پێ بدرێت." بە کردەوە، ئێرانییەکان ماوەیەکی دووروودرێژ ڕاهێنانی شێوازی دەوڵەتداریی نوێنەرایەتیکەریان پێ کراوە، بێ ئەوەی کەلک لە ناوەرۆکەکەی وەرگرن.

ڕێبەرێکی پۆپولیست دەتوانێ لە هەڵبژاردنێکی کەمێک ئازاددا سەر هەڵبدات. لە وڵاتێکی خاوەن سامانی زەبەلاح و نادادپەروەریی بەربەرین، پۆپولیزم هێزی چەندپاتبووەوە لە سیاسەتی ئێراندا بووە. لە ١٩٧٩، خومەینی لە کاتێکدا دژی شا و پشتیوانە دەرەکییەکانی ڕابوو کە بەڵێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەخۆڕایی، خانووبەرە بۆ هەمووان و دابەشینەوەی سامانی نەوت بەسەر خەڵکی ئاساییدا، لەجیات نوخبەی گەندەڵی دا. جیلێک دواتر، مەحموود ئەحمەدینژاد، کە کەمێک وەک شارەداری تاران ناسرابوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە بەڵێنی "هێنانی داهاتی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک" خۆی بۆ بوون بە سەرۆککۆمار بەربژێر کرد. چ بە هەڵبژاردنی کراوە یان ڕکابەرانە بێت، ئێرانی دوای خامنەیی جارێکی دیکە دەتوانێت شاهیدی سەرهەڵدانی کەسێکی نەناسراوی پۆپولیست بە دروشمی ناسیۆنالیستی و توانایی وروژاندنی تووڕەیی جەماوەریی دژی نوخبە و هەروەها دوژمنانی دەرەکی بێت.

ڕووداوێکی ئەوتۆ ئێران ناگەیێنێتە دیموکراسیی لیبراڵ، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت درێژەدەری دەسەڵاتی مەلایانیش بێت. ئەو ڕەوایی جەماوەریی تێکەڵی دەسەڵاتی ناوەندگەرا دەکات، سامانەکان بە بەرتیل دادەبەشێتەوە و ناسیۆنالیزم لەگەڵ سیمبۆلیزمی ئایینی تێکەڵ دەکات. لە ڕوانگەی بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان، وەها سێناریۆیەک لە درێژەکێشانی حکوومەتی ئایینی و دەسەڵاتداریی سەربازیی باشترە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی تورکیە پیشانی داوە کە پۆپولیزم دەتوانێ دەرگا بۆ سەرەڕۆیی بکاتەوە نەوەک بۆ پلۆرالیزم، شتێک کە پشت بە پشتگیریی جەماوەریی و سندووقی دەنگدان دەبەستێت.

### ژیانی ئاسایی

مێژوو دەخوازێت لە پێشبینیکردنی داهاتوودا خۆبەزلنەزان بین. لە دێسەمبەری ١٩٧٨، تەنیا مانگێک بەر لە ڕۆیشتنی شا، یەکێک لە بەناوبانگترین زانستوانانی ئەمریکا لە بواری ئێراندا، جەیمز بیڵ، لە وتارێکی گۆڤاری فارین ئەفەرزدا نووسی "ئەو ئالترناتیڤەی لە هەمووان زۆرتر ئەگەری وەڕاستگەڕانی هەیە" کە ببێتە جێگرەوەی شا "تاقمێکی پێشکەوتنخوازی چەپ پێکهاتوو لە ئەفسەرە پلە مامناوەندەکانی سوپایە." ئەو پێشبینی کرد کە سێناریۆی دیکە دەتوانێت "جونتایەکی ڕاستڕەوی ئەرتەشی، سیستەمێکی لیبراڵ دیموکراتی هاوشێوەی ڕۆژاوا و دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی بێت." بیڵ نووسی "وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست ناکات لەوە بترسێت کە دەوڵەتی داهاتووی ئێران بە ناچار دوژمنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت." لەوەش سەرنجڕاکێشتر، تەنیا چەند حەوتوو بەر لەوەی مەلاکانی ئێران دەسەڵات بگرنە دەست، بیڵ پێشبینی کرد "ئەوان قەت ڕاستەوخۆ لە پێکهاتە فەرمییەکانی دەوڵەتدا بەشدار نابن." ڕۆشنبیرانی ئێرانیش لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان تووشی هەڵە بوون. چەند حەوتوو بەر لە قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن خومەینییەوە و دەرکردنی بڕیاری ئیعدامی بەکۆمەڵ، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرانی ئێران، فەیلەسوف داریوش شایگان ڕایگەیاند "خومەینی گاندییەکی ئیسلامییە. ئەو تەوەری جووڵانەوەکەمانە."

وەکوو چۆن ١٩٧٩ هەم لە نێوخۆ و هەروەها لە دەرەوە سەرلێشێواویی دروست کرد، ئەگەری ڕوودانی سێناریۆی چاوەڕواننەکراویش هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی ئالترناتیڤ، بەشێک لە ئێرانییەکان چاویان بڕیوەتە ڕەزا پەهلەوی، کوڕی شا کە لە تاراوگە دەژیت، ئەو ناوبانگەکەی تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نۆستالژیی خەڵکی ئاسایی بۆ سەردەمی بەر لە شۆڕش کە بە شێوەی سەرهێڵ پیشانی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە نیو سەدەیە لە دەرەوە دەژی، ئەو پێویستی بە زاڵبوون بەسەر کەمایەسیی نەبوونی ڕێکخراو و هێزی سەرشەقام بۆ سەرکەوتن لەو کێبڕکێ بێبەزەییانەدا هەیە کە پێناسەی گواستنەوە لە سیستەمە سەرەڕۆکانە. ئەگەرێکی دیکە، کە ڕەنگبێ مەزنترین ترسی بەشێکی زۆر لە ئێرانییە نەتەوەپەرستاکان لەنێویاندا تەنانەت نەیارە سەرسەختەکانی ڕێژیمیش بێت، پارچەپارچەبوون بە شێوەی یوگوسلاڤی بە گوێرەی هێڵە ئەتنیکەکانە. کەمینەکانی ئێران دەتوانن لاوازیی دەسەڵات لە ناوەند وەک کرانەوەیەک بۆ سەرهەڵدان و دەرفەتێک بۆ دەستپێکێکی نوێ سەیر بکەن. بەڵام، بە پێچەوانەی یوگوسلاڤی، ئێران ڕەگی لەسەر شوناسێکی گەلێک کۆنتر و یەکگرتووتر دامەزراوە: زیاتر لە ٪٨٠ی ئێرانییەکان فارس و ئازەرین، نزیکەی هەموویان لە زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەش کەڵک وەردەگرن و، تەنانەت تاقمە نافارسەکانیش خۆیان بە وڵاتێک پێناسە دەکەن کە مێژوویەکی بەردەوامی زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵەی هەیە.

لە بنەڕەتدا، جارێکی دیکە ئێران وێدەچێت وڵاتێک بێت بۆ دەستبەسەرداگرتن، بە داهاتووی جۆراجۆرەوە کە دەتوانێت گەلێک لێک جیاواز بێت. وڵاتە یەکگرتووەکان و باقی دنیا لە ئێرانێکی دوای کۆماری ئیسلامی سوود دەبینن کە ڕێنوێنەری لە جیات ویشکەبڕوایی شۆڕشگێڕانە، بەرژەوەندیی نەتەوەیی بێت. وەک هێنری کیسینجێر جارێک ئاماژەی پێ کرد، "کەم وڵات لە دنیادا هەن کە لە ئێران کەمتر هۆی کێشەیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندیی هاوتەریبی هەبێت." لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان و عێراق پشتڕاستییان کردۆتەوە کە نفووزی دەرەکی سنوورداره: تەنانەت وەبەرهێنانی بەربەرینی خوێن و دارایی ناتوانێت ئاکامی سیاسی دیاریی بکات. ڕووسیە تووشی هەمان سنووردارییەکان دەبێتەوە. ڕەنگبێ مۆسکۆ بەردەوامبوونی کۆماری ئیسلامی وەک چقڵی چاوی واشینگتۆن و سەرچاوەی ناسەقامگیریی بۆ بەرزڕاگرتنی نرخی جیهانیی وزەی پێ باشتر بێت. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، مۆسکۆ نەیتوانی پێش بە هەرەسهێنانی ڕێژیمی ئەسەد، بریکارەکەی لە سووریە بگرێت. بەپێچەوانە چین، سوودی گەلێک زۆرتر لە ئێرانێک دەبینێت کە توانایی بوون بە زلهێزێکی وزەی هەیە تا ئێرانێکی هەناردەکاری ناسەقامگیریی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێزە دەرەکییەکان هەرچەند بیانهەوێ هاوسەنگییەکە بگۆڕن، ئێرانی ئەمڕۆ ئەوەندەی هێز هەیە بتوانێ بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەو هەموو شتێکی هەیە کە بتوانێت ببێتە یەکێک لە ئەندامانی G20: دانیشتووانێکی خوێندەوار و خاوەن پەیوەندیی بە دنیای دەرەوە، سامانی سروشتیی زەبەلاح و، شوناسێکی شارستانییانەی خاوەن شانازی. بەڵام، بۆ دیموکراتەکانی ئێران، کەشوهەوای نێودەوڵەتی نەیدەوتوانی لە ئێستا دژوارتر بێت. دەوڵەتانی ڕۆژاوا کە سەرەمێک پاڵپشتی دیموکراسی بوون یارمەتییە داراییەکانیان بڕیوە و سەرقاڵی پاشەکشەی دیموکراسی خۆیانن. وڵاتە یەکگرتووەکان دامەزراوەکانی خۆی، وەک فاندی نەتەوەیی بۆ دیموکراسی و دەنگی ئەمریکا، کە لە بردنەوەی جەنگی ساردا دەوری بەرچاویان گێڕا، کشاندووەتەوە. لەو بۆشاییەدا، ئێران زۆرتر وێدەچێ بەرەو ڕەوتە بەربەینترەکەی جیهانیدا بڕوات کە لەویدا کەسێکی بەهێز بە جەختکردنە سەر پاراستنی نەزم سەر هەڵبدات لە جیات بەڵێنی ئازادی.

بیروڕای زۆرینە ڕەنگبێ گواستنەوەی دەسەڵات لە ئێران دیاری نەکات، بەڵام تا ئەو جێیەی هیواخوازە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن هانای بۆ بەرن، ڕاستییەک ڕوون و ئاشکرایە: ئێرانییەکان تەنیا وەدوای دروشمی بەتاڵ، تاکپەرستی یان تەنانەت ئایدیالە بەرزەکانی دیموکراسیش ناکەون. ئەوەی لە هەموو شتێک زۆرتر هیوای بۆ دەخوازن دەوڵەتێکی باش بەڕێوەچوو و بەرپرسیارە کە بتوانێت شکۆی ئابووری ئەوان بگەڕێنێتەوە و ئیزنیان پێ بدات ژیانێکی ئاساییان هەبێت کە دوور بێت لە زەختی خنکێنەری دەوڵەت کە بڕیار دەدات چ جلوبەرگێک بپۆشن، چاو لە چی بکەن، چۆن ئەویندارییی بکەن، کێ بپەرستن و تەنانەت چ بخۆن و بخۆنەوە.

دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی لەکیسچوونی نیو سەدەی ئێران. لە کاتێکدا کە دراوسێکان لە کەنداوی فارس بوونە کۆگای جیهانیی دارایی، گواستنەوە و تەکنەلۆژی، ئێران سامانەکەی بە مەزنیخوازییەکانی لە ناوچە و بەرنامە ناوکییەکەی بەفیڕۆ داوە کە تەنیا بوونە هۆی تەریککەوتوویی، لە کاتێکدا مەزنترین سامانەکەی، واتە دانیشتووانی سەرکوت دەکات و ژیانیان بەفیڕۆ دەدات. ئەو وڵاتە هێشتا ئەو سامانە سروشتییە و سەرمایە مرۆییەی هەیە کە بتوانێت ببێتە یەکێک لە ئابوورییە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیا. بەڵام تا ئەوکاتەی تاران لە هەڵەکانی وانە وەرنەگرێت و سیاسەتەکانی نەگۆڕێت، ڕێچکەکەی لەجیات نوێبوونەوە بەرەو دابەزین دەبێت. پرسیارەکە ئەوە نیە ئاخۆ ئاڵوگۆڕ ڕوودەدات یان نا، بەڵکو ئاخۆ دەبێتە هۆی هێنانی ئەو بەهارە کە لەمێژە چاوەڕێین یان تەنیا زستانێکی دیکە لەگەڵ خۆی دێنێت؟



**د. قادر وریا:**

# پرسی زمانی ستاندارد ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی یەکگرتوویی نەتەوەییمان دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆییش!

**دیمانە: حەسەن شێخانی**

**ئاماژە: لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی زمان بۆتە بزووتنەوەیەکی کولتووری ـ سیاسی و، ئەم پرسە بۆتە ئاماژەیەک بۆ خۆپێناسەکردن و داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکان. کورد لەم پرسەدا ڕووبەڕووی داگیرکاری لە تەواویەتی خۆیدا بۆتەوە و سیستەمی زاڵی هێناوەتە ژێر پرسیار و تووشی تەنگژەی کردووە. کوردی ڕۆژهەڵات لە پرۆسەیەکی چڕی وەخەبەرهاتنی نەتەوەیی‌دایە و هەموو پێناسە داسەپاوەکانی نەتەوەی زاڵ بۆ خۆی ڕەت دەداتەوە و خۆی پێناسە دەکاتەوە. ئەگەر چاوێک لە تابلۆی زیندوو و پڕجموجۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، زمان و پرسی زمان لەم تابلۆیەدا بەرجەستەن و بەشێکی گەورە و گرینگیی ئاکسیۆن و چالاکییەکان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە و ئەم پرسە بۆتە چەقی کار و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا ڕووناکبیران و نووسەران و شارەزایانی بواری زمان، ڕۆڵێکی گرینگیان لە زیندووکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەم ڕەهەندەی خەبات گێڕاوە و بە نووسینەکانیان بوونەتە ڕێنیشاندەر و، بەرچاوی تاکاکەکانی مافخوازی کوردیان ڕوون کردۆتەوە. یەک لەم کەسە دیارانە، د. قادر وریایە کە وێڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لەم بوارەدا چالاکە و خزمەتی کردووە، تێزێکی دکتۆرای بایەخداریشی پێشکەش کردووە. کتێبی "سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا"، کە تێزی دکتۆراکەیەتی، لەم ماوەیەدا لە کوردستان و ئاڵمان چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم تێزە ڕەشەمەی ٢٠٢٤ لە زانکۆی کۆیە گفتوگۆی زانستی لەسەر کرا و بە پلەی نایاب پەسند کرا. بەبۆنەی چاپی تێزەکەی لە دووتوێی کتێبکدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پێک هێناوە؛ هەم ئاوڕ لە نێوەرۆکی تێزەکەی دەدەینەوە و هەم پرسی زمان و گرینگیی ئەم پرسە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات گەنگەشە دەکەین. بەشی دووهەم و کۆتایی وتووێژەکە ژمارەی داهاتوو دادەنرێ.**



**یەکەم پرسیارمان ئەوەیە کە هۆکاری ئەوەی جەنابت ئەم مژارەتان بۆ تێزەکەتان هەڵبژارد چیە؟ کەڵکەڵەی زەینیی جەنابتان چی بوو و ئاسۆی ڕوانینی جەنابتان چی بوو؟**

هۆی هەڵبژاردنی پرسی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە پرسی زمان نزیکەی سەدەیەکە یەک لە پرسە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە دامەزرانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران کە بناغەکەی لەسەر پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان دامەزرا، نەتەوەی کورد خەباتی بۆ بەڕەسمی ناسینی زمانەکەی کردووە. پێناسەکردنی ئێران وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان لە درێژایی ئەو مێژووەدا وای کردووە زمانە نافارسییەکان، بکەونە پەراوێز، پەروەردە بەو زمانانە کە هەم مافێکی سروشتیی ئاخێوەرانیانە و هەم ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ گەشە و زیندوویی زمانەکە، قەدەغە بکرێت. بەم جۆرە نیگەرانی لە داهاتووی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە گرنگیی پەورەدە بە زمانی کوردی وەک ڕێگایەک بۆ پێشکەوتنی زمانەکە، هاندەری من بوو تێزی دکتۆراکەم تەرخان بکەم بۆ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا. ئەم سیاسەتە زمانییەی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە ئێران زاڵ بووە، لەسەر بناغەیەکی نادادپەروەرانە و زۆردارانە دامەزراوە، بە بێ گۆڕینی ئەو سیاسەتە زمانییە، واتە بێ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی تاکزمانی و بێ ئەوەی زمانە نافارسییەکان بە ڕەسمی بناسرێن، کۆمەڵ و وڵاتی ئێران هەروا بە دەست کێشەی زمانەوە دەناڵێنن.

**بێگومان ئەم مژارە، مژارێکی گرینگ و ڕۆژەڤە، پێم باشە گرینگیی ئەم مژارە بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر شی بکەیەوە و لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێناسەی بکەی.**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەرێکی گەورەی هەیە، چوار پارێزگەی ئێران دەگرێتەوە، وێڕای ئەمەش بە میلیۆن کورد لە دەرەوەی ئەو چوار پارێزگایە، لە خۆراسان و پارێزگاکانی دیکە دەژین. کاتێک باس لە مافی نەتەوەیی و مافە زمانییەکانی کورد لە ئێراندا دەکەین، لە ڕاستیدا باسی مافێکی ڕەوای نزیکەی ١٢ میلیۆن کەس دەکەین.

ڕووبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕووبەری باشووری کوردستان زۆر گەورەترە، ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش، لە ژمارەی دانیشتووانی کورد لە باشووری کوردستان و عێراق، زۆر زیاترە. کورد دەیان ساڵە لە دەستووری عێراقدا وەک نەتەوە ناسراوە و زمانی کوردی لە ئاستی عێراقدا بە ڕەسمی دانی پێدانراوە و لە کوردستانیش زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا زمانی ڕەسمییە، زانکۆ و ئەکادیمیا و دادگا و پارلمان بە کوردی هەیە، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەو نەتەوەیە لە ئێران، لە دراوسێیەتیی باشووری کوردستاندا وەک نەتەوە سەیری ناکرێت، زمانەکەی بەڕەسمی ناناسرێت و ڕێگای ئەوە نادرێت لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بخوێندرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ویستی پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژوویەکی درێژ بە قەرا مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی هاوچەرخی کوردی هەیە، هەر لە پێکهاتنی کۆمەڵەی جیهاندانی و لە دەسپێکی تێکۆشان و خەباتی سمکۆی شکاک، پەروەردە و خوێندن بە کوردی، لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بایەخی پێ دراوە. لە کۆماری کوردستاندا، خوێندنی کوردی هەبووە، لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و زاڵبوونەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە سەر بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پەروەردە بە زمانی کوردی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەڕێوە چووە. لە ماوەی چوار دەیە و نیوی ڕابردوودا، داوای پەوەردە بە زمانی کوردی، هەموو کات یەک لە داوا سەرەکییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی بووە. دەتوانین بڵێین پەروەردە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە بە ویستێکی نەتەوەیی و گشتی.

**ئەم جموجۆڵ و چالاکییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری پرسی زمان شکڵیان گرتووە چۆن دەبینی و هەڵسەنگاندنی جەنابت لەم بوارەدا چیە؟ لایەنە بەهێز و کەمایەسییەکانی ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە چۆن لێک دەدەیەوە؟**

ئەو تێکۆشان و خەباتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردی و ناسنامەی نەتەوەییدا هەن، لەوە فراوانترن کە بە جموجۆڵ ناویان بەرین. لە ڕاستیدا بوون بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی فرەڕەهەند کە دیارە پرسی زمان و ناسنامە، هەوێنی سەرەکیی بزووتنەوەکە و چەقی زۆربەی داواکانییەتی. داکۆکی لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و تێکۆشانی جۆراوجۆر بۆ پاراستنیان، تایبەت نییە بە پارێزگا یان ناوچەیەکی دیاریکراو، تایبەت نییە بە توێژێک لە خەڵک، لە هەموو پارێزگاکاندا هەیە و توێژی جۆراوجۆریش تێیدا بەشدارن. ئەمەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیارییەکی بەرزی نەتەوەیی و زمانییان هەیە. ئەوان دەزانن ئەو سەرکوت و کۆسپانەی لەسەر ڕێی زمانی کوردی هەبوون و هەن، ئەو ڕێگرییەی لە پەروەردە بە زمانی کوردی کراوە و دەکرێت، بووە بە هۆی ئەوە زمانی کوردی ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسیی جۆراوجۆر بێتەوە. بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانە، بە دوو شێوەی سەرەکی خەبات دەکەن: لە لایەک فێربوون و فێرکردنی زمانی کوردی و پاراستنی ئەو زمانەیان کردووە بە ئەرک لەسەر خۆیان، لە لایەکی دیکە هەوڵ دەدەن دەوڵەت و دامودەزگاکانی بخەنە ژێر گوشار بۆ ئەوەی زمانی کوردی بە ڕەسمی بناسن و چی دیکە مافی پەروەردە بەو زمانە لە خەڵکی کوردستان زەوت نەکەن.

من بوونی ئەم بزووتنەوە کولتوورییە ناسنامەپارێزە، بە بەرهەمی وشیاری و تێگەیشتوویی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانم و زۆر بەرز دەینرخێنم. ڕەسەنایەتی، ڕەگاژوویی بزووتنەوەکە و بەردەوامییەکەی، بڕوامەندبوونی بە بایەخە مودێرنەکانی وەک مافی مرۆڤ، یەکسانی، ژینگەپارێزی، دووربوونی لە توندوتیژی، فرەڕەهەندبوونەکەی، گرنگیدانی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن، پەرەپێدانی گیانی نەتەوەیی شانبەشانی ڕێزلێگرتن و پاراستنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵی کوردستان، ئەمانە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو بزووتنەوەیەن. هەر لەم کاتەشدا پێموایە بێ کەموکووڕی نییە. بۆ نموونە هێشتا ڕێژەیەکی زۆری خەڵک هەن کە دوورەپەرێزن و پێویستە بۆ بەشداری و ئەرک گرتنە ئەستۆ لەم بزووتنەوەیەدا هان بدرێن؛ تێکۆشان و چالاکییەکان، خەسڵەتێکی ناوچەییان هەیە، گشتی و سەرانسەری و پێکەوەگرێدراو نین. مەبەستم ئەوەیە سەرجەمیان لە یەک سەرچاوە و ناوەندەوە، ڕێنوێنی و ڕێبەری ناکرێن. دەکرێت ڕێکخراو و ئەنجومەنە مەدەنییەکان بەپێی ئەرک و بەرنامە و ئامانجیان لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی تایبەت بە خۆیاندا، چەترێک بۆ پێکەوەبوون و هاوکاری و هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن. بەتایبەتی ئەو ئەنجومەن و ناوەند و چالاکانەی، زمانی کوردی خەمی سەرەکی و هەرە گرنگی ئەوانە، پێویستە هاوکاری و ڕاوێژ و ئامانج و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی چوارچێوەی سیاسەتێکی زمانیی شیاو و کاریگەر دیاری بکەن و بە هاوفکری لەگەڵ یەکتر پلانی هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی بۆ دابنێن.

**گرینگیدان بە پرسی زمان و خزمەتکردنی زمانی کوردی چەندە دەتوانێ لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەور بگێڕێ؟**

یەکێک لە بەشەکانی ئەم تێزەی من، لەژێر ناوی "زمان و پەروەردە، دەوڵەت-نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت" لەم مەسەلە گرنگە دەدوێت کە پەروەردە چۆن دەتوانێت بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتێکی زمانیی دیاریکراو، نەتەوە دروست بکات. هەر بە نموونە دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، بە زاڵکردنی زمانی فارسی لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا، هەوڵی داوە نەتەوە نافارسەکان لە زمانەکەی خۆیان داببڕێت و هەمووان بکات بە یەک نەتەوە کە ئەو نەتەوەیە، گۆیا نەتەوەی ئێرانە و زمانەکەی فارسییە. مەبەست ئەوەیە دەکرێت بە زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و زمانییەکان بسڕیەوە و نەتەوەیەکی دیاریکراو دروست بکەی، وەک ئەوەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوو دا کردوویەتی. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، دەکرێت نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، بەهۆی ڕەسمیەتدان بە زمانەکەی و دابینکردنی پەروەردە بە زمانی خۆی، سیاسەتی توانەوە لە نێو زمان و ناسنامەی داسەپاودا پووچەڵ بکاتەوە و زمانەکەی خۆی کە یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی نەتەوەبوونییەتی، بپارێزێت و بەم جۆرە بەر بە توانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگرێت.

دیارە لەم تێزەدا داکۆکی لەوە کراوە کە نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد لە وڵاتێکی وەک ئێران، بۆ ئەوەی نەتوێتەوە و مانەوەی خۆی وەک نەتەوەیەک دەستەبەر بکات، پێویستە پێگەیەکی دەستووری بۆ خۆی دابین بکات بە جۆرێک کە هەم پشکێکی کاریگەری لە بەڕێوەبەریی وڵات و دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبێت، هەم بەڕێوەبەرییەکی تایبەت بەخۆی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەکەی، ڕاییکردنی مافە نەتەوەییەکان و بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرزەوی و شار و ناوچەکانی کوردستان و دانیشتووانی، هەبێت. گرنگترین ئەرکیش لەسەر شانی ئەو خۆبەڕێوەبەرییە دەبێت، پەروەردە بە زمانی کوردییە کە پاراستن و گەشەی زمانەکە دەستەبەر دەکات.

**چەندە لەگەڵ ئەم ڕایەی کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا و پێش گەیشتن بە ڕزگاری، پرسی دروستبوونی زمانی ستاندارد یان یەکگرتووی کوردی، لە پلەی دوویەمی گرینگیپێدان‌دایە؟** با پرسیارەکە بەم شێوەیە بێنینە ئارا کە گرینگی‌نەدان بە پرسی دروستکردنی زمانی ستانداراد لە قۆناغی شۆڕشدا، چەندە دەتوانێ زیان بە پرۆسەی نەتەوەسازی و یەکگرتوویی کورد بگەیەنێ؟

ئەمە پرسیارێکی زۆر گرینگە. پرسی زمانی ستاندارد بۆ نەتەوەی کورد، هەستیارییەکی تایبەتی هەیە و ئەگەر بە دووربینی و ژیرانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، لەجیاتی سوودگەیاندن بە یەکگرتوویی نەتەوەییمان، دەتوانێت ببێت بە سەرچاوەی ناکۆکیی نێوخۆیی و لێک دوورکەوتنەوە. هەر کات باس لە زمانی ستاندارد بۆ کورد دەکرێت، پێویستە ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بێت کە ئێمە نەک یەک کوردستان، بەداخەوە چەند کوردستانمان هەیە، واتە لانیکەم چوار پارچەی کوردستانمان هەیە کە هەر یەکەی بە وڵاتێکەوە لکێندراوە، و ڕێژیم و سیستەمێکی سیاسیی جیاواز و بە زۆرییش دژ بە کورد بەسەریاندا زاڵە. جگە لە باشووری کوردستان و عێراق کە بە ڕەسمی دان بە بوونی نەتەوەی کورد و زمانەکەیدا نراوە و لە شێوەی فیدراڵیدا جۆرێک مافی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد بەڕەسمی ناسراوە، لە پارچەکانی دیکە و لە وڵاتانی تورکیا، ئێران و سوریا بە داخەوە نەتەوەی کورد پێگەیەکی دەستووریی نییە و مافە زمانییەکانی دانیان پیدا نەنراوە و بە ڕەسمی نەناسراون.

جگە لەمەش ئەم کوردستانانە لە ڕووی سەردەستبوونی زارێکی زمانی کوردی و پێشینەی بەکارهێنانی دیالێکتێکی زمانی کوردی لە نووسیندا، جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، دیالێکتی کورمانجیی ژووروو هەم ئاخێوەری زیاتری هەیە، هەم پێشینەی نووسینی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی بەو دیالێکتە زیاترە، هەروەها نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لاتین لەو دوو بەشە برەوی هەبووە. بەڵام لە باشوور و ڕۆژهەڵات، دیالێکتی کوردیی نێوەڕاست (کە بە سۆرانی ناسراوە) وەک زمانی ستاندارد هەتا ڕادەیەکی زۆر جێ کەوتووە. چاوەڕوانیی ئەوە کە یەک زمانی ستاندارد لە هەر چوار پارچە جێ بکەوێت و وەربگیرێت، چاوەڕوانییەکی نەگونجاو و دوور لە ڕاستییە؛ چونکە جگە لەوەی هەر یەکێک لەو دیالێکتە کە بوون بە بنچینەی زمانێکی ستاندارد لە دوو بەشی کوردستان، لەبەشەکانی دیکە پێشینەیان نییە و ئاخێوەری کەمتریان هەیە، هاوکات سیستەمی سیاسی و ئیداری و یاسایی و پەروەردەش لەزۆربەی ئەو کوردستانانە بەدەست کوردەوە نین، تا لە ڕێگای ئەوانەوە ئەم زمانە ستانداردەیان بەسەردا فەرز بکرێت.

من پێم باشە بە پلەی یەکەم ئەم دوو ستانداردییە قبووڵ بکەین، هاوکات هاندەری هەر تاکێکی کورد بین کە فێری ئەلفوبێ و خوێندنەوە و تێگەیشتن بە زمانە ستانداردەکەی دیکەش بێت. لە ئاست بڵاوبوونەوەی نووسین و ئەدەبیات بە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی(لە دەرەوەی ئەو زمانە ستانداردە) هەستیار نەبین و دژایەتییان نەکەین و وەک سامانی زمانی کوردی لێیان بڕوانین. تەنانەت لە قۆناغی باخچەی ساوایان و پۆلی یەکەم و دووهەمی سەرەتاییدا، قورسایی پەروەردە بەو زارانە بێت کە منداڵان لە ماڵەوە قسەی پێ دەکەن، لە پۆلەکانی دواتر و قۆناغەکانی سەرتردا، با پەروەردە بە زمانە ستانداردەکە بێت. مەبەستم ئەوەیە جێخستنی زمانی ستاندارد لە کوردستان، پێویستە بە سەرنجدان بە فرەزاریی زمانی کوردی و هەستیاریی ئاخێوەرانی ئەو زارانە و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان، باسی لێ بکرێت و ڕێگای بۆ بدۆزرێتەوە، نەک بە سەپاندن. چونکە ئەگەر بە زۆر و سەپاندن بێت، ئەو جار دەبێتە سەرچاوەی لێک دوورکەوتنەوە و دروستبوونی کەلێنی نەتەوەیی. ئەمەش لە هەلومەرجێکدا کە ئێمە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیداین، بە زیانێکی گەورە بەسەرماندا دەشکێتەوە.

**(درێژەی هەیە)**

# لیبراڵیزم و
# پرسی سەربەخۆیی لە ڕوانگەی "ئالێن بیوکانێن"ەوە



شاروخ حەسەن‌زادە

مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگ و ناسراوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مۆدێرن، کە لە ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (ICCPR) و پەیماننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (ICESCR)دا بە ڕوونی ئاماژەیان پێ کراوە. هەردوو پەیماننامەکە بەئاشکرا دەڵێن: "سەرجەم گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیی خۆیان هەیە. بە هۆی ئەم مافەوە، بە ئازادی دۆخی سیاسییان دیاری دەکەن و بە ئازادی گەشە بە لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان دەدەن." ئەم دانپێدانانە یاساییە بۆ مافی ڕەوای گەلان، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە سەروەریی سیاسی نابێت تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا قەتیس بکرێتەوە. مافی دیاریکردنی چارەنووس هەروەها؛ لە بەستێنی جیلی سێهەمی مافەیلی مرۆڤ کە ڕوانینێکی نوێی بۆ ئەو دەستە لە مافانە هەیە، جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە بە جۆرێک کە وەک مافێکی گشتی و تێکڕایی بۆ مرۆڤایەتی لەبەرچاو گیراوە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە وڵاتانی دژبەری ئەم یاسا نێودەوڵەتییە، پێناسە و ماناکەیان بەپاساوی "جیاییخوازی و یەکپارچەیی خاک" چەواشە کردوە و بەرژەوەندیی بەشێکی دیکە لە وڵاتانیش بووەتە هۆکار کە ئێستا وەک باسێکی مەترسیداریان لێ کردوە!

پرۆفیسۆر "مایکێل ئەکهێرست" لە کتێبی "سەرجەم حقوقی نێودەوڵەتی نوێ" مافی دیاریکردنی چارەنووس ئاوا پێناسە دەکات؛ مافێکە کە بەپێی ئەوە، خەڵکیی نیشتمانێک کاروباری سیاسی و حقوقی ئەو خاکە دیاری دەکەن هەتا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ یان ئەوەیکە وەک بەشێک لە دەوڵەتێکی دیکەیان لێ بێ". فەرهەنگی "پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان"، مافی دیاری کردنی چارەنووس وەک مافێک دەزانێ کە هی گرووپێکی دیاریکراو لەو خەڵکەیە کە خۆیان لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکەنەوە و بەتەواوەتی مافی خۆیانە ئەو نیشتمانەی کە بۆخۆیان دەخوازن و تێیدا دەژین و ئەو حکومەتەی کە بۆخۆیان دەیانهەوێ دابمەزرێنن".

لە کاتێکدا سەدان نەتەوە وەک هێزێکی ڕەوا سوودیان لەم مافە وەرگرتوە و گەیشتوونەتە سەربەخۆیی سیاسی– بەشێکی زۆریان دوای کۆتایی هاتنی سیستەمی کۆلۆنیالیزم –گەلی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەردەوام لەژێر گوشار، داگیرکاری، چەوساندنەوەی سیستماتیک و پێشێلکاریی مافەکانی‌دا ماوەتەوە. لێرەدا بە ڕوانگەی فەیلەسووفی سیاسیی لیبراڵ "ئالێن بیوکانێن".(Allen E. Buchanan) مافی جیابوونەوە وەک "دوا ڕێگەچارە" باس دەکەین، کە ئەمە نەک تەنیا پاساوێکی ناسیونالیستی، بەڵکوو ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسییە بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمی دیکتاتۆرەکان.

فەلسەفەی لیبراڵیزم لە بنەڕەتدا، پێشەنگایەتیی ماف و ئازادیی تاک دەکات و دەوڵەت وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ پاراستنی ئەم مافانە، نەک وەک ئامانجێکی پیرۆز. لێرەدا، پابەندبوون بە دەوڵەت وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت کە هەردوولا (دەستەڵات و خەڵک) پابەند بە مەرجەکانی بن. کاتێک دەوڵەت بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئاشکرا مافە سەرەکییەکانی گرووپێکی گەورەی ئەتنیکی پێشێل دەکات، بەها و بایەخی سەرەکیی لیبراڵی (پاراستنی تاک و ئازادی) لەدەست دەدات و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکە هەڵدەوەشێتەوە. ئالێن بیوکانێن تێزە سەرەکییەکەی لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێنێت کە: جیابوونەوە تەنیا کاتێک پاساوی هەیە کە وەک چارەسەرێک بۆ زوڵم، دابڕان و پێشێلکاریی یاسایی و سیاسیی مافی مرۆڤ بەکار بهێنرێت. ئەم ڕوانگەیە دژی جیابوونەوەی بێ مەرجە، بەڵام هاوکات بە توندی دژی ئەو دەوڵەتانەیە کە مافە نێودەوڵەتییەکان و ڕێسا ئەخلاقییەکان پشتگوێ دەخەن. بیوکانێن لەسەر ئەمە پێداگری دەکات کە گەلێک مافی جیابوونەوەی هەیە کاتێک لەژێر زوڵم و ستەمێکدایە کە نەکرێت بە هیچ شێوازێکی دیکە چارەسەر بکرێت یان بە جۆرێکی دیکە ئەو دەستەڵاتەی گرووپ یان گەلێک دەچەوسێنێتەوە بەهیچ سیراتێک موستەقیم نیە و ئامادە نیە دان بە مافەکانی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا بنێت. ئەمە دەبێتە دوا ڕێگەچارەی ڕزگاریی گرووپە ئەتنیکییەکە. ئەم مەرجانە بە شێوەیەکی بەهێز دەگەڵ دۆخی گەلی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک دەگرنەوە.

ئالێن بیوکانێن، فەیلەسووفی سیاسیی لیبراڵی هاوچەرخ، لە کارە سەرەکییەکەیدا، "جیاییخوازی؛ ئەخلاقی جیابوونەوە لە فۆرت سامتەرەوە هەتا لیتوانی و کەبێک"(١)، تێزێکی ناوازە و بەهێزی دەربارەی جیابوونەوە (سێسێشن) خستووەتەڕوو کە بە تیۆریی "تەنیا مافیی قەرەبووکراو"(٢) ناسراوە. ئەم تیۆرییە دژی ئەو بۆچوونە لیبراڵییە ناسیۆنالیستییانەیە کە دەڵێن هەر گەلێک تەنیا لەبەر ئەوەی دەیەوێت و حەزیی لێیە، مافی ڕەهای جیابوونەوەی هەیە. بیوکانێن ڕەتی دەکاتەوە کە جیابوونەوە ببێتە کارتی بانگەشەیەکی ئاسایی بۆ هەر گرووپێکی نەتەوەیی کە کێشەی دەگەڵ دەوڵەتەکەیدا هەبێت. بەڵکوو، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیابوونەوە تەنیا کاتێک دەبێتە مافێکی ئەخلاقی، سیاسی و یاسایی ڕەوا کە وەک چارەسەرێک بۆ نەهێشتنی نادادپەروەریی سیستەماتیک بەکار بهێنرێت. ئەم تێزە، جیابوونەوە وەک دوا هەنگاو و ئامرازێک بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ پێناسە دەکات، نەک ئامانجێکی سەرەکیی ناسیۆنالیزم. ئالێن لەسەر ئەوە پێداگری دەکاتەوە، گەلێک یان گرووپێکی نەتەوەیی کاتێک مافی ئەخلاقی بۆ جیابوونەوەی هەیە کە لەژێر ستەمێکدایە کە ڕێگەچارەی دیکەی بۆ نیە، بەتایبەتی کاتێک دەستەڵاتی ناوەند ئەم مەرجانەی خوارەوە پێشێل دەکات:

1. پێشێلکردنی سیستماتیک و ئاشکرای مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ: کاتێک دەوڵەت بە شێوەیەکی بەردەوام و بە درێژایی زەمەن مافە سەرەکییەکانی وەک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی کەسایەتیی گرووپەکە پێشێل دەکات و بە زەبروزەنگ و چەوساندنەوە بەرەوڕووی دەبێتەوە. لەم دۆخەدا، پابەندبوون بەو دەوڵەتە دەبێتە پاڵپشتیی زوڵم و ستەم و جیابوونەوە دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی بۆ ڕزگارکردنی تاکەکانی گرووپەکە.

2. نەبوونی نوێنەرایەتیی مانادار و بێبەشکردنی سیاسی: کاتێک گرووپەکە لە پرۆسەی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیارداندا بێبەش دەکرێت. ناوبراو ئاماژە بە چەمکی "ژمارەی مانادار لە دەنگدان" دەکات؛ ئەگەر گرووپێک نەتوانێت بەشدارییەکی کاریگەر لە بەڕێوەبردنی دەستەڵاتدا بکات، ئەوە مافی سیاسیی پێشێل کراوە.

3. داگیرکاریی کولتووری و پێشێلکردنی مافی نەوەی داهاتوو: کاتێک دەوڵەت هەوڵی سڕینەوەی کلتوور، زمان، یان ناسنامەی گرووپەکە دەدات (وەک قەدەغەکردنی زمانی دایک لە خوێندن). ئەمە زیانێکی گەورە بە توانای نەوەی داهاتوو دەگەیەنێت بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان، کە پێچەوانەی بنەما لیبراڵییەکانی ئازادیی کولتوورییە.

بیوکانێن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێش جیابوونەوە، دەبێت گرووپەکە هەموو ڕێگەچارەکانی وەک داخوازی و داوای (وەک چاکسازیی دەستووری، ئۆتۆنۆمی، یان فیدراڵیزم) تاقی کردبێتەوە و سەرکەوتوو نەبووبێت. بەم پێیە، جیابوونەوە تەنیا لەو دۆخە نادادپەروەرانەیەدا پاساوی هەیە کە دەوڵەتەکە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی دێموکراتیک و دان بە مافەکانی گەلەکەدا بنێت. ئەم تیۆرییە، ڕەوایەتییەکی ئەخلاقی و سیاسی بەهێز دەدات بەو گەلانەی کە لە دۆخێکی درێژخایەنی ستەمکاری و بێبەشبوون‌دا دەژین. لەم چوارچێوەیەدا، بۆچوونی "کارڵ پووپەر"، کەسایەتییەکی دیاری قوتابخانەی لیبراڵیش جێی سەرنجە. ناوبراو لە کتێبی بەناوبانگی "کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە؛ هەرچەندە پێویستە هەوڵ بدەین بە شێوەی چاکسازی– یا بە واتای خۆی– "ئەندازیاریی هەنگاو بە هەنگاو" گۆڕانکاریی چاکسازیی پێکهێنین، بەڵام، "ئەگە دەستەڵات بە هیچ کلوجێک ملکەچی گۆڕانکاریی نەبوو و ئامادەی دانپێدانان بە مافە سەرەکییەکان نەبێت، ئەوا منیش بە شۆڕش ڕازیم، تەنیا بەو مەرجەی ئامانجەکە وەدیهێنانی دێموکراسی بێت." ئەمەش دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە کە، لای لیبراڵەکان، داگیرکاری، چەوساندنەوە و زوڵمیی بێ چارەسەر، مافی بەرگریی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی (وەک جیابوونەوە) بۆ قوربانی بە ڕەوا دەزانێت.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، دەستەڵاتی زاڵ بەسەر ئەو جوغرافیایەی کە پێی دەگوترێ ئێران، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵەکانیان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و بێبەشکردنی لە مافە بنەڕەتییەکانیان وەک مافەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان چڕ کردووەتەوە. لەم بەستێنەدا، هەوڵەکان بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە خوێندن و فەرمانگە فەرمییەکان، کە پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆی مافە کولتوورییەکانی ناو پەیماننامەی IC-ESCR ە، نەبوونی نوێنەرایەتیی مانادار لە ناوەندەکانی بڕیاردان و مامەڵەکردن دەگەڵ کورد وەک هاونیشتمانیی پلە دوو، کە یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی ئالێن بۆ ڕەوایەتیدان بە جیابوونەوە، لە سێدارەدان، گرتن و زیندانیکردنی چالاکوانان و بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژی داخوازییە ڕەواکان، شەڕپێفرۆشتن، تیرۆر، هێرشی نیزامی، قەڵاچۆکردنی گوند و ئاواییەکان، ڕفاندن و تاراندن بەشێکی دیکەن لەو زوڵمانەی دەستەڵاتی ناوەندی لەهەمبەر گەلی کورد کردوویەتی کە گشتیان بە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتییە. سەرەڕای ئەم هەموو چەوساندنەوەیە، زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان خوازیاری پێکەوەژیان بوونە لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک، کە لەو سیستەمەدا دان بە مافەکانیان بنێن و شەریک و بەشداری بەڕێوەبردنی حکومەت بن. بۆ ئەو مەبەستە ڕەوتە سیاسییەکانی کورد لە درووشمەکانیاندا یان بە واتایەکی دیکە لە داخوازییەکانیاندا لە چەندین قۆناغی جۆربەجۆر، داوای خۆبەڕێوەبەری، خودموختاری و فیدراڵیان کردوە بەڵام هیچکات نەک هەر وڵامێکی ئەرێنی بۆ ئەم داخوازییە ڕەوایانە نەدراوەتەوە بەڵکوو بەردەوام بە ئاگر و ئاسن و فیشەک و تۆپ و مووشەک وڵامی ئاشتی و دانوستاند و داخوازییەکانیان دراوەتەوە. کەواتە کاتێک دەستەڵاتی ناوەند بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە پرسی کورد چارەسەر بکات و، پێشێلکارییەکان بەردەوام پاتە دەبنەوە و هەموو ڕێگەکانی چاکسازیی ناوخۆیی دەگەنە بۆنبەست، لێرەدا، وەک بیوکانێن دەڵێت: جیابوونەوە دەبێتە ئەمرێکی یاسایی، ئەخلاقی و مرۆیی بۆ ڕزگارکردنی گەل لە ژێر ئەو هەموو چەوساندنەوە و ستەمکارییە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، چەندین نموونە هەن کە لەو ماف و یاسایە چ بە خۆشی یان بە ناخۆشی کەڵکیان وەرگرتووە. بۆ میناک لە ساڵی ١٩٩٣، دوو نەتەوەی چێک و سلۆواکیا بە ڕێککەوتن و ئاشتیانە جیابوونەوە و ئێستا وەک دوو دەوڵەتی سەربەخۆ و سەقامگیر لە یەکێتیی ئەورووپادا ژیان دەکەن. ئەمە دەریدەخات کە جیابوونەوەی دروست نەک تەنیا نابێتە مایەی مەرگەساتی گەورە بەڵکوو بووەتە هۆی دامەزراندن و مافیی دوو نەتەوەی جیاواز کە دەتوانن لە دوو نیشتماندا ئاشتییانە لە پەنا یەکتر بژین. ئێریترەش دوای شەڕێکی درێژخایەن دەگەڵ ئێتیۆپی سەربەخۆیی وەرگرت. جیابوونەوەی ئێریترە بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەک چارەسەرێک بۆ ستەمکاری و بێبەشکردنی مافەکان قبووڵ کرا. یان جیابوونەوەی کۆسۆڤۆ لە سێربێستان، سەرەڕای نکۆڵیکردنی ئەم مافە لەلایەن وڵاتی سێربیاوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتانەوە دانپێدانرا، بەپێی ئەو بنەمایەی کە سیستەمی سێرب بە شێوەیەکی سیستماتیک مافەکانی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆی پێشێل دەکرد. ئەم نموونانە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە تایبەت کاتێک وەک "چارەسەرێک" بۆ پێشێلکارییەکی گەورە بەکار دەهێنرێت، دەبێتە ئامرازێکی ڕەوای یاسایی و سیاسی و دەکرێ ببێتە مایەی ئاشتی و سەقامگیری درێژخایەن.

لێکدانەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەپێی تیۆریی لیبراڵیزمی هاوچەرخ و تێزی "تەنیا مافیی قەرەبووکراو"ی بیوکانێن، پشتگیرییەکی بەهێز بۆ مافی ئەخلاقی و سیاسیی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکات. لە حاڵەتێکدا کە ڕێژیمی سیاسیی حوکمڕان بە شێوازی جۆراوجۆریی چڕ و نەرم بەردەوام بێت لە هەوڵ دان بۆ سڕینەوەی شوناس و ناسنامە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی هەموو داخوازییەکی چاکسازی‌خوازانە و پێکەوەژیانی ئازاد و دێموکراتیک؛ ویستیی سەربەخۆیی دەبێتە تەنیا ڕێگەچارەیەک بۆ گەلی کورد لەو جوغرافیایە. ئەم داواکارییە نەک تەنیا لەسەر بنەمای خواستێکی نەتەوەیی دامەزراوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای پێداگریی ئەخلاقی و یاسایی وەستاوە بۆ پاراستنی مافی ژیان و ئازادیی تاک وەک بایەخە هەرە گرنگەکانی لیبرالیزم. جیابوونەوە لەم چوارچێوەیەدا، دەبێتە دوا هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە بتوانێت بە تەواوی ڕێز لە بەها لیبراڵییەکان بگرێت و مافە بنەڕەتییەکانی هاونیشتمانیانی بپارێزێت.

***


1. Separatism: The Ethics of Political Divorce from Fort Sumter to Lithuania and Quebec.1991
2. Remedial Right Only



**فەلسەفەی لیبراڵیزم لە بنەڕەتدا، پێشەنگایەتیی ماف و ئازادیی تاک دەکات و دەوڵەت وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ پاراستنی ئەم مافانە، نەک وەک ئامانجێکی پیرۆز. لێرەدا، پابەندبوون بە دەوڵەت وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت کە هەردوولا (دەستەڵات و خەڵک) پابەند بە مەرجەکانی بن. کاتێک دەوڵەت بە شێوەیەکی سیستماتیک و ئاشکرا مافە سەرەکییەکانی گرووپێکی گەورەی ئەتنیکی پێشێل دەکات، بەها و بایەخی سەرەکیی لیبراڵی (پاراستنی تاک و ئازادی) لەدەست دەدات و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکە هەڵدەوەشێتەوە**

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا زۆر ڕۆڵـەی قـارەمـان لـە ڕیـزی پێشمەرگەکانی کوردستاندا بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەیان و بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتوونەتە گۆڕەپان و بە هەزاران داستانی پڕ لە سەروەری و ئازایەتی، فیداکاری و لەخۆبوردووییان تۆمار کردوە. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارە باس لە ژیانی فەرماندەیەکە کە سەرانسەری ژیانی دەرد و ڕەنج و کوێرەوەری بوو، بەڵام هەرگیز لە ژیانیدا نەبەزی و بگرە ئازایانە بەسەر کۆسپەکانی ژیاندا زاڵ بوو. ئەم فەرماندەیە شەهید حەمەدەمینی سۆفی‌پوور لە ناوچەی سنەیە.

محەممەدئەمین سـۆفـی‌پـوور سـاڵی ١٣٢٣ لـە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە شاری سنە چاوی بە جیهان پشکووت. منداڵ بوو بابی لە دەست دا و پاش مردنی بابی ناچار بوو بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی و خەرجی خوێندنی کار بکا و بۆ وەدەستهێنانی کار ئەم شار و ئەو شار بکا. لە هەڕەتی چوونە قوتابخانەدا نەداری ڕێگای نەدەدا حەمەدەمینی مێرمنداڵ سـەرەڕای هۆگرییەکی زۆری بە خوێندن، درێژە بە خوێندن بدا و ناچار بوو هەر بە سەوادی خوێندنەوە و نووسین ڕازی بێ.

حەمەدەمین لە منداڵیەوە هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە دەروونـیدا ڕەگـی داکوتـا، بۆیە زەبروزەنگی ڕێژیمی بێزراوی پەهلەوی کاری کردە سەر ناخی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێ هێشت بۆوەی خۆی بگەیەنێتە پێشمەرگە قارەمانەکانی لە باشووری کوردستان، بەڵام لە سنوور گیرا و تەحویلی ڕێژیمی شا درا و کە دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕێژیمی کۆنەپەرستی پەهلەوی حەمەدەمینی ڕەوانەی سەربازی کرد. لە پادگاندا ئەو شەهیدە دژی ئەو ئەفسەر و دەرەجەدارە بەکرێگیراوانە دەجووڵایەوە کە زوڵمیان لە سەربازەکان دەکرد. حەمەدەمین سۆفی پوور پاش تەواوکردنی ماوەی سەربازی دەستی بە کرێکاری کرد و ژیانی هاوبەشی پێک هێنا.

لە قۆناغی نوێی ژیانیدا حەمەدەمین سرەوتنی نەبوو. فکری خەبات و بەربەرەکانی دژی ڕێژیم هەمیشە مێشک و بیری بەخۆیەوە خەریک کردبوو. هەر بۆیە کاتێک ئاگری شۆڕشی گەلانی ئێران هەڵگیرسا، حەمەدەمینی سۆفی‌پوور بۆ بەتینکردنی ئەو ئاگرە و، داگرتنی هەموو لایەک بە نۆرەی خۆی هەوڵی دا و، لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پەهلەویدا بەشداری کرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕش هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی دیموکرات و چالاکانە بۆ بردنەپێشی سیاسەتی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا تێدەکۆشا. لە شەڕی داسەپاوی ساڵی ٥٨ی سنەدا، شەهید حەمەدەمین دەستی بە ڕێکوپێککردنی پێشمەرگەکان کردو فەرماندەریی پێشمەرگەکانی شاری سنەی گرتە ئەستۆ. دلێری و قارەمانیی حەمەدەمینی شەهید لە شەڕەکانی نێو شارەکانی سنەدا، بوو بە هۆی ئەوە سەرنجی خەڵک بۆ لای حیزبی دیموکرات ڕاکێشێ و دوای ئەوەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی، بە تەواوی هێزیەوە شاری سنەی کوتا، شەهید حەمەدەمین لە شار نەچۆوە دەر و هەروا خەریکی پێکهێنانی هەستەکانی نیزامی بوو. ئەو لە هەموو دەرفەتێک بۆ وەشاندی زەبری گورچوبڕ لە دوژمنی فاشیست و کۆنەپەرست کەلکی وەردەگـرت. لـە بەفرانباری ساڵی ٥٨دا کاتێک جاش و پاسدارەکان هێرشی دڕندانەی خۆیان بۆ سەر کامیاران دەست پێ کرد، فەرماندەی قارەمان حەمەدەمینی سۆفی‌پوور لەگەڵ لکەکەی ڕەوانەی ناوچەی کامیاران کرا و لەوێش بە زەبری دوژمن‌شکێنی خۆی دوژمنی وەلەرزە خست و زەبری زۆر کاریگەری لە دوژمن وەشاند.

لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ٥٩دا کە هجوومی دووبارەی ڕێژیمی کۆنە ەرستان بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کرد و شاری سنە بۆ ماوەی مانگێک کەوتە بەر ئاگری تۆپ و خومپارەی دوژمن، شەهید حەمەدەمینی سۆفی‌پوور وێرای خەڵکی قارەمانی سنە، ئازایەتی و لەخۆبووردوویان نواند و دوژمنیان وەلەرزین خست. لە هەموو کۆڵانەکان و شەقامەکانی شاردا حەمەدەمینی پێشمەرگەی حیزب، ڕۆڵەی بەجەرگ و ئازای گەلەکەمان لە سەنگەری یەکەمدا بوو. ناوی ئەو بۆ هەموو پێشمەرگەکان و خەڵکی خۆڕاگری سنە ناوێکی ئاشنا و لەسەر زار و زمانان بوو، چونکە لەهەر جێگایەک هێرشی کردبایە سەر دوژمن تێکی دەشکاندن. کاتێک پێشمەرگە قارەمانەکان لە بەر ئاگری بێ‌ئامانی دوژمنی دژی گەلی و بۆ پێشگرتن لە کۆشتاری خەڵکی بێدیفاع شاریان بەجێ هێشت، حەمەدەمین بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک بەڵام ورەیەکی پۆڵایین لەگەڵ هاوسەنگەرانی شاری بەجێ هێشت و چیا بەرزەکانی کردە سەنگەری دیفاع لە گیان و کەرامەتی گەلەکەی و لەوێش هەدای نەدا و ئاوری لەسەر پشتی دوژمن دەکردەوە.

سەرئەنجام ڕۆژی ١٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٥٩ کاتێک ستوونێکی نیزامی لە هێزە دژە گەلییەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر ناوچەی باینچوو، شەهید حەمەدەمین لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان پێشی بەو ستوونە گرت و بە زەبری کاریی خۆی توانی ستوونەکە تێک‌بشکێنێ. لە حاڵێکدا شەهید حەمەدەمین سۆفی‌پوور بۆ لەنێوبردنی یەکجاریی ستوونەکە دەچووە پێش، لەنەکاو بەکرێگیراوێکی ڕێژیم دڵی پڕ لە خۆشەویستی حەمەدەمینی دایە بەر گوللە و خوێنی گەشی ڕشتە سەرخ اکی پیرۆزی نیشتمان. حەمەدەمین سۆفی‌پوور و بەسەرهاتی ئەو قارەمانە ئیلهامدەری سەدان و هەزاران ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە بوو کە ڕیزەکانی خەبات و پێشمەرگایەتییان گرتەبەر.

یادی هەرمان و سەنگەری خەباتی ئاوەدان.

# گوتاری ئایدۆلۆژیک و شێوەی ڕوانینی بۆ چەمکەکان





دیلان هەردی

ئایدۆلۆژیا زۆری لەسەر گوتراوە و نووسراوە، بەڵام هێشتاش بابەتێکی جێی مشتومڕە، چونکە هەروا لە جیهاندا ڕۆڵ دەگێڕێ. چەمکی ئایدۆلۆژیا وەکـوو زۆربــەی چەمـکەکان بـە مـێژوویـەکدا تێپەڕیوە. خودی چەمکەکە لە ساڵی ١٧٩٦ی زایینی لە لایەن زانایەکی فەڕانسی بەناوی ئانتوان دێستود د-تـراسی داهێنراوە و هـەروەک چلۆن چەمکی سۆسیۆلۆژی بۆ زانستی کۆمەڵایەتی کەڵکی لێ وەردەگیرێ و بیۆلۆژی بۆ زانستی زیندەوەران، ئایدۆلۆژیش بۆ زانستی ئایدییەکان کەڵکی لێ وەردەگیرا. کارڵ مارکس پێناسەیەکی دیکەی بە چەمکی ئایدۆلۆژیا دا. ئەو ئایدۆلۆژیای وەکوو وەهـم پێناسە کرد و پێی وابـوو کە ئایدۆلۆژیا چەمکێکی بێلایـەن نییە، بـەڵکوو سیستەمێکی باوەڕە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینێکی تایبەت دەکا و تێگەیشتنی هەڵە لە واقعی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست دەکا. ئایدۆلۆژیا ئامرازێکی کردەییە و لە کۆمەڵێک ئایدیا و ئەفسانە و گێڕانەوە پێکهاتووە کە بە ڕێکخستنی خەیاڵ و زەینی تاکەکان، ئاراستەیان دەکا. لەو ڕوویـەوە، ئایدۆلۆژی پێکهاتەیەکە کە تاکەکان وەکوو کەرەستە لێ دەکـا، چونکە خۆی وەکـوو جیهانبینییەک بە سەریدا دەسەپێنێ و تاک لە "خۆ"ی ڕاستەقینە نامۆ و جیا دەکاتەوە تا دۆخی خوازراوی خۆی وەکوو نەزمێکی سروشتی و هەتاهەتایی ڕابگرێ. مارکس ئایدۆلۆژیا وەکوو هەموو ئەو بیر و ئەندێشانە ئەژمار دەکا کە بەر لە تێگەیشتنی زانستی لە جیهان هەبوون. لەو ڕوانگەیەوە، مارکس ئایدۆلۆژیا ڕەد دەکاتەوە.

ماکس وێبێر پێی وایە دەسەڵات لە کۆمەڵگەی سەردەمدا ناتوانێ تەنیا لە ڕێگەی هێزەوە بێ، بەڵکوو بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە ڕەواییە، کە ئایدۆلۆژی وەکوو ئامرازێکی ڕەوایی‌بەخشین و پاساودەری دەسەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرێ. واتە، ئایدۆلۆژیا بریتییە لە تـەواوی ئەو پڕەنسیپانەی کە ئەکتەرێکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی و تەیارکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە کەڵکیان لێ وەردەگـرێ تا سیستەمێکی کۆنکرێتی بـاوەڕی پێ دروست بکا، گرنگ نییە چەندە دژەواقع بێ. ئایدۆلۆژی بەرچاوەکی و ئۆبژێکتیڤ نییە، بەڵام ئەو کەسەی بڕوای پێیە، وا دەزانێ نزیکە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیهەوێ وەدەستیان بێنێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینێکی "مانیشێنی" و دووفاقێتی.

زۆربەی ئایدۆلۆژییەکان خوازیاری دامەزراندنی سیستەمێکی تـەواوخـوازن کە ئەو چوار پێوەرە سەرەکییەی تێدا بێ:ڕەتکردنـەوەی کاریگەریی دەرەکـی، کۆنتڕۆڵکردنی گەیشتنی زانـیاری بە خەڵک،ڕەتکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆن وڕێگەنەدان بەڕای جیاواز، کۆنتڕۆڵی خوێندن و پەروەردەکردن. هانا ئارێنت پێی وایە، زاتی ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژی لە تەواوخوازییەکەی‌دایە کە هەوڵ دەدا مرۆڤبوون لە مرۆڤ داببڕێ. ئایدۆلۆژیا بە پشتبەستن بە یەک ئایدیا، گێڕانەوەیەکی جیاواز لە ڕابردوو پێشکەش دەکا کە وا دەکا مرۆڤی ئایدۆلۆژیک ڕابردوو لە ڕوانگەی ئەو ئایدیایەوە بگێڕێتەوە، واتە، "ئێستا" لە ڕوانگەی ئەو ئایدیایەوە بناسێ و داهاتووش لە ڕوانگـەی ئەو ئایدیایەوە پێشبینی بکا. کارڵ ژاسپێر، فەیلەسووف و دەروونناسی ئەڵمانی دەڵێ:

"ئایدۆلۆژی لە کۆمەڵێک ئایدیای ئاڵۆز پێکهاتووە کە لێکدانەوەی جیهان یان بارودۆخی خۆی دەکا و بە پێش چاوی سوژەکەیدا تێدەپەڕێ و وای تێدەگەیەنێ کە هەقیقەتی تـەواوە، بەڵام لە شێوەی وەهمێک کە هەر خۆی تەئیدی دەکا، تەنیا بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی".

زمان بەپیتترین زەویـە بۆ ئایدۆلۆژیا بۆ ئەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکا. ئۆلیڤیێ ڕۆبۆل پێی وایە، ئایدۆلۆژیا نەک هەر چۆنیەتیی ئاخاوتنمان دیاری دەکات، بەڵکوو واتای وتەکانیش دیاری دەکات. لەو چوارچێوەیەدا، ژاک ئێلول ئایدۆلۆژیا وەکوو کۆمەڵێک بیرۆکە و باوەڕ ئەژمار دەکا. نەک بیرۆکە بە تەنیا، یان باوەڕ بە تەنیا، بەڵکوو باوەڕگەلێک کە لە هەندێک بیرۆکە گرێ دراون. بیرۆکەگەلێک کە خۆراک بە هەندێک باوەڕ دەدەن. ئایدۆلۆژیا وەکوو کۆدێکی نادیار بۆ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێک خەڵک کار دەکـا، کۆدێک کە ڕێگە بـەو پێکهاتەیە دەدا خۆی دەربڕێ، پاساو بۆ کردەوەکانی وەک شەڕ بهێنێتەوە و لە دەوری پڕۆژەیەکی هاوبەش کۆ ببێتەوە. بەپێچەوانەی تیۆرییە زانستییەکان کە بـەدوای ڕاستیدا دەگـەڕێن و دەبێ کڕنۆش بۆ ڕاستییەکان ببەن، ئایدۆلۆژیاکان بۆ سەرکەوتن شەڕ دەکـەن؛ واتـە نەتەنیا هـەوڵ دەدەن لە ڕێگەی بەڵگەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی زۆرەملێشەوە خۆیان بسەپێنن، ئەوەش لە شاردنەوەی ڕاستییەکانەوە هەتا توندوتیژی لە خۆ دەگرێ. ئایدۆلۆژیا لە چوارچێوەی ئینتەرسوبژێکتیڤیەت (بین الاذهان)دا کار دەکا، چونکە هزرێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو هزرێکی پێشتر بیرلێکراوەیە، کە لەنێو ئەندامانی گرووپێکدا بێئاگایانە هاوبەش کراوە. هەر بۆیە لە گوتاری ئایدۆلۆژیکدا، "من" دەکرێ بە "گەل" (جەماوەرێکی نادیار) و "پێم وایە" دەکرێ بە "گەل پێی وایە".

بە گوتـەی ڕۆبـول، هـەر لێدوانێک کە جەخت دەکاتـەوە، حاشا دەکـات، ڕوون دەکاتـەوە و هتد، ئـامـاژەیـە بۆ شتێک کە دەکـرێ خـەیـاڵـی بێ یان ڕاستەقینە؛ بۆ نموونە "دوژمنی گەل"؛ بانگەشەیەکە کە بەرناس یان ئۆبژەی خۆی لە پێناو خزمەتکردنی دەسەڵاتێک دروست دەکات. گوتاری ئایدیۆلۆژیک چەمکەکان لە سفرەوە دروست دەکات و یەکڕاست وەکوو واقعی سەیریان دەکا. بۆ نموونە چەمکی "حیزبی کلاسیکی کوردی" ("وەکـوو کـۆن") کە لە بەرامبەر خۆی ("وەکوو نوێ") کەڵکی لێ وەردەگرێ

گوتاری ئایدیۆلۆژیک تەنیا زنجیرەیەک وشە یان شێوازێکی پەیوەندیگرتن نییە، بەڵکوو ئامرازێکی بەهێزە کە هـەوڵ دەدا واقیعەکان لـە قاڵب بدا و کاریگەریی بەسەر تێڕوانینەکانی کۆمەڵدا هەبێ و کـرداری تاکەکان ئاراستە بکا. هـەوڵ دەدا هزری تاکەکەسی بۆ کردەوەی بەکۆمەڵ بگوازێتەوە.

دیاردەیەکی گرنگی دیکە پرۆپاگەندەیە، کە هەموو ئایدۆلۆژییەکان گرنگییەکی تەواو بەو بەشە دەدەن. هەتا زیاتر ئایدۆلۆژی پرۆپاگەندەی بۆ بکرێ، زیاتر بەرگریکاری بۆ دروست دەبن و هەتا کاریگەریشی زیاتر بێ، مەترسیدارتر دەبێ. پرۆپاگەندە جیاوازە لە گوتاری ئایدۆلۆژیک، چونکە پرۆپاگەندە بریتییە لە ئاخاوتنێک کە ئامانج لێی، پاساودانی کردارەکانی دەسەڵاتی سیاسییە، لە کاتێکدا گوتاری ئایدیۆلۆژیک بابەتێکە لە نێوان زمان (کۆی پێکهاتەی زمانێک) و ئاخاوتندا (دەربڕینی زارەکـی). هەرچەندە گوتاری ئـایـدۆلـۆژیک جۆرێکە لـە ئـاخـاوتـن کە لـە نێوان تاکەکاندا هاوبەشە، بـەڵام بە کۆدێکی لاوەکـی بۆ ڕەوایـیـدان بە بوونی دەسـەڵات ڕێنوێنی دەکرێت. بە واتایەکی تر پرۆپاگەندە پەیام بەرهەم دەهێنێت، گوتاری ئایدۆلۆژیک کۆدێک پێک دەهێنێت. گوتاری ئایدیۆلۆژیک هـەوڵ دەدا بە لێکگرێدانی ڕووداوە جیاوازەکان، هۆکارەکان بۆ دەستنیشانکردنی کەسی بەرپرسیار لە قەیرانێک دروست بکا. هەرچەندە مەرج نییە ڕوونکردنەوەکان درۆ بن، بەڵام بە ئاسانی پشتڕاست ناکرێنەوە ، یان تـەنـانـەت ئەستەمە پشتڕاست بکرێنەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی گوتاری ئایدیۆلۆژیک ئەوەیـە کە واتـای هەمەچەشن دەدا بـە هەمان ئاماژەپێکراو یان لایەنێک کە مەبەستیەتی. لێرەدا، وشـەکان ڕۆڵێکی سـەرەکی دەگێڕن لە ململانێ ئایدۆلۆژییەکان، بەو پێیەی هەر لایەنێک بە دوو دەستەواژەی جیاواز، تەنانەت دژبەیەک، دەستنیشان دەکـرێ: بۆ نموونە لایەنێکی ئایدۆلۆژیک خۆی وەک "نەتەوەیی" پێناسە دەکا، بەڵام ئەو لایەنە بۆ لایەنی بەرامبەری "نانەتەوەیی"ـە. یان خۆی وەک "پێشکەوتوو" پێناسە دەکا، بەڵام لایەنی بەرامبەر بە "دواکـەوتـوو" دەیـنـاسـێ. هەمیشە پێویست ناکات هـەر دوو دەسـتـەواژەکە بەکار بهێندرێن، چونکە بەکارهێنانی یەکێک بە شێوەیەکی خۆکار دووەمـیـان بـەرهـەم دێنێ. ئـەگـەر دەسـتـەواژەی "حیزبی کلاسیک" لە دژی لایەنێک بەکار بهێندرێ، بێ ئـەوەی خۆی پێناسە بکا، ئەوە دەگەیەنێ کە خۆی "حیزبی مۆدێرن"ـە. بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە گوتاری ئایدۆلۆژیک، چەمکێک بە سەر دوو دەسـتـەواژەی جیـادا دابـەش دەکـا، بۆ نموونە، چەمکی "مۆدێرن" لە ڕوانگەی لایەنی ئایدۆلۆژیکەوە بە واتـای دیموکراتبوون نییە، بەڵکوو بە واتـای ئایدۆلۆژیکبوونە.

بە گوتەی ڕۆبول، زۆر جار گوتاری ئایدۆلۆژیک ئاماژەپێکراوی خۆی لە ڕێگەی پێشگریمانەکان دروسـت دەکـا. توخمگەلێک کە گـوتـارەکـە بە ڕوونی یەکلایان ناکاتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی واتا بە گوتارەکە ببەخشێ، پێویستیان بە قبووڵکردنە. واتە پێشگریمانەکە لە دەرەوەی گوتارەکە کار دەکا. بۆ نموونە، کاتێک بگوترێ " پێتان وانییە کە جیهانی ئازاد پێویستی بە چەکی ناوکییە؟ " کۆمەڵێک پێشگریمانە دروست دەکا: یەکەم، "جیهانێکی ئـازاد هەیە، کە ئەویش هی ئێمەیە". دووهـەم، "جیهانێکی نائازاد هەیە، کە لە بەرامبەر ئێمەدایە". سێهەم، "جیهانی ئازاد لە ژێر هەڕەشەی جیهانی نائازاددایە". چوارەم، "جیهانی ئازاد شایەنی ئەوەیە بە هەموو شێوەیەک بـەرگـری لـێ بکـرێ، ئـەگـەر بـە چەکی ئەتۆمیش بێ ". پێشگریمانە دەتوانێ ئاسانتر لە دەربڕینێک بەردەنگی خۆی ڕازی بکا، چونکە سەرنجەکە زیاتر لەسەر ئەو بابەتەیە کە داوای دەکرێ نەک خودی گوتارەکە. بۆیە باشی و خراپی و ڕاستی ناڕاستیی پێشگریمانەکە ناخرێتە ژێر پرسیارەوە و بە ئاسایی وەردەگیرێ. سەبارەت بەوە، ئۆسواڵد دوکروت پێی وایە پێشگریمانەکان خاوەنی هێزی یاسایین و بە شێوەی نائاگایانە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بۆ نموونە "ئاشتی"،"ئازادی"، "یەکسانی" و "برایەتی" و چەمکی لەو شێوە بە بێ بیر کردنەوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

بەگشتی، ئایدۆلۆژیا شێوە ڕوانینێکی جیاوازە و هـەمـوو بابەتێک لە یـەک ڕوانـگـەی تایبەتەوە هـەڵدەسـەنگێنێ. لـە ئـەدەبـیـاتـی گشتیدا هـەر بیـروباوەڕێک بە ئایدۆلۆژیا دەبیندرێ، بەڵام ئایدۆلۆژیا زۆر جیاوازە لە بیروباوەڕێکی سیاسی کە تەنیا لە چوارچێوەی مێنتاڵیتە یان هەستێکدایە و نەبووە بە سیستەمێکی بـاوەڕ کە مرۆڤی نوێ بەرهەم بێنێ و جیهانی پێ شرۆڤە بکرێ و هەوڵی گۆڕینی جیهانی پێ بدرێ. بیروباوەڕی نیشتمانی کـە خـەبـات بۆ ڕزگـاری نیشتمانـەکـەی دەکـا، چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە و لە سنووری نیشتمانی تێناپەڕێ، بەڵام ئایدۆلۆژی بەردەوام بە گوتار و داهێنانی چەمکەکان دەوڵەمەندتر دەکرێ و بـەردەوام مێشکی بەردەنگەکانی خۆی گیرۆدە دەکا و جیهانگیریشە، واتـە سنووری نەتەوەیی تێدەپەڕێنێ.

# ئێرانی دوای خامنەیی باوەش بۆ کێ دەکاتەوە؟

## (بەشی یەکەم، کوڕی شا، موجاهیدن و چەپەکان)



دڵشاد هەورامی

### پێشەکی

هێرشی ئیسرائیل و ئەمریکا (شەڕی ١٢ڕۆژە) و ئەنجامەکانی، نەتەنیا دەسەڵاتدارانی تاران و خەڵکی ئێرانی تووشی سەرسامی و داچڵەکان کرد، بەڵکوو بووە هۆی سەرسام بوونی تەواوی دەوڵەتان و ناوەندە پەیوەندیدارەکان بە ئێران و قەیران و کێشەکانییەوە.

ڕاوکردن و لەداوخستن و کوشتنی فەرماندە باڵاکانی سپای تیرۆریستی پاسداران و زانا ئەتۆمییەکان لەنێو جەرگەی تاراندا، تەنیا شکستێکی ئاسایی لە مەیدانی شەڕدا نەبوو. ئیسرائیل تەنیا بە دووانزدە ڕۆژ باڵادەستی و هێژموونی دەسەڵاتێکی شکاند کە نزیک بە نیوسەدە کار بۆ دروستکردنی کرابوو.

لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە، تاران چیتر ئەو هێزە مەترسیدار و شوێندانەرە لە ناوچەکە و جیهاندا نەما. ڕێژیمێک کە هەڕەشەی لە هەموو جیهان دەکرد و بانگەشەی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیای لە ناوچەکە دەکرد. لە کەمتر لە دوو ڕۆژدا پاراستنی ئاسمانی وڵاتەکەی لەسۆنگەی باڵادەستیی نیزامییە ئیسرائیلەوە لە دەست دابوو. ئەوە کە وەزیری دەرەوەی ئێران ناچار بوو بە ڕێگای وشکانیدا و لە تورکییەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەفەر بکات، دارمانی هەیبەت و هەیمەنە و تەقینی فوودانێکی گەورە بوو کە ئەساسی بە گەندەڵی و پرۆپاگەندەی درۆ دانرابوو.

لە دووانزدە ڕۆژی شەڕ و تەنانەت تا چەند هەفتە دواتر، مان و نەمانی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی ئاسنینی کۆماری ئیسلامی کەوتبووە ژێر پرسیار. دەسەڵات کاتی دەویست کە خۆی بگرێتەوە. پڕکردنەوەی جێی خاڵی ئەوانە کە کوژرا بوون، ئەستەم بوو و هەیە. پرسیاری لە کوێ بوون و چۆن بوونی خامنەیی وەک کەسی یەکەمی وڵات، تا ئاستی بوون بە گەمەی منداڵانی کۆڵان و سووژەی تەنزی شەقام پرسیارێکی بێ وڵام بوو.

ڕەنگی زەرد و شێوەی فیلم هەڵگرتن و ترسێک کە لە نیگای خامنەیدا لە یەکەمین دەرکەوتنیدا دوای دەستپێکردنی شەڕ بینرا، وێنەی ڕاستەقینەی دیکتاتۆرییەتێک بوو کە لە بنەڕەتەوە بە درۆ و تەزویر خشت بە خشتی چێنرابوو.

ئەم دۆخە چەند دۆخێکی مەترسیدار بوو بۆ کۆماری ئیسلامی، بەڵام لە بەرەکەی دیکەدا بۆ دژبەران و نەیارانی وەک دەرفەت چاوی لێ دەکرا. هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات، خۆ ئامادەکردن و کێبەرکێیەک بۆ جێگرتنەوەی دەسەڵات دەستی پێ کرد کە ئێستاش درێژەی هەیە.

لە نێو ئەو هێزانەدا کە خۆ بە جێگرەوەی دەسەڵات دەزانن و خۆ بۆ سبەی ڕۆژی دوای کۆماری ئیسلامی حازر ئەکەن، کوڕی شای پێشوو و ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران دەنگیان لەوانیتر بەرزترە. لە نێوخۆیشدا جگە لە ڕەوتێکی نایەکگرتوو لە تێکنۆکرات و ڕۆشنبیران، دابڕاوان و دوور خراوان لە دەسەڵات بەتایبەت ڕەوتی ڕۆحانی و ئەحمەدیـنژاد و ڕیفۆرمخوازەکان وەخۆ کەوتوون. لەم وتارەدا هەوڵ ئەدرێت، شێوە و ڕێکارەکانی ئەو ڕەوتانە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و شانسی هەر لایەک بە کورتی بخرێتە بەر باد.

### کوڕی شای پێشوو (تاج و تەخت)

پێم وایە باشترین ناوێک کە بۆ ئەم ڕەوتە کە لە واقعیەتی وجوودییەوە نزیکترین بێت، «خەونی کوڕی شا» یا تەنانەت بەتەنیا کوڕی شایە. کوڕی شا خۆی بە میراتبەر و میراتگری سیستەمی ڕووخاوی پاشایەتی دەزانێت. ئەو دەسەڵاتی ئێران بە میراتی باوکی دەزانێت. خۆی بە زوڵملێکراوێک کە بۆ وەرگرتنەوەی میراتە خوراوەکەی تێدەکۆشێت پێناسە دەکات. وەک هەموو پاشایەکی جیهان سێهەمی، باوەڕی بە کاری هەرەوەرز و تەشکیلات و هەڵبژاردن و دێموکراسی نیە. سووربوونی لەسەر بەرپاکردنەوەی تەختی سێبەری خوا (شا) بەسە بۆ سەلماندنی حەزی بە تەکدەنگی و تەک میللەتی و دیکتاتۆری.

کوڕی شا تەنانەت لە دەرەوەی وڵات کە مەجالی باشی یارگیری و تەشکیلات سازی تێدایە، نەیتوانیوە و بگرە زۆرتر نەیویستووە هەزینە بکات و لە خۆی ئاقڵترەکان لە خۆی کۆ کاتەوە. بینینی خۆپیشاندانەکانی لایەنگرانی و بیستنی دروشمەکانیان و ڕەفتاریان لەگەڵ ناموافقان پێکەوە نمایشی لۆمپەنیزمێکی ڕەها و ڕووتن.

کوڕی شا بە کەلکوەرگرتن لەو سەرمایە کە باوک و دایکی لە ئێران بردیانە دەرەوە، توانیویەتی بە هاوکاری و بگرە هیممەتی دایکی تا ڕادەیەک سەرنجی ئیسرائیلییە توندڕەوەکان و برێک لە حیزبەکانی بەرەی ڕاست لە ئوروپا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. بەکورتی کوڕی شا زیاتر لە خەڵک و حیزب و تەشکیلات سەرمایەگوزاری لەسەر هێز و دەوڵەتی دەرەکی کردوە. ئەو پێی وایە لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا، جارێکیتر زلهێزان دیاری دەکەن کە کێ دەسەڵاتی بدرێتێ. پەهلەوی بەتەمایە هەمان سیناریۆی بە دەسەڵات گەیشتنی باب و باپیری دەسەڵات بگرێتە دەست. بەکورتی کوڕی شا کۆی پرۆژەی چوونەوە تارانی لەسەر ئەم بیرۆکە و پێشبینییە داڕشتووە.

پەهلەوی لە نێوخۆی وڵات لە تاران و دەوروو‌بەری و بە ڕادەیەکی کەمتر لە شارە فارسنشینەکان لایەنگری هەیە. لایەنگرانی کوڕی شا ڕێکخراو و سازماندراو نین. بەشێکی زۆری ئەوانە کە لە خۆپیشاندانەکاندا دروشمی لایەنگری لە پەهلەوی ئەدەن، دروشمەکە وەک بەراوەرد کردن و هاوارکردنی خراپتر بوونی حاڵیان لە سەردەمی ئاخوندیدا بەڕووی دەسەڵاتدا ئەدەن. «رضا شاه روحت شاد» زیاتر لەوە کە فیکر و نەقشە ڕێگایەک بێت بۆ داهاتوو، ڕەحمەت بۆ کفن دزەکەی پێشوو ناردنە. لەگەڵ هەموو ئەم حەقیقەتانەدا کە باس کران، نابێت بیرمان بچێت کە، ژینگەی سیاسی ئێران بەدرێژایی سەدان ساڵە لەبار و گونجاوە بۆ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و هاتنە سەرکاری کەسانێک کە کەس حیسابی بۆ نەکردون.

دوور نیە لە نەبوونی جێگرەوەیەکی بەهێز یا بەرەیەک لە هێزە پێشکەوتنخوازەکان، زلهێزەکان و هێزە ناوچەیەکان حاکم بۆ تاران دیاری بکەن. لە وەها ئەگەرێکدا کوڕی شا شانسی دەبێت. گوێ لە مست بوون و بێ ئیرادەیی و هۆگری بێ مەرج و بێ سنووری بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا و هەر دەوڵەتێک کە ئاوڕی خێری لێ باتەوە، کوڕی شا دەکاتە یەک لەو بەربژێرانە کە لەغاوی ئەسبە لەڕ و پیرەکەی تارانی بەنە دەست.

### ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران (دین و دەوڵەت)

ڕێکخراوی «مجاهدین خلق ایران» کە ساڵی ١٣٤٤ (١٩٦٥) دامەزراوە، لە باری کاری ڕێکخراوەیی و تەشکیلات و نەزمی حیزبییەوە خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە کوڕی شا نیەتی؛ واتە ڕێکخراوێکی داخراو، بەڵام بەهێز و عەمەڵگەرا.

لوتکەی بەهێزی ئەم ڕێکخراوە دوو ساڵی یەکەمی هاتنەسەر کاری ڕێژیمی ئاخوندییە. دواتر ڕێژیم لەگەڵیان تێک چوو و بە دڕندانەترین شێوە تا بۆی کرا قەتڵ و عامی کردن. شەڕی ئێران و عێراق دەرفەتی خۆ سازماندانەوە و هێزگرتنی دووپاتەی بۆ ڕەخساندن. بە تێچوویەکی قورسەوە لە باری پێگەی سیاسییان لە نێوخۆی وڵات، لە ساڵانی شەڕدا کاریگەری و هێزیان هەبوو. عەمەلیاتی «فروغی جاویدان» دەستپێکی قۆناغێکە کە ئەستێرەی بەختی ئەم ڕێکخراوە تێیدا بەرەو داکشان دەچێت.

ڕووخانی سەدام و هێزگرتنی هێزە شیعەکانی سەر بە ئێران لە عێراقی دوای سەدام، دەرکردنیان لە عێراق و تەوقدانیان لە کەمپێک لە ئالبانی زەربەی کوشەندەیان لە توانای ئینسانیی ئەم هێزە وەشاند. پەڵە و شەرمی هاوکاریی دوژمنی دەرەکی (سپای عێراق) لە شەڕدا، ئێستاکەش بەرۆکی بەرنەداون. نادیاریی چارەنووسی کەسی یەکەم و ڕێبەری کاریزماتیکی موجاهیدین «مەسعوود ڕەجەوی» و دەیان قەیرانی دیکە تا دێت هۆکاری چکۆلەبوونەی بازنەی کاریگەریی ئەم هێزەن لەم دوو دەیەدا.

سەرەڕای ئەو هۆکارانە کە موجاهیدینی خەڵقیان پێ لاواز بووە و باس کران. ئەم ڕێکخراوە ئێستاکەش، تا ڕادەیەک توانای هەستانەوە و هێزگرتنی هەیە. موجاهیدین لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت ئوروپا تەشکیلاتێکی ڕێکوپێک و بەهێزی هەیە و تەوانای مانۆڕ و ڕێکخستنی ئاکسیۆنی گەورەی هەیە. موجاهدینی خەڵقیش وەکوو کوڕی شا خاوەنی ئابووری بەهێزە کە، دەستی کراوە ئەکات لە لابیگەری و کۆ کردنەوەی پشتیوان لەنێو سیاسییەکانی ئوروپا و ئەمریکادا. دەنگۆی پاڵپشتی کرانی ماڵی لە لایەن سعوودییەکان و بەرەی عەرەبی دژی کۆماری ئیسلامی لەمێژ ساڵە دەبیسترێت.

خاڵی لاوازی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق کە شانسی لە داهاتووی ئێراندا دادەبەزێنێت، پیر بوون و بەساڵاچوونی ئەو نەسڵەیە کە لەگەڵ موجاهید پێ گەیشتن و فێری سیاسەت بوون. نەوەی نوێ و تەنانەت نەوەکانی دوای شەڕی ئێران و عێراق، کەسانێکی بێزار لە دینی دەوڵەتی و ئاوێتەکردنی دین و سیاسەتن. ئایدۆلۆژیا و دنیابینیی موجاهید وەک زۆربەی هێزە ئایدۆلۆژیستەکان نەگۆڕ و چەق بەستوو ماوەتەوە. بگرە لە بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندیدا موجاهیدین بە کەلکوەرگرتن لە ئەزموونی دوورودرێژی تەشکیلاتی و خەباتی جەماوەری بتوانێت شوێنێک بۆ خۆی لە دەسەڵاتدا بدۆزێتەوە و لە هەیبەتی یەک لە کاراکتەرە گرنگەکان دەرکەوێت. بەگشتی موجاهدین و فیکری موجاهید زەرفییەتی ڕازی کردن و ڕازی هێشتنەوەی خەڵکی ئەمڕۆی ئێران بەتایبەت لاوانی نیە. زۆر خۆشبینانە ئەگەر لە داهاتووی ئەم جەرەیانە بڕوانین، تەنیا دەتوانین دەوری قارمانێکی ماندوو و پیری پێ بدەین کە شایەد مەجالی بدرێتێ مەرگێکی شکۆمەندی هەبێت

لە پاڵ ئەمانەدا شەخس مێحوەری و ڕێبەری بێ بەدیل و پیرۆز کراو، یەک لەو کەمایەسی و مەترسییانەیە کە هەڕەشە لە ئێستا و داهاتووی ئەم سازمانە دەکات. نادیاریی چارەنووسی مەسعوود ڕەجەوی زەربەیەکی گەورەیە لە موجاهیدین. گەر بە هەر هۆیەک مریەم ڕەجەوی کەسی یەکەمی ئێستاکەی ئەو جەرەیانە نەمێنێ، ئەوە قەیرانی ڕێبەری دەتوانێت بە حەدێک چارەسەرکردنی سەخت بێت کە، تەنانەت نەمانی سازمانەکە و ئاشبەتاڵی لێکەوێتەوە.

### چەپ و داهاتووی دەسەڵات (ڕێگای بێ ڕێبوار)

چەپ بە مانا کلاسیکەکەی بە ڕادەیەک لە ئێراندا (جگە لە کوردستان) بێ پێگە و لاوازە کە، ناو و لۆگۆ و ئیعتیباری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە کورد و جەرەیانێکی کوردی بڕاوە. بەربەستی گەورەی چەپ لە ئێراندا، لە یەکتر دوور بوونی دروشم و ئامانج و بنەما فیکرییەکانیانە لەگەڵ واقعیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران. هەڵوەشانەوەی چەمسەری یەکیەتیی سۆڤییەت و دۆخی بەرەو پێشی سەرمایەداری جیهانی و گەشەکردنی خەباتی مەدەنی، تەنیا بەشێکن لەو هۆکارانە کە چەپی کلاسیک بەرەو ڕووی گرفت دەکەنەوە.

چەپ وەک جەرەیانی سیاسیی ڕێکخراو، ئێستاکە لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا لایەنگر و تەنانەت بەردەنگێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەماوە. کۆمەڵگەی ئێران ئێستا گرنگی زیاتر بە ئازادیی مەدەنی و پرسی ژینگە و بەرانبەری ژن و پیاو دەدات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕەوتەکانی چەپ هێز و توانا و بوونێکی ئەوتۆیان نەماوە کە ڕێبەریی ئەم حەرەکەتانە بکەن و لێیان خاوەن دەرکەون. بەگشتی حیزب و جەرەیاناتی سەراسەری چەپ لە ئەمڕۆدا، تەنیا لەسەر کاغەز و کۆبوونەوە چەند دە کەسییەکانی ئوروپادا ماون. لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا ئەگەر دەسەڵات دێموکراتیک بێت، ئەوە چەپ وەک ئامانج و ویست و ڕێبازێکی عەداڵەتخواز دەتوانێت بەئاسانی پێگەی خۆی بنیاد بنێتەوە. بەڵام دوور نیە کە لە هەناوی ئەم ڕێکخراوە مەدەنی و حەرەکەتە نیمە فەرمیانە کە هەن، حیزب و جەرەیانی چەپ لەدایک بن. بەگشتی کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار و تێگەیشتووە و بوون و دروستبوون و پێ گرتنی جەرەیاناتی چەپ تێدا هەم پێویستییە، هەم حەتمی.

**(بەشی کۆتایی ژمارەی داهاتوو)**

## ویــــستگە

# کارتی گوشار



ئاسۆ مینبەری

ڕۆژی شەممە ٢٤ی خەزەڵوەر سێهەمین خولی خەڵاتی میللیی لاوەتیی حەشیمەتی ڕێژیم بەڕێوە چوو. ئەم خەڵاتە کە لە ڕاستای یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە و لاوەتیی حەشیمەت دیاری کراوە، گرینگترین ئامانجەکانی پەرەدان بە سیاسەتی ڕێژیم لە بواری گەشەی حەشیمەت و ڕێزگرتن لەو ناوەندانەی ڕێژیم یان ئەو کەسایەتییانەیە کە لەم پێناوەدا گوێڕایەڵی ڕێبەری ڕێژیمن و هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت دەدەن.

مەرزیە وەحید دەستجێردی، بەرپرسی ستادی میللی حەشیمەتی ڕێژیم لە ڕێوڕەسمەکەی ئەمساڵدا چەند باسێکی وروژاندووە کە پێویستە سەرنجیان بدرێت: یەکەم ئەوەی ڕایگەیاندوە کە لە ڕاپرسییەکدا کە لەژێر ناوی "پەیمایشی میللیی بایەخەکان و ڕوانینی ئێرانیان" بەڕێوە چووە، ٩٦.٧ لەسەدی بەشداربووان دایکایەتی بە گەورەیی دەزانن، هەر بۆیە وەچەخستنەوەش بە پێویستیی ژیان دەبینن. ئەم قسەیە لەکاتێکدایە کە جیا لە دۆخی ئابووریی ئێستای ئێران، ئەگەری هەڵگیرسانی دووبارەی شەڕ و خراپبوونی دۆخی سیاسی و دڵنیانەبوونی خەڵک و بەتایبەت ژنان لە داهاتووی ئێران وای کردوە کە زۆربەی ژنان خۆیان لە وەچەخستنەوە بەدوور بگرن و لە جیاتی بیرکردنەوە لە هەست و سۆزی دایکایەتی و گرینگایەتیی ئەم بەرپرسایەتییە بیر لە داهاتوو و بژێوی ژیانی منداڵەکەیان بکەنەوە. کەوایە لەم دۆخەدا ئەرکی دایکایەتی لای زۆر کەس نەک تەنیا وەکوو گەورەیی چاوی لێ ناکرێت بەڵکوو وەکوو بەرپرسایەتییەکی گرینگ دەبیندرێت کە ڕەنگە هەرکەس دەرەقەتی جێبەجێکردنی نەیەت.

ناوبراو لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاسپێردراوی خامنەییدا، پەرژاوەتە سەر خەسارناسیی دابەزینی ئاماری هاوسەرگیری و بە نیگەرانییەوە باسی لەوە کردووە کە لە ساڵی ١٤٠٣دا، ئاماری ١١.٧ میلیۆن کچ و ١٢.٩ میلیۆن کوڕی خوار تەمەنی ٢٠ ساڵ تۆمار کراوە کە هیشتا نەچوونەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. ئەم بەرپرسەی ڕێژیم ڕوونی نەکردووەتەوە کە مەبەست لە کەسانی خوار ئەم تەمەنە کێیە و ئامارە لە چ تەمەنێکەوە دەست پێ دەکات و وا وێدەچێ کە مەبەستی درێژەدان بە دیاردەی منداڵهاوسەری و ئەو پرۆژەیە بێت کە لە ماوەکانی ڕابردووشدا بە ڤیدیۆکلیپێکی ڕازاوە و بڵاوکردنەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خستیانە بەر چاوی منداڵانەوە و هاوسەرگیری منداڵانیان بە هیوا ناو برد!

بابەتێکی دیکە باسکردن لە گەڵاڵەیەکی نوێ بە ناوی "کارتی هیوای دایک"ـە. دەستجێردی ئەم گەڵاڵەی لە ڕاستای سیاسەتی ڕاسپێردراوی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت لە ئێران ناو بردوە، گەڵاڵەیەک کە لەلایەن شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگیی ڕێژیمەوە بە مەبەستی سەرخستنی گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت، پەسەند کراوە. بەپێی زانیارییەکان لە بەهاری ١٤٠٥ـەوە ئەو دایکانەی کە منداڵیان دەبێت ئەم کارتەیان پێ دەدرێت و بۆ ماوەی ٢٤ مانگ، بە شێوەی مانگانە بڕە پارەی ٢ میلیۆن تمەن لەلایەن دەوڵەوتەوە بۆ پێداویستییەکانی منداڵان وەک خۆراک و پۆشاک دەچێتە سەر کارتەکەیان.

دەستجێردی ڕایگەیاندوە کە ئەم گەڵاڵەیە بۆ پشتیوانی دارایی و فەرهەنگی لە بنەماڵەکان و بردنەسەرەوەی ئاستی تەندروستیی دایک و منداڵە. گاڵتەجاڕییەکە لەوێدایە کە دەستجێردی ئەم کارتە بە هۆکارێکی گرینگی بەهێزکردنی کارامەیی منداڵان دەزانێت و دەڵێ ٨٠ لەسەدی گەشەی مێشک و فۆرمگرتنی دەمارەکانی منداڵ کە هەتا تەمەنی ٢ ساڵان ڕوو دەدەن، لە گرێوی ئەو پارەیەدایە کە کۆماری ئیسلامی بڕیارە پێیان بدات. ئەحمەدینژادیش لە سەردەمی سەرۆکۆمارییی خۆیدا بەڵێنی بە خەڵک دا کە بە لەدایکبوونی منداڵەکانیان بڕی ٢ میلیۆن تمەن پارە دەخاتە هەژمارێکی بانکی تایبەتەوە بۆیان و تا تەمەنی ١٨ ساڵان ساپۆرتی داراییان دەکات کە ئێستاشی لەگەڵ بێ کەس نەیزانی پرۆژەکەی بە کوێ گەیشت؟

بە چاوخشاندنێک بە دۆخی ئابووریی دارماوی ئێستای ئێراندا، دەبینین کە ٤٨ میلیۆن پارە کە بڕیارە لەو دوو ساڵەدا بە منداڵانی تازەلەدایکبوو بدرێ، نەک هەر پشتیوانی دارایی نیە بەڵکوو کارتێکی گوشارە تاکوو بە تەماعوەبەرنان بنەماڵەکان ناچار بە وەچەخستنەوە بکەن، پرسێک کە لە ڕاستیدا پرسێکی زۆر تایبەتە کە دەستێوەردان تێیدا پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤەکان و بەتایبەت ژنانە. ئەم گەڵاڵەیە دەتوانێ شیرازەی بنەماڵەکان تێک بدات و ئازادیی بڕیاردانی ژن بە سەر جەستەی خۆیدا بباتە ژێر پرسیارەوە، چونکە دۆخی ئابووریی ئێستای خەڵکانی ئێران بە جۆرێکە کە ئەو ٤٨ میلیۆن تمەنە کە هەرچەند بەپێی نرخی دۆلار و هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر هیچ بۆشاییەکی ژیان پڕ ناکاتەوە بەڵام وەکوو دەرفەتێک چاوی لێ بکرێت کە ئاکامەکەی لەدایکبوونی منداڵانێکی بێتاوانە کە بۆ قازانجی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر و بە مەبەستی پەرەدان بە سیاسەتی ئەم ڕێژیمە هاتوونەتە دنیاوە و دەکەونە گێژاوی هەژاری و بێدەرەتانییەوە و ئەو ڕێژیمەش لە بەرانبەر داهاتوو و ژیانیاندا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ

ئەم گەڵاڵەیە نەک تەنیا هیچ هیوایەک بە بنەماڵەکان نادات بەڵکوو بە پێچەوانە کێشەکانیان زیاتر دەکات و پێویستە ژنان بە وشیارییەوە خوێندنەوە بۆ پلانەکانی ڕێژیم بکەن و نەکەونە داوی پڕوپاگەندەی ناوەندە تەبلیغاتییەکانییەوە.

کوردستان
ژمارە ٩٠٧
٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ _ ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٥

# کۆچی دوایی سروودبێژی «بژی دێموکرات»





تاهیر قاسمی

لە نیوەڕاستەکانی دەیەی نەوەتی زایینیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی هەستپێکراو دەستی بە بووژاندنەوەی هونەر و ئەدەبیات لەنێو حیزبدا کرد. وەڕێخستنی ڕۆژنامە دیوارییەکان لە زۆربەی کۆمیتە و ئۆرگانەکاندا، چاپکردنەوەی سەرلەنوێی گۆڤاری لاوان کە پتر باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی هەبوو، بەردەوامیی بەرنامەی کۆلکەزێڕینەی تایبەت بە ئەدەب و هونەر لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، کۆڕە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە بەردەوامەکانی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزب، زیادکردنی پاشکۆی ئەدەب و هونەر بۆ ڕۆژنامەی کوردستان و بووژاندنەوەی کۆڕی هونەریی حیزب بەشێک لەو هەنگاوانە بوون. ئەوانەش پتر بەرهەمی کار و تێکۆشانی کەسانی قەڵەمبەدەست و خاوەن بەهرەی وەک نەمر عەبدوڵڵا شەریفی، کاک قادر وریا، کاک سمایلی بازیار، کاک برایم لاجانی، کاک هەیاس کاردۆ، مامۆستا پەیمان، نەمر کاک ئەحمەدی قادری و هونەرمەندی نەمر تاهیر خەلیلی و هونەرمەندانی دیکەی کۆڕی هونەریی حیزب بوون. لەم نێوەدا هاوکاریی ئەدیبان و هونەرمەندانی شاری کۆیە لەوانە نووسەر کاک قادر بەشدار، مامۆستای مووزیک کاک سەردار ئەحمەد و بە گشتی تیپی مووزیکی باواجیی کۆیە ڕۆڵی گرینگیان لەو بووژانەوە و پەرەدانەدا هەبوو. لە سایەی ئەو هەوڵ و هاوکارییانەدا کۆمەڵێک بابەتی جوان لە ئەرشیڤی حیزبی دێموکراتدا تۆمار کران کە بەشێکیان هەتا ئێستاش سەرتۆپی ئەو سروود و ئاوازانەن کە لە میدیاکانی حیزبدا بڵاو دەبنەوە. یەک لەو سروودە بەناوبانگانەی کە ئەو سەردەم تۆمار کرا و هەر ساڵ زیاتر و زیندووتر لە ساڵی ڕابردوو بڵاو دەبێتەوە، سروودی «بژی دێموکرات» بوو.


«بژی دێموکرات» شێعری مامۆستا هێمنە کە ساڵی ١٣٢٤، ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات نووسراوە. ڕاست پەنجا ساڵ دوای نووسرانی شێعری «بژی دێموکرات»، لە حاڵێکدا شێعرەکە لە چاپەکانی دواتری کتێبی "تاریک و ڕوون"دا کەوتبووە بەر تیغی سانسۆڕی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و پاک کرابۆوە، لاوێکی دەنگخۆشی باشووری کوردستان لە جێژنی یوبیلی زێڕینی دامەزرانی حیزبدا، سروودی "بژی دێموکرات"ی بە گوێی دۆستان و دوژمنانی ئەم حیزبە و گەلی کوردستان دەگەیاند و پڕ بە گەرووی هەرای دەکرد؛

**بە کوێری چاوی پیسی بێگانە**
**ئەمڕۆکە ڕۆژی جێژنی کوردانە**
**بژی دێموکرات...**

ئەو لاوە دەنگخۆش و نیشتمانپەروەرە ئیسماعیل ئیبراهیم ناسراو بە سمایل شەیدا بوو کە وێڕای شنۆخانی خوشکی هاموشۆی کۆڕی هونەریی حیزبیان دەکرد و لە جێژن و بۆنە حیزبییەکاندا گەلێک جار گۆرانی و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانییان بۆ تێکۆشەرانی حیزب دەچڕی.

هونەرمەند سمایل شەیدا لەدایکبووی شاری کۆیە بوو، بەڵام ڕەچەڵەکی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری سەردەشت دەگەڕاندەوە. وەک هونەرمەندێکی دەنگخۆش کە هاوکات ئامێری دەفیشی دەژەنی، گەلێک گۆرانی و سروودی لەگەڵ تیپی باواجی کۆیە و کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان تۆمار کرد. دوای ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی وەک زۆرێک لە لاوانی باشووری کوردستان بە هۆی بێدەرەتانی و هەژاری، ڕووی لە دەرەوەی وڵات کرد و سەرەنجام لە وڵاتی ئاڵمان گیرسایەوە. ئەو لە دەرەوەی وڵاتیش، ئەگەرچی بە جەستە لە حیزبی دێموکرات دابڕابوو و لە هاوڕێیانی حیزبی دوور بوو، بەڵام ڕۆحی لەگەڵ ئەم حیزبەدا مایەوە. لەم ساڵانەی دواییدا سەرەڕای ئەوەی تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو، دڵی هەر لای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئەم حیزبە بوو و بە سەرمایەی هەموو نەتەوەی کوردی دەزانی. بە جۆرێک کە ٧ ساڵ دوای هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا، پرۆفایل و کاوێرەکانی سمایل شەیدا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەر وێنەی قەڵای دێموکراتی بۆردوومانکراو، بەڵام ڕازاوە بە وێنەی پێشەوای نەمر و گڵکۆی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بوو. تا سەرەنجام ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا لە شاری هانۆڤێری ئاڵمان بەو نەخۆشییە کۆچی دوایی کرد.

هەواڵی کۆچی دوایی کاک سمایل شەیدا ئەگەرچی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خەمبار و تاسەبار کرد بەڵام بێگومان ناو و یادی ئەو وەک سروودی «بژی دێموکرات» تا هەتایە لە دڵی گەلەکەی و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا بە نەمری دەمێنێتەوە.



# خۆخۆریی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی!


عەلی لەیلاخ

هێنری کیسینجەر، سیاسەتوان و دیپلۆماتی بەناوبانگی ئەمریکایی دەڵێ: "هەرکات بەرپرسانی کۆشکی سپی لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پرسیاریان لێ کردووم کە چ بکەین؟ گوتوومە: هیچ مەکەن! چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکی خۆخۆرییە و، بێ ئەوەی پێویستی بە هێز و هێرشی دەرەکی هەبێ، خۆی‌لەخۆیدا دەپووکێتەوە!

"خۆڵەنێوبردن" یان هەمان خۆخۆری کە کێشەیەکی دەروونییە، بریتییە لە: کۆمەڵێک ڕەفتاری بەئەنقەست یان نائاگاهانە، کە دەبێتە هۆی سازبوونی لەمپەر و کۆسپ و دڵساردی، هەروەها هۆکارێکی بەهێزی خۆپەکخستنی مرۆڤە بۆ نەگەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەم دیاردەیە لە دەروونناسیدا بە گرفتێکی زیانمەند پۆلێن کراوە، کە هەڵگری چەند تایبەتمەندییە کە بەرچاوترینی بریتییە لە: خەسار بە خۆ گەیاندن و، بەرد لەسەر ڕێی سەرکەوتن خستن و، دژبە خۆڕاوەستانی هەمەلایەنەیە. ئەگەر بمانهەوێ ئەم چەمکە دەروونییە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ کورد بەگشتی و بەتایبەتی بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرێ بدەینەوە و ئەم بابەتەی پێ ڕاڤە بکەین، پەی بە کارەساتێکی خۆماڵی دەبەین بە ناوی "خۆخۆریی نەتەوەیی" کە وەکوو نەخۆشیی تەبەق، نەمنەمە هەنگاوی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەییمان شل و سست دەکا و، بە شەلەشەل وەسەر ڕێگایەکمان دەخات کە ڕێگای ئێمە و خەباتی ئێمە نییە.

ئەم "خۆڵەنێوبردن"ی نەتەوەییە کاتێک سەرهەڵ دەدا و، پەرە دەستێنێ کە هەست بە گرنگایەتی و، هێڵی سووری نیشتمانی نەکرێ و، ئەوەی کە پێی دەگوترێ بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە ئاسانی لەبەر ویستی تاکڕەهەندی، یان مەزنخوازیی سیاسی ڕەچاو نەکرێ. لە بنەڕەتدا سیمبۆل و هێما نەتەوەییەکانی گەلانی دونیا، یەکشەوە لەدایک نابن! یان شینبووی دۆخی کارەساتباری خەبات و ملنەدانی خۆڕاگرانەن، یان هەڵگری "بیرەوەریی گشتی"ن. هەر بۆیە ڕێزگرتن لەو هێما و سیمبۆلانە لەنێو هەموو نەتەوەکان دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە. چون پێش لە لێکترازان دەگرێ و، ئەڵقەی پێکەوەبوونیان لە هەمبەر ئەوی دیکەدا پتەوتر دەکا. بەرژەوەندیی نەتەوەیی تەنیا لە هێژمۆنی سیاسی و سامان و سروشتی ژێئۆپۆلیتیکیدا، کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو پاراستن و دوورخستنەوەی هەرکام لە هێما نەتەوەییەکان لە سووکایەتی‌پێکردن، بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی دێتە ئەژمار.

بەپێچەوانەکەشی ڕاستە کە ئەگەر هێما و نیشانە نەخشێندراوەکان لەجیاتی ڕێزگرتن لە ئێستا و دواڕۆژدا، بێڕێزییان پێ بکرێت، بێگومان وەبیرخەرەوەی هەمان گرێی دەروونییە کە پێی دەگوترێ "خۆخۆریی بەکاوەخۆ". بەم جیاوازییەوە کە لە "خۆخۆریی نەتەوەییدا"، کێشە تەنیا تاکەکەس نییە، بەڵکوو زەبر لە ئێستا و دواڕۆژ و کۆی ئەو دەستکەوتە نەتەوەییانە دەدرێ کە بە خوێن و خەباتی گەلێک بەدەست هاتوون. نووسەرێکی یۆنانی دەڵێ: تەنیا سەردارە ڕەشید و تێکۆشەرە خۆنەویست و مرۆڤە فیداکارەکانن کە موڵکی گشتی و نەتەوەیی نین، بەڵکوو دیمەنێکی جوانی مێژوویی و کەنارێکی لەباری سروشتی، هەتا شێعر و ئاوازێکی ناخبزوێنن تا دەگاتە بزەی منداڵێکی هاووڵاتی، دەتوانێ موڵکی نەتەوەیی بن. کەواتە گەر بەم دیدە بەربڵاو و گشتگیرە بڕوانینە هێندێک هەڵسوکەوتی ئەم ڕۆژانە، هەست دەکەین کە چەندە کەمتەرخانە دەجووڵێنەوە و، بە ناوی کردەوەی سیاسی، خەریکی "خۆکوژیی ناسیاسییانەی نەتەوەیی"ن.

لە سەدەی بیستەمدا و لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، کۆماری کوردستان و لێکەوتەکانی بەرچاوترین و کاراترین ڕووداوی سیاسی بووە، کە کورد بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ، خۆبەڕێوەبەریی ئەزموون کردووە و ڕێچکەیەکی کردۆتەوە بۆ چەسپاندنی مافە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی. هەر ئەمە کە ڕەفتاری سیاسی و ژیرانەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات کاریگەریی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازانەی پارچەکانی دیکە دانا و، ڕووناکیبەخشی "ڕێی خەباتی ئەوان"یش بووە، نیشانەیە لەوەی کە بەپێچەوانەی ئینکار و چەواشەکاریی نەیاران، کۆماری کوردستان و لێکەوتەکانی، کە باشترە بڵێین دامەزرانی حیزبی دێموکرات و دەستکەوتەکانی، یەکێک لە فۆنداسیۆنە بەهێزەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەیین. ئەمە بە مانای پیرۆزکردن و بڤەکردنی مێژووی ئەم حیزبە نییە بۆ ڕەخنەگرتن و قامکدانان لەسەر کەمایەسییەکانی ئەم حیزبە هەشتا ساڵەیە. بەپێچەوانە زۆرترین ڕەخنەکان لە حیزبی دێموکرات هەر لە نێوئاخنی ئەو حیزبەدا بە کادر و پێشمەرگەکانەوە تا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە سەری هەڵداوە و ڕەخنەگرتن تەنانەت بە شێوەی زانستی و نازانستیش هەر لەنێو بەدەنەی ئەو حیزبەدا هەبووە تا ئاست لێکترازانی تەشکیلاتیش ڕۆیشتووە.

بەڵام کە باس لە "خۆخۆریی نەتەوەیی" دەکرێ کە خۆرەی گیانی مێژوومان بووە و بەداخەوە لە ئێستاشدا هەر بە شێوازی جۆراوجۆر دەیبینین. لە کات و ساتێکدا کە گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هێژمۆنی شوناسە باڵادەست و دەسەڵاتدار و چەکدار و جێکەوتووەکانی فارس و تورک، هەڕەشەیەکی مرۆیی و کولتووری و سیاسین بەسەرمانەوە، گرنگیدان بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پاراستنی هێڵە سوورەکان ئاکارێکی شۆڕشگێرانەیە و، بەپێچەوانەش لەژێر هەر بیانوویەک دەستبردن بۆ ڕەمز و سیمبۆلەکان و ڕەچاونەکردنی میتۆدی ڕەخنەگرتن، لێدانە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پەرەپێدانە بە "دەردەگولەی خۆخۆریی نەتەوەیی"!

بەڵێ! ئەمە حەقیقەتە کە قازی محەممەد و کۆمارەکەی، موڵکی گشتین! پێشمەرگە و سروودەکەی موڵکی گشتین! شەهیدان و فیداکارانی نیشتمان موڵکی گشتین! سەرجەم ئاڵاهەڵگرانی کۆچکردووی ئەم "ڕێنسانسە نەتەوەییە" موڵکی گشتین، هەتا لێزانیی دوکتور قاسملووئاسا و خەمخۆریی "کاک فواد"ەکان موڵکی گشتین! ئەوەی وا ڕۆژێک بۆ سەرخستنی ئەم گەلە هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا بێ و، هەنگاوێکی بە کردەوەی هەڵهێنابێ، موڵکی گشتین و، بە هێڵی سوور زانینیان بەشێکی گرینگ و گرانن لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئێمەی مافخوراو و چەوساوەدا.

ئەم هێڵی سوورە، مەبەست لە دوورخستنەوەیان لە ڕەخنەی زانستییانە، کە پێویستییەکی ئەمڕۆیی بۆ سەرکەوتن نییە، بەڵکوو کوردیش وەکوو گەلانی بەختەوەری دونیا پێویستی بە ڕێزگرتن لە سیمبۆلەکانی خۆیە، نەک بە دەستی خۆی سێرە لێگرتن و ڕووشاندیان. جیاوازیی هێڵی سووری نەتەوەیی کە بەزاندنیان خەسار و خۆکوژیی نەتەوەیی لێ شین دەبێ، لەگەڵ ڕەخنە و ڕوانگەی خەسارناسانە لەوەدایە کە هەروا کە دەوڵەت - نەتەوەکانی دیکە بۆ خۆسەپاندنیان هێما و ڕەمزی خۆیان زەق دەکەنەوە، دەی ئێمەش با لەم "شەڕگە"یەدا بەگوێرەی پێویست هێما و سیمبۆلەکانی خۆمانمان خۆش بوێ و، بیانپارێزین و دەستی ناوەندە زانستییەکان و کەسانی شارەزاش ئاوەڵا بهێڵینەوە بۆ ڕەخنەی زانستییانە لە قۆناغە سیاسییەکانی بزاڤی کورد؛ نەک ململانێی سیاسی بکەینە ئامرازێک بۆ لێدان لە هێماکان.

لە دونیای بەربەرەکانیی سیاسەتدا، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بانگەشە بکەی بۆ "ویترین"ی سیاسەتی خۆت، بە زمانی سادەتر، لایەنە کوردییەکان مافی خۆیانە بە بانگەشە و تەبلیغ بۆ شێوەی خەبات و مودیرییەتی وڵات لەگەڵ یەکتر بکەونە ململانێی سیاسییەوە؛ بەڵام کاتێک بۆ خۆفەرزکردن و سەپاندنی خوت، کار گەیشتە لێدان لە هێما و سیمبۆلەکان و بزاندنی هێڵە نیشتمانییەکان، ئەوە ئیتر ڕەکەبەریی سیاسیی نییە و ڕەقئەنگێزییەکی دوژمنکارانەیە بۆ خۆپووکاندنەوە. کەواتە هەر چەشنە دەربڕینێک کە هێرشبەرانە بێت بۆ سەر هێما سازبووەکانی گەلی کورد، کە بەشێکن لە "بیرەوەریی گشتیی" ئێمە، هاوشێوەی هەمان نەخۆشیی "خۆڵەنێوبردنە" کە وەکوو پەتا و ئێپیدیمی، کەسانی دیکەش ئالوودە دەکات.

"بوودا" دەڵێ: پێش وتنی هەر قسەیەک، دەبێ بەم سێ دەروازەیەدا تێپەڕێ! ئەو قسە دروستە کە دەیکەین؟ ئەو قسە پێویستە کە دەیکەین؟ و ئەو قسە مێهرەبانی تێدایە یان نە؟ بە چاوخشاندنێک بە شێوەی قسە و دەربڕینی ئەم ڕۆژانە هەست دەکرێ کە نە دروستن، نە پێویستن و نە سۆزێکی نیشتمانییان تێدایە و بەشێکی زۆری دەچێتە خانەی هەمان خۆخۆریی نەتەوەییەوە! بۆ نموونە: لێدان لە ڕەمز و شکۆی خەباتکارانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هیچ نەبێت لە بەرانبەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، ئاڵای "کوردبوون" و خۆڕاگرییان ڕاگرتووە و مەکتەبێک بوون بۆ وانەی شوناسخوازی و لێ‌فێربوون، کە زۆر کەسی فێر کردووە! ئەگەر بۆ ڕێزگرتنیش نەبێ، لانیکەم قسەی نەستەقی کوردییە کە گوتراوە: "لە کانیاوێک ئاوت خواردەوە، بەردی تێ ماوێ"با چیتر کانیاوەکانی نەتەوەیی، بەردیان تێ ناوێین

# مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا


سەیران مەنووچێهری

### پۆختە و پێشەکی

ئەم وتارە بە شێوەیەکی شیکاری، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و سیستەمی دەوڵـەت – نـەتـەوەی نـوێدا دەکۆڵـێـتـەوە. بـە پشتبەستن بـە سـەرچـاوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان و ڕەفتاری دادوەریی نێودەوڵەتی، ئەم وتارە ئەوەی سەلماندوە کە نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو مەرجە یاساییەکانی پێکهێنانی دەوڵەت – نەتەوەیەکی سەربەخۆیە.

لە دوای ڕێککەوتننامەی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ی زایینی، سیستەمی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانکارییە سەرەکییە بووە هۆی دروستبوونی چەمکی "دەوڵـەت – نەتەوەی نـوێ" کە بناغەی سیستەمی نێودەوڵەتیی هـاوچـەرخـە. بەپێی ئـەم چـەمکە، دەوڵـەت یەکەیەکی یاسایی و سیاسییە کە لەسەر بنەمای نەتەوەیەک دروست دەبێت؛ بەڵام لەم سیستەمەدا، نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە کۆنترین و گەورەترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە شێوەیەکی بەرچاو لە مافی سروشتیی خۆی بۆ دیاریکردنی چارەنووس بێبەش ماوە.

### چەمکی دەوڵـەت – نـەتـەوەی نـوێ لە یاسای نێودەوڵەتیدا

دەوڵـەت – نـەتـەوەی نـوێ لـە یـاسای نێودەوڵەتیدا لـەسـەر سێ بنەما سەرەکی دادەڕێژرێت:

١. حاکمییەت (Sovereignty): بەپێی بڕیاری دیوانی نێودەوڵەتیی داد لە کەیسی "کەناڵی کۆرفوو" (١٩٤٩)، حاکمییەت "هەڵگرتنی بەرزترین دەسەڵاتە لە سنووری وڵاتێکدا". بەم شێوەیە، دەوڵەت – نەتەوە خاوەنی مافی ڕەسەنی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و دەرەکیی خۆیەتی.

٢. خاک (Territory): دیوانی نێودەوڵەتیی داد لە کەیسی "دوورگەی پالاماس" (١٩٢٨) ڕای دەرکردوە کە "بوونی خاکێکی دیاریکراو، هەرچەندە سنوورەکانی بەتەواوی دیاری نەکرابن، بەڵام بۆ پێکهێنانی دەوڵەت پێویستە

٣. خـەڵـک (Population): بـەپێی پەیماننامەی مۆنتەڤیدیۆ (١٩٣٣)، بوونی خەڵکێکی هەمیشەیی یەکێکە لـە پێکهاتە سەرەکییەکانی دەوڵەت.

### پێکهاتەکانی دەوڵـەت لـە یـاسای نێودەوڵەتیدا

پەیماننامەی مۆنتەڤیدیۆ لە ساڵی ١٩٣٣دا چوار پێکهاتەی سەرەکیی بۆ دەوڵەت دیاری کردوە:

١. خەڵکی هەمیشەیی: نەتەوەی کورد نزیک بە ٧٠ میلیۆن کـەس، یەکێک لە گەورەترین نەتەوە بێدەوڵەتەکانی جیهانە. ئەم ژمارەیە لە بنچینەی یاسای نێودەوڵەتیدا، بە هۆکارێکی بەهێز دادەنرێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەت.

٢. خاکی دیاریکراو: کوردستان وەک خاک و جوگرافیایەکی دیـاریـکـراوی مێژوویی، هەرچەند لە نێوان چوار وڵاتدا دابەشکراوە، بەڵام لە ڕوانگەی مێژوویی و کولتوورییەوە یەکپارچەیەکی ڕەسەنی هەیە.

٣. حکوومەت: ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان (باشوور) لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، هەروەها دەسەڵاتی خۆڕاگری خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە (ڕۆژاوای کوردستان)، نیشانەی ئـەوەن کە کـورد تواناییی پێکهێنانی دەزگا حکوومییە کاریگەرەکانی هەیە.

٤. تواناییی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتەکانی تـر: هـەرێـمـی کـوردسـتـان، لـە ٣٠ وڵاتـی جیهاندا خاوەنی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسییە و پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ زۆرێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە.

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە یاسای نێودەوڵەتیدا: مافی دیاریکردنی چارەنووس لە یـاسـای نێودەوڵەتیی هـاوچـەرخـدا وەک یەکێک لە (یاسا نەگۆڕەکان Cogens Jus) نـاسـێـنـدراوە. ئـەم مـافـە لـە سـەرچـاوەکـانـی خوارەوەدا ڕەگی داکوتاوە:

١. پەیماننامەی نـەتـەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥)؛ لە بەندی ١ی بەشی ١دا بەڕوونی هاتوە: "پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوڕێیانە لە نێوان نەتەوەکاندا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان".

٢. پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافی مەدەنی و سیاسی (١٩٦٦)؛ لە بەندی ١دا هاتووە:" هەموو نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئەوان بەپێی ئەم مافە، دۆخی سیاسیی خۆیان ئازادانە دیـاری دەکـەن و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان بە ئازادی بەرەوپێش دەبەن".

٣. بڕیـاری ١٥١٤ی کۆبوونـەوەی گشتی (١٩٦٠)؛ ئـەم بڕیـارە کـە بـە "پەیماننامەی ئیـسـتـعـمـارشـکـێـن" نـاسـراوە، بـەڕوونـی دەڵێت:"هەموو نەتەوەکان مافی سەربەخۆیی هـەیـە". شـیـکـاریـی یـاسـایـیـی ئـەگـەری جێبەجێبوونی مافەکە، لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵـەتی، نـەتـەوەی کـورد دەتـوانێت لە دوو ڕێگەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی جێبەجێ بکات:

**یەکەم**، ڕێگەی ناوەکی :(Internal Self-Determination)

– دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لەنێو وڵاتەکانی ئێستادا

– پێکهێنانی دەزگـا خۆڕاگرییـەکان بە تواناییەکی فراوان

– مافی بەکارهێنانی زمان و پەروەردە بە زمانی کوردی

– بەشداریکردن لە سیستمی سیاسیی وڵات

**دووهـەم**، ڕێگـەی دەرەکـی:(External Self-Determination)

– ئەنجامدانی ڕاپرسیی سەربەخۆیی لەژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا

– پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر هەموو خاکی کوردستان

– پشتیوانی و ناسینی نێودەوڵەتی

### ڕەفـتـاری نـێـودەوڵـەتـی و نموونە سەرکەوتووەکان

دیوانی نێودەوڵەتیی داد لە ڕای ڕاڤەکاریی خۆیدا لە بارەی کۆسۆڤۆوە (٢٠١٠) بەڕوونی بڕیاری دەرکرد کە "ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی نیە". ئەم بڕیارە پێشینەیەکی یاسایی گرنگی بۆ هەموو نەتەوە بێدەوڵەتەکان دروست کردوە.

هەروەها نموونە سەرکەوتووەکانی تری وەک: تیمۆری ڕۆژهـەڵات (٢٠٠٢) ، سودانی باشوور (٢٠١١) و ئەریتریا (١٩٩٣) نیشان دەدەن کە لەژێر مەرجی دیاریکراو، جیهانی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکات. نەتەوەی کورد لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی، خاوەنی هەموو مەرج و پێکهاتە پێویستەکانی پێکهێنانی دەوڵـەت – نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کـورد نـەک تەنیا مافێکی یاساییە، بەڵکوو پێویستییەکی مێژوویی و مرۆییە.

### پێشنیارەکان:

١. دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی نەتەوەی کورد

٢. بەفەرمی ناساندنی کوردستان وەک پرسێکی یاسای نێودەوڵەتی

٣. پێکهێنانی کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان

٤. بەکارهێنانی میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێبەجێکردنی مافەکە.

### ڕۆڵی نەتەوەی کورد لە جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس

پێویستییەکانی جێبەجێکردنی مافەکە لە ڕوانگەی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی: جیهانی نوێ لە بارودۆخێکدا کە دادپەروەری و مافی مرۆڤ بنەڕەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن، پێویستە حەقانییەتی مافی نـەتـەوەی کورد وەک ڕاستییەکی یاسایی و مێژوویی قەبووڵ بکات؛ بـەڵام پێش هەموو شتێک، پێویستە نەتەوەی کورد باوەڕی تەواوی بە خۆی بێت وەک نەتەوەیەک کە شایانی بوون بە دەوڵەتی هەیە.



**سێ. پێویستیە نێوخۆییەکان:**

– دروستکردنی بیرۆکراتییەتی کارا و پسپۆڕ

– پێکهێنانی سیستەمی یاسایی و دادوەریی سەربەخۆ

– دروستکردنی ئابوورییەکی بەرهەمدار و خۆژین

– پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردەیی و زانستیی سەربەخۆ

**ب. پێویستییە نێودەوڵەتییەکان:**

– ناسینی نێودەوڵەتی لـەلایـەن وڵاتـە سەرەکییەکان و پشتیوانیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

– دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسیی کاریگەر

### ڕەوشتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە بەرەوپێشبردنی مافەکەدا

بەپێی تیئۆری "ئەرکی نەتەوەیی" لە زانستی سیاسەتدا، نەتەوەی کورد پێویستی بە ڕەوشتێکی سیاسیی نوێ هەیە کە لەسەر ئەم بنەمانەگە دادەڕێژرێت:

١. یەکگرتوویی نـەتـەوەیی کـە خـۆی لـەو تـەوەرانـەدا دەبینێتەوە:

– کـۆکـردنـەوەی هـەمـوو بـەشـەکـانـی نـەتـەوەکـە لەژێر پرۆگرامێکی هاوبەشدا

– دانانی ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەنەکان

– دروسـتـکـردنـی پلاتـفـۆرمـی هـاوکـاریـی نـێـوان پارتـە سیاسییەکان

٢. بەردەوامبوونی هەوڵەکانی لە ڕێگەی ئەم فاکتەرانە:

– بەکارهێنانی هەموو هێز و تواناییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکان

– خۆڕاگربوون لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکان

– بەکارهێنانی میکانیزمە جیاوازەکان لە ڕێگەی سیاسی و مەدەنییەوە

ئەم ڕێکارە پڕاتیکییەکانەش بۆ بەدەستهێنانی خۆڕاگری بەپێی شیکاریی یاسایی و ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان، ئەم ڕێکارانە پێشنیار دەکرێن:

یەکەم لە ئاستی ناوخۆییدا:

– دروستکردنی دەزگـا خۆڕاگرییەکان بە شێوەیەکی پلەبەپلە

– بەکارهێنانی هەموو پۆتانسییلەکان لە سیستەمی سیاسیی وڵاتەکان کە هەنووکە تێیدا دەژین

– دروستکردنی ئابوورییەکی پتەو و خۆژین

دووهەم، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا:

– ناساندنی پرسی کورد وەک پرسێکی نێودەوڵەتی

– بەکارهێنانی میکانیزمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

– دروستکردنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی لە مافی کورد

### دەرەنجام

نەتەوەی کورد لە قەیرانێکی مێژوویی‌دایە و پێویستی بە هەنگاوێکی پتەو هەیە. ئەگەرچی هەر پارچەیەکی کوردستان ناتوانێت بەتەنیا هەموو ئامانجەکان بەدەست بهێنێت، بەڵام لە ئێستادا دەبێت هەر پارچەیەکی کوردستان بەجیا هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسیی خۆی بدات.

گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدات و ئەگەری هەیە دۆخێکی نوێ بێتە ئاراوە. بۆیە نەتەوەی کورد پێویستی بە ئامادەبوونی ستراتیژی هەیە و نابێت بە کەمتر لە مافی نەتەوایەتیی خۆی قایل بێت. کورد پێویستە بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی بدات، هەرچەندە ئەم ئامانجانە بۆ ئەم کاتە جێبەجێ نەبن، لەسەر بنەمای "تیئۆریی بـەردەوامـبـوون" لـە سیاسەتدا، هەموو هەنگاوێکی بەرەوپێش بەنرخە، هەرچەندە بچووک بێت.

"ڕێگەی هـەزار مایل بە هەنگاوەکانی یەکەم دەست پێ دەکات"، ئەمە وتەیەکی کۆنی چینییە کە بۆ نەتەوەی کوردیش ڕاستە. هەر هەنگاوێک بەرەو پێشەوە، هەر چەندە بچووک بێت، بەڵام لە ڕێگای مافی نەتەوایـیدا گرنگە.

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# ئەو بووکەی لای خەزوورانی بنێشتی نەدەجاوی

ئەم خەڵکە خەڵکێکی سەیروسەمەرەیە. مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە هەتا سەردەمی پیری و ماڵئاواییخواستنی یەکجارەکی لەم خەڵکەی دەوروبەری، هەر دەڵێت: "ئاخیر زەمان و دونیا خەرا بوونە". کاتێک سەیری مێژووی دوورودرێژی بوون دەکەین و کاتی دروستبوونی "بوون" و ئەم گەردوون و مەردوون و ئەم زەوییە خڕومڕە بۆ میلیۆنان ساڵ بەر لە ئێستە دەگەڕێتەوە. مەبەست ئەم ئێستە یان ئێستایەیە ئێمە تێیدا دەژین. دیارە مەبەست لە ئێمە، من و تۆ و ئەوانی دیکەیە. بەڵام تۆ بەردەنگی منی و منیش ئاخێوەر بۆ جەنابت. لە نێوان ئەم دووەشدا کاتێک من ئەم فەرمایشتانەم لەم چەند دێڕەدا بەیان دەفەرمووم و خوای نەخواستە لەسەر کاغەز یان لە سایت و مایتان بڵاو دەکرێتەوە، هیچ بە دووری مەزانە وەک پیر و پێشینان دەڵێن: "بێلامانێ یەکێکمان پاشمان دابێتە کەنداڵ و ئاخرین تەقەی خۆمان کردبێت". یان لە منی ئاخێوەر و لە تۆی بەردەنگ، یەکێکمان بۆ هەمیشە فت بووبین، گەیشتبینە ئاخیر زەمان و دونیامان لێ خەرا بووبێ.

ئەمەی سەرەوە ئەوەیان نەبوو دەمویست باسی بکەم. "ئاخیر زەمانە" یان "بەرەبەرەی دونیا خەرا بوونە" ئیدیۆمێکە ئەوکاتەی باس لە شتێک دەکرێت، ئەگەر بە دڵمان نەبێت، تووشی سەرسوڕمانمان بکات یان لەگەڵ عەقڵۆکەماندا یەک نەگرێتەوە، دەیڵێینەوە.

زۆر بە قووڵی داوای لێبووردن لەو بەردەنگانەم دەکەم عەقڵی خۆیان بە گەورە و قەبە و خاوەن قەبارەی باش دەزانن. دیسان بە قووڵی و بە قووڵتریش داوای لێبووردنیان لێ دەکەم و مەبەستم لە "عەقڵۆکە" تەنیا عەقڵ و تێگەیشتنە بچووکەکەی خۆمە. لەو دونیا زل و زەبەلاحەدا کاتێک عەقڵەکان بە نقورچ و مشتەکۆڵە لە یەکتر دەکوتن و هەموویان بە "نەرمەغار" بۆ لای سەروو غار دەدەن، "عقل ناقص بندە" نە ئەوەندە بڕ دەکات و نە بۆ ئەمە دەبێت بچێتە لای سەروو.

ڕەنگە بپرسن بۆچی لەم کاتەدا ئیدیۆمی "بەرەبەری دونیا خەرا بوون"م بـەدەم داهـات؟ ڕاستییەکەی منیش وەک خەڵک و مێژوو وام. لـەمڵاوە بەردەوام ئەم دەستەواژانە لای ئەم و ئەو دەڵێمەوە و لەولاوەش ئەم دونیا خڕ و خۆڵە لە جێگەی خۆیەتی. دونیایەک هەم "خڕ"ـە و هەم "خۆڵ"ـە و هیچ خەراش نابێت و تەنیا بە گەرمداهاتن و ساردبوونەوە و تێرئاوبوون و وشکەساڵییەکانییەوە دەمانترسێنێت. زۆر جاریش کارمان بە گۆڕانی فیزیکیی دونیا نییە و بە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و مۆمەڵایەتی و کولتووری و مولتووری و سیاسی و میاسییەکانەوە هاواری دونیاخەرابوونمان لێوە بەرز دەبێتەوە.

ڕووداو یان پێواژۆیەکی سیاسی و زیاتر کۆمەڵایەتی بەردەوام بەتایبەت لە چل پەنجا ساڵی ڕابردوودا هەست پێ دەکرێت و بووەتە هۆی ئەوەی بەردەوام بڵێین بەرەبەری دونیا خەرا بوونە. ئەویش ئەمەیە لە نێو خێزان و خانەوادانادا گەورەیی و بچووکی نەماوە. دەگێڕنەوە هەتا ئەم ساڵانەی دوایـی، بـووک لای خەسوو و خـەزوور هیچ، تەنانەت لای شووەکەشی بنێشتی نەدەجاوی. بۆ هەموومان ڕوون و ئاشکرایە ئەمەیان لە ترسی ئەوە نەبوو خەسوو، خەزوور یان شوو، حەزیان بچێتە بنێشت و منێشت و لە حەژمەت ئارەزووی گەستنی ئەم پارووە نەرمونۆڵە و گەوزاندنی لە نێوان ددانی سەروو و ژێرووآندا ئاوی ئارەزوو عەیب نەبێت بە دەمیاندا بێتە خوار، بەڵکوو بووک بە نەجاوینی بنێشت لەو کاتانەدا ڕێزیانی دەگرت. یان لاوان لە خزمەت گەورەتر لە خۆیاندا دەست لەسەر سینە دەوەستان و ئەگەر داشنیشتبایەن، لەسەر ئەژنۆ دادەنیشتن. بەڵام ئێستا ئەم داب و نەریتانە زۆر نەریتی دیکەش بێ‌هێز بوونە و دۆخەکە بە تەواوی لە گرێژەنە چووە.

ئەوانەی نەوەی کۆنن و لەبیریانە، باش دەزانن چل و چەند ساڵ لەمەوبەر هەڵەیەکی نەخوازراومان کرد و هەڵلایەکمان ساز کرد و ناومان لێ نا ئینقلاب. دوای ئەم ئینقلابە پیاوانێک دەسەڵاتیان گرتە دەست ئەوکات سەر و ڕیشیان چەرموو ببوو، ئێستاش ئەم ڕیش و پەشمەیان وەک بەفری سەرانە و هەروا دەسەڵاتیان بە دەستە. پیاوی ئەوەندە حەکیم و چازان و شارەزایان تێدایە ئێستا لە جیات ئەوەی قسە بکات هەر بلمەبلم و بۆڵەبۆڵیەتی و ڕۆژانە دووسێ جار پاشەڵی پاک دەکەنەوە و پەڕۆپاڵی لێ دەگۆڕن. ئەم "پیاو"ە هەروا نزیکەی بیست پۆست و پلە و پایەی هەیە. دوای ئەوەی ئەو پیاوانە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەشێکیان منداڵانیان لێیان بوون بە ئامۆژگار و بە دەم و بە کردەوە ئامۆژگارییان کردن. هەر ئەو کابرایەی ئێستا بەتەمەنترین و بە ئەزموونترین پیاوی دەسەڵاتە، حوسێنی کوڕی دەستی‌کرد بە ئامۆژگاریکردنی و ئەویش ناچار بوو، زۆر شۆڕشگێڕانە کوڕەی ئیعدام کرد. ئەرێ چاکی نەکرد ئەو سەرەخۆرەیەی لە کۆڵ کردەوە؟

هەر ئەو "ڕوحوڵڵا زەمم"ەی ئەم ساڵانەی دوایی وەک کۆترەبارێکە لە بەغدا دانیان بۆ ڕۆ کرد و لەو سەری دونیای بێ‌وەفاوە هێنایانەوە ئەم تارانە و دوای ئەوەی لەبەرانبەر کامێرای تەلەفزیۆندا دەمیان پێ داپچڕی و دژی خۆی قسەی کرد، پاشان کوشتیان. ئەویش لە باوکی هەڵگەڕابووەوە

هەر ئەم ورمێیەی خۆمان کابرایەکی لێ بوو ناوی "غولامڕەزا" بوو. ئەم "نۆکەری ڕەزا"یە، سێ چوار کوڕ و بووکی لێ هەڵگەڕابوونەوە. بووکێکی زۆر لە بنێشت جاوین ئەولاتری بەرانبەر بە خەزووری کردبوو. لە جیاتی ئەوەی بنێشت بە دەمی بجاوێت، ئەم دەمەی دەخستە نێو باس و خواسی سیاسی و پشتگیریی چەپ و مەپی دەکرد و فاکت و نموونەی لە لینین و مێنین دەهێنایەوە. کاک غولامڕەزاش ئەوکات حاکمی بێ ئەملا و ئەولای ورمێ بوو و لە بازرگان و سەڵماسەوە هەتا سەردەشت، بانە و بۆکان و سائینقەڵا هەموو شتێکی بەدەست بوو. زۆر جار دەمی دە کاروباری سنە و کرماشان و ئیلامیش وەردەدا. کوڕانی ئەم غولامڕەزایەش لێی هەڵتۆزیبوونەوە و باوکی خۆیان بە گەمژە و بێ‌عەقڵ ناو دەبرد، بۆیە باوکیان "ڕەشید"یانی گوللەباران کرد و "وەحید" و "ڕەحیم"یش دوای ماوەیەک لە ترسی ئیعدام لە زیندان گەڕانەوە و لەماڵەوە قوونیان دایە سەر دەپێی خۆیان. ئێستاش "غولامڕەزا" چووەتەوە ژێرخاک و لە ژێرەوە دەستەملانی مار و مێروانە و هەر ئاگداری ئەمەش نییە بووکەکەی لەکوێ بنێشت دەجاوێت.

# KURDI STAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO: 906 21 November 2025

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com

info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv

Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149

polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:

info@kurdistanmedia.com

ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:

Tashkilat.kdp92@gmail.com


# ”خزمەتێک بە بارستایی تەمەن“، کۆڕیادی ڕێزگرتن لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە واشنگتۆن










ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشینگتۆن (مێراو) بە مەبەستی ڕێزگرتن لە تەمەنێک خزمەتی پڕلەشکۆی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبیی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕیادێکی لەژێر ناوی «خزمەتێک بە بارستایی تەمەن»دا بەڕێوە برد.

ئەم کۆڕیادە ڕۆژی شەممە، ٢٤ی خەزەڵوەر (١٥ی نۆڤامبر) لە واشینگتۆن بەڕێوە چوو و، هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی مامۆستا حەسەنزادە. لە سەرەتاشدا سەیران شەرەفی، بەڕێوەبەری کۆڕیادەکە ڕایگەیاند کە مەبەست لە گرتنی ئەم کۆڕیادە جگە لە ڕێزگرتن لە کەسایەتیی مامۆستا ئەوەیە کە تێیدا باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بکرێ و نەوەی نوێ بتوانێ ڕاستەوخۆ و وردتر لەم ڕەهەندانە بڕوانێ.

لە بڕگەی یەکەمی کۆڕیادەکەدا ویدیۆیەک پیشان درا کە تێیدا کۆمەڵێک لە هاوسەنگەران و هاوڕێبازانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بوون، لە ڕوانگەی خۆیانەوە باسیان لە کەسایەتیی مامۆستا حەسەنزادە دەکرد. مستەفا مەولوودی، محەممەدنەزیف قادری، حەسەن ڕستگار، سمایل بازیار، حەسەنی شەرەفی، خەدیجە مەعزووری ، عومەر باڵەکی، مستەفا شڵماشی، باباعەلی مێهرپەروەر و گوڵاڵە شەرفکەندی ئەو بەڕێزانە بوون کە لەو ڤیدیۆیەدا لەسەر کەسایەتیی مامۆستا حەسەنزادە دوابوون.

لە بڕگەی دواتری کۆڕیادەکەدا ناسر باباخانی، بەرپرسی ناوەندی میراو وتارێکی پێشکەش کرد لەژێر سەردێڕی «فرەڕەهەندی و شوێندانەری» و لە وتارەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە هەندێک کەسایەتیی تایبەت لە مێژووی سیاسەت و ئەدەبی کوردیدا هەن کە دەکرێ بە نەوەیەکی زێڕینیان ناودێر بکەین. بەڕێزیان بە ئاماژە بەوە کە مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن و مامۆستا زەبیحی وەچەیەک لەو نەوە زێڕینەی کوردن، گوتی لە وەچەی دواتر دەبێ ئاماژە بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بکەین و هەموو ئەو بلیمەتانە کەسایەتیی فرەڕەهەند بوون و ئەو فرەڕەهەندییە و قووڵایی ڕەهەندەکانیان لەنێو کۆمەڵگەدا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب، سیاسەت و ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیریدا دەبێتە هۆی سازبوونی ڕەوت یان شەپۆلێکی فکریی گرینگ لە کۆمەڵگەدا. ناسر باباخانی بە هەڵکڕاندنی ئەو ڕەهەندانە لە ژیان و ئاسەواری مامۆستا حەسەنزادە ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێ تەواوی ئەو ئایتێمانە لە بۆچوونەکانی بیرمەندێکی ئاوانگاردی وەک «گرامشی»دا، واتە سێ چەمکی هێژیمونی، بلۆکی مێژوویی و هەروەها ڕووناکبیریی ئۆرگانیک بە شێوەیەکی تەتابوقی لەنێو ئاسەوار و ژیانی مامۆستا حەسەنزادەدا بدۆزیەوە و ئەوە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی مامۆستا لەنێو جیلە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا شوێنپەنجەی بە تەواوەتی دیار بێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا ڤیدیۆیەک پێشان درا کە لەودا چەند ئەکادیمیسییەنێکی باشووری کوردستان باسیان لە ڕۆڵ و پێگەی بەرزی ئەدەبیی مامۆستا حەسەنزادە کردبوو کە توانیویەتی پردێکی پێوەندیی پتەو لە نێوان نووسەران و ڕووناکبیرانی شەش دەیەی ڕابردووی کورد لانیکەم لە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا هەڵبەستێ. دوکتور کوردستان موکریانی، مامۆستا مومتاز حەیدەری، دوکتور شوکرییە ڕەسووڵ، دوکتور عوسمان دەشتی و مامۆستا ئازاد عەبدولواحید ئەو نووسەر و ئاکادیمیسیەنانە بوون کەو ڤیدیۆیەدا لەسەر پێگەی ئەدەبیی مامۆستا دوابوون.


لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا جەلیلی ئازادیخا، وتەبێژی کوردانی نیشتەجێی ئەمریکا (کەی ئەی سی) وتارێکی لەسەر پێگەی سیاسی و ئەدەبیی مامۆستا حەسەنزادە و شوێنپەنجەی لەسەر ڕووداوە سیاسی و ئەدەبییەکانی نیوسەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. لە بڕگەی کۆتایی کۆڕیادەکەشدا پەیامی ڤیدیۆیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بڵاو بۆوە کە جگە لە دەربڕینی سپاس و پێزانینی خۆی بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆڕیادە، باسێکی لەسەر گرینگیی ئاوڕدانەوەی هەمەلایەنەی هەمووان لە بابەتی گرینگی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردی کردبوو.

شایانی باسە لەم کۆڕیادەدا کە زیاتر لە دوو کاتژمێر و نیوی خایاند، شاندەکانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، لقی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەمریکا و کانادا، مەڵبەندی واشنگتۆنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ناوەندی کوردانی ئەمریکا بەشدار بوون.

بەر لە ماڵاوایی

# زمان، دەسەڵات و ڕەگەز:

# سێکسیزم لە کولتووری سیاسیی گوتاری کوردیدا



نەهیە خۆشکەلام

زمانی سیاسی ئامرازێکی بێلایەن نیە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکوو ئامرازێکی دەسەڵاتە. کێ قسە دەکات، کێ دەبیستێت و چۆن ناوی شتێک دەهێنرێت، ڕەنگدانەوەی پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. سەرنجدان بە میکانیزمی وتەبێژی و کاردانەوەکانی و ڕەنگە بە تایبەتیش لەو کۆمەڵگەیانەدا کە خۆیان دژی ستەم دەجەنگن گرینگی تایبەتی هەیە.

لە سیاسەتی کوردیدا کە دەیان ساڵە لە نێوان بەرخۆدان و شۆڕش و سەرکوتی چوار دەوڵەتی پاوانخوازی تا سەر ئێسقان دژ بە کورد گیری کردوە، سیاسەتی کوردی لە لایەک زمان وەک ئامرازی بەرخۆدان و ڕزگاری بەکاردەهێنێت و بەو زمانە باس لە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەنێو خودی کۆمەڵگەی خۆیدا ئەم زمانە گەلێک جار تیایدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتە کۆنەکانی پیاوسالاری یان پاوانخوازانە دەبینرێت کە دەکەوێتە پارادۆکس لەگەڵ ئەو ئایدیایەی کە بانگەشەی بۆ دەکات.

تەنانەت ئەگەر بزووتنەوەکە لە دەرەوە خەبات بۆ ئازادی بکات، زۆرجار لە نێوخۆیدا ئەو توندوتیژییانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی زبر و نەشیاو وەبەرهەم دینێتەوە و ئاشکرای دەکات کە هێشتا زۆری ماوە تا بتوانێت خۆی لەو بیرۆکەی پیاوسالاری لە نێوخۆدا ڕزگار بکات. جا لەوێدا دەر دەکەوێت کە زمان تەنیا ئامرازێک بۆ خەبات نیە، بەڵکوو هاوکات ئەوەش نیشان دەدات کە هێشتا ئەو خەباتە لە کوێدا سەرنەکەوتوە و تا پێ دەگات چەندەی دژواری لە بەردەمدایە

زمانی سیاسی هەمیشە دەربڕینی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە و لە کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا بە شێوەیەکی ئاگا و نائاگا ئەو پێکهاتانە وەبەرهەم دەهێنرێنەوە کە ژنان لە باسە بنەڕەتییە جەوهەرییەکان بەدەر دەکەن یان زمانی سووک دژ بە ژنان تیایدا بەکار دەهێنرێت و گەلێک جاریش سیستماتیک بۆ کوتانی لایەنیتر ئیستفادەی ئامرازی لە ژن دەکرێت. هەڵبژاردنی وشە، فۆڕمی ئاخاوتن، نەخشەی ڕیتۆریکی و نەبوونی دیدگای ژنانە لە دەقە فەرمییەکان یان وتارەکاندا بەڕێکەوت نیە، بەڵکوو بەشێکن لە نەزمێکی ڕەمزی قووڵی چەسپاو. ئەم دینامیزمە لە بەشێکی زۆر لە بزووتنەوەی کوردیشدا کە خۆی بە شۆڕشگێڕ دەبینێت، بەدی دەکرێت. زمانی سیاسەت زۆرجار بە پیاوسالاری و قارەمانانە و میلیتاریستی دەمێنێتەوە و تیایدا ژنان زۆر جار وەک «پاڵەوانێک بە دڵی ئەوان» یان «دایکێکی میهربان» یان «ناموسی پیاوان» دەردەکەون، بەڵام بە دەگمەن وەک ئەکتەرێکی سیاسی یەکسان بە دەنگی خۆیانەوە دەبینرێن.

بۆچی کاتێک کە «ژن، ژیان، ئازادی» دەبێت بە دروشم لە واقیعدا پێوستە وەک شۆڕشێکی زمانەوانی و داڕشتنی ڕێزمانێکی نوێ ڕزگارییش چاوی لێ بکریت و بۆچی کە پێوستە بە تایبەت ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە هەڵگری ئەو دروشمە دەزانن، بە وردبوونەوەیەکی قووڵ و زیاتر چاو لە دەور و ڕۆڵی وشەکان لە سەر فۆڕمگرتن و پێگەی ژنان لەنێو خودی ئەو ڕەوتانە کە ئەوان نوێنەری دەکەن بکەن و سەرنج بخەنە سەر ئەو بابەتە گرینگە، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەسپێرمە دەست خودی ژنانی نێو ئەو ڕەوتانە و هیوادارم کە نەک لە ڕوانگەی چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای حیزبییەوە بەڵکوو بەرپرسانە و بە خەمخۆریەوە سەبارەت بەم مژارە گرینگە هەڵسوکەوت بکەن.

«ژن، ژیان، ئازادی» ئەم فۆرموله ڕەهەندییە کە ئاستی ئۆنتۆلۆژی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەکانی سیاسی بۆ داڕشتن و ڕێکخستنەوەی ئازادییە سیاسیەکان لە جێگەیەکدا پێکەوە دەبەستێتەوە ئەمەش بەو مانایەیە کە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە یەک کاتدا چەند ئاستێکی بوونی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، بەم شێوەیە کە داوای ئەو دروشمە تەنیا داواکارییەکی سیاسی نیە، بەڵکو گوزارشت لە تێڕوانینێکی هەمەلایەنە دەکات بۆ بوون و پێکەوەژیان لەنێو کۆمەڵگە.

بەم پێیە، تەرکیز تەنیا لەسەر ڕزگارکردنی ژنان نیە بەڵکوو لەسەر ڕێکخستنەوەی قووڵی بیرکردنەوەشە. زمان دەبێتە فەزای بەرخۆدان لە دژی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی پیاوسالاری و کۆلۆنیالیزم و بەداخەوە جێبەجێکردنی ئەم ئایدیایە پێشکەوتووخوازانە تەنانەت لەنێو خودی ئەو حیزبانەش کە خۆیان بە هەڵگری ئەو دروشمە دەزانن بە دووفاقی ماوەتەوە. وتارەکان، پلاتفۆرمە حزبییەکان و مشتومڕە گشتیەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ڕەهەندی یەکسانیخوازی زۆرجار لە ڕووی تیئۆری ڕیتۆریکییەوە جوان پیشان ئەدرێت و بانگەشەی دەکرێت بەڵام بەکردەوەکردنی لە لایەن ئەو پێکهاتانە کە خەباتی سیاسی دیاری دەکەن زۆر سنووردارە.

زۆرێک لە ژنان نە تەنها ژنانی سادەی کۆمەڵگە بەڵکوو ژنانی خەباتگێڕیش بەردەوام لە کەشی پیاوانەی نێو ئەو حیزبانەدا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی زۆر زیرەکانەی زمانەوانی ئەو هێزەی کە سیاسەت لە ناو حیزبەکاندا دیاری دەکات واتە هێزی پیاوانە دەکەونە هەڵاواردن و گەلێک جاریش خودی ژنەکانن کە بە زمانێکی ژنانە ئەو سیاسەتی هەڵاواردن و پەراویز خستنە بەڕێوە دەبەن.

ڕەخنە لەم میکانیزمانە بە مانای ئاماژەی پرسیاردانان بەرامبەر خەباتی ئازادیخوازی میللەتی کورد نیە، بەپێچەوانەوە دەربڕینی پێگەیشتنی ئەو خەباتەیە. بزووتنەوەیەک کە لەپێناو ئازادیدا تێدەکۆشێت، دەبێت ئامادە بێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە بیر لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی خۆی بکاتەوە.

شێوازی قسەکردنی بزووتنەوە سیاسییەکان داهاتوویان دیاری دەکات. بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز لە درێژخایەندا تەنیا کاتێک دەتوانێت زمانی خۆی لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی باوکسالارانە ڕزگار بکات کە بەرهەڵستی ڕەخنەکان نەکات و بەردەوام پێداچوونەوە بە سەر ڕووداوەکان و کردەوەکانی ئەو ڕەوتە بکات و ئەمەش بە واتای ئەوەیە بەشداریکردنی ژنان نەک تەنها بە شێوەیەکی ڕەمزی بێت، بەڵکو لە واقیعدا جەوهەری ئەو بەشدارییە بچەسپێت و ژن لە هەموو پرۆسە سیاسییەکاندا خاوەنی قسەی خۆی بێت، نەک ئەوە کە نوسراوەیەکی بۆ بنووسرێت و ئەویش فەرمانەکان جێبەجێ بکات. پێوست بە تێگەیشتنە لە زمان و دیدگای و فۆرمەکانی دەربڕینی خودی ژن وەک بەشێکی دانەبڕاو لە کولتووری سیاسی.

بەرەنگاربوونەوەی زمانی سێکسیستی پرسێکی پەراوێزی، پرسێکی جوانیناسی یان تەنانەت نیشانەی ڕاستگۆیی سیاسی نیە، بەڵکوو پێوەرێکە بۆ پێگەیشتنی بزووتنەوەیەک. شۆڕشێک کە تەحەدای پیاوسالاری بکات، دەبێ لە زمانی خۆیشدا بەسەر میکانیزمەکانی ئەو دیاردەیە کە هێز بە پیاو مەزنی ئەدات زاڵ بێت.

زمان بناغەی هەموو نەزمێکی سیاسییە و لەو شوێنەی کە وشەکان ئازاد دەکرێن، ئەگەری بیرکردنەوەی نوێ دەست پێ دەکات. بۆیە گۆڕینی زمانی سیاسی بابەتێکی لاوەکی نییە، بەڵکو هەنگاوی یەکەمە بۆ گۆڕینی خودی دەسەڵات.

ئایندەی سیاسەتی کوردی و هەر کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بەوە پێوانە دەکرێت کە ئایا ئەو ئازایەتییە بۆ هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوەی وشەسازیی دەسەڵاتی خۆی دەدۆزێتەوە یان نا.

ئازادی لە وەبەرهێنانی بیرێکی ئازاد لە سەرەتاوە لە هەڵبژاردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکانەوە دەست دەست پێ دەکات، چونکە خودی ئازادی لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە وشەکان ئازاد دەکرێن! ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا هاوارێک نییە لە شاخەکانی کوردستانەوە، بەڵکو ئیمتیازێکی جیهانییە!